شێرکۆ حەمەئەمین قادر

شێرکۆ حەمەئەمین قادر

# شیکارکردنێکی گوتاریی هەواڵ

لە بڵاوکراوەکانی

مەڵبەندی کوردۆلۆجی

٣

**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران**
**مەڵبەندی کوردۆلۆجی**

- **نووسەر: د. شیرکۆ حەمەئەمین قادر**
- **ناوی کتێب: شیکارکردنێکی گوتاری چیرۆکە هەواڵ**
- **پیتچنین: نووسەر**
- **دیزاین و سەرپەرشتیی چاپ: بریار فەرەج کاکی**
- **بەرگ: کەمال عەلی**
- **ژمارەی سپاردن: ٢٤٥١/ ساڵی ٢٠٠٩**
- **چاپخانە: رەنج/ سلێمانی**
- **تیراژ: ١٠٠٠ دانە**
- **نرخ: ٢٠٠٠دینار**
- **زنجیرە: ٤٦**

مەڵبەندی کوردۆلۆجی
ناونیشان: سلێمانی، گردی ئەندازیاران- گەڕەك/ ١٠٥، كۆڵان/ ٢٥، ژ.خانوو/ ٤، ژ. پۆست/ ٩٥
تەلەفون: ٣١٩٣٠٩٣
www.kurdology.com
kteb@kurdology.com

# ناوەرۆك


| | |
|---|---|
| **پێشەكی** | **٧** |
| **بەشی یەكەم چەند چەمكێكی پێویست** | **٩** |
| سەرەتا | ١١ |
| چیرۆكە هەواڵ | ١١ |
| رەگەزەكانی چیرۆكە هەواڵ | ١٣ |
| بەهاكانی چیرۆكە هەواڵ | ١٦ |
| پێكهاتەی چیرۆكە هەواڵ | ٢١ |
| بۆتەكانی دارشتنی چیرۆكە هەواڵ | ٢٥ |
| گرنگیدان بەگوتارو شیكاركردنی گوتار | ٣٠ |
| گوتار چییە ؟ | ٣١ |
| شیكاركردنی گوتار | ٣٣ |
| رێزمانی گوتار | ٣٥ |
| **بەشی دووەم دارشتنی زمانی چیرۆكە هەواڵ** | **٤١** |
| سەرەتا | ٤٣ |
| دەقو نادەق | ٤٣ |
| پتەوی دەق | ٤٤ |
| لكاندنی رێزمانی | ٤٥ |
| لكاندنی وشەیی | ٨٣ |
| دەقایەتی | ٩٥ |
| جیاوازی نێوان پتەوی دەقو دەقایەتی | ٩٦ |
| دەقی ژمارە ( ١ ) | ٩٧ |
| دەقی ژمارە ( ٢ ) | ١٠٠ |
| **بەشی سێیەم دارشتنی رەگەزی چیرۆكە هەواڵ لەرۆژنامەی كوردیدا** | **١٠٣** |
| سەرەتا | ١٠٥ |
| دارشتنی رەگەزی چییە؟ | ١٠٥ |
| دارشتنی چیرۆكە هەواڵە كامڵەكان | ١٠٥ |
| دارشتنی چیرۆكە هەواڵە ناكامڵەكان | ١٢٠ |
| چیرۆكە هەواڵ لەنێوان كەرەستەی دراو و لابراودا | ١٣٣ |

رەگەزەکان "کەرەستەکان" لەنێوان دەرکەوتن و دەرنەکەوتندا ١٣٤
ڕێڕەوی ریزبوونی رەگەزەکان ١٣٤
رەگەزە پێکهێنەکانی ناونیشانی چیرۆکە هەواڵ ١٣٥
رەگەزەکان بەپێی رێژەی دەرکەوتنیان لەناونیشاندا ١٣٦
پەیوەندی نێوان کەرەستەو جۆری رستەکە ١٣٦
پەیوەندی نێوان کەرەستەو چۆنیەتی دەربڕینی ١٣٧
**بەشی چوارەم داڕشتنی زانیارییانەی چیرۆکە هەواڵ، یان بنەوبار لەهەواڵدا** ١٤١
سەرەتا ١٤٣
رستەو پاش رستە لە روانگەی ئەرکەوە ١٤٣
داڕشتنی زانیارییانە چییە؟ ١٤٥
چۆنیەتی دابەشکردنی زانیاری ١٤٧
**کورتەی باسەکە بە زمانی ئینگلیزی** ١٧٠
**ئە نجام** ١٧١
**سەرچاوەکان** ١٧٢
**لیستی زاراوەکان** ١٧٩

**پێشکەشە بە :-**

**➢ مامۆستای بەرێزم پرۆفیسۆر محەمەد مەعروف فەتاح ،کە سەرپەرشتیی دکتۆرانامەکەمی کردووە.**

**➢ رۆحی پە پوولەیی دایکم و باوکم.**

**➢ هاوسەری ژینم و جگەر گۆشەکانم**

**دیاکۆ**

**دەریا**

**دیما**

# پێشەکی

ئاستی پاش ڕستە لە زمانەوانی کوردییدا، بەراورد بە لایەنەکانی دی خزمەتێکی ئەوتۆ نەکراوە لەم ڕووەوە کتێبخانەی کوردی هەژارە، ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر پاساوی خۆی هەیە، چونکە کارکردن لە شیکردنەوەی پاش ڕستەدا، کە دەچێتە چێوەی قوتابخانەی ئەرکییەوە لە جیهاندا بوارێکی نوێیە، بە تایبەتی ئەو ڕێبازە زمانەوانییەی (ڕێبازی زمانەوانی نمونە شیکاری – corpus linguistics)، کە لە ئەم کتێبەدا نمونەکانی پێ شیکراوەتەوە، بۆ یەکەم جارە لە زمانی کوردیدا کارێکی لەم شێوەیە بە ئەنجام دەگەیەنرێت، لە لایەکی دییەوە شیکارکردنی گوتار لە تەك گریمانەی پێشەکی و تیۆری کردە قسەییەکان و ڕاڤەکردنی دەق (هێرمۆنتیك)... بەشەکانی زانستی واتای پراگماتیکی پێکدەهێنن، ئەمەش بۆ زمانەوانی کوردی یەکجار نوێیە، خاڵێکی دی کە پێویستە بنووسرێت، وەرگرتنی نمونەکان لە ڕۆژنامە جوراوجۆرە کوردییەکانەوە، کە ئێستا بڵاودەبنەوە، ئەمەش بەستنەوەی ڕاگەیاندن و زمانە بە یەکدییەوە، کە بۆ ڕۆژنامەوانی کوردی و ئەو کەسانەی لە بەشی هەواڵدا کاردەکەن بایەخی خۆی دەبێت هیچ کارێکیش بەبێ کەموکورتی نابێت، بەهیوای هەڵسەنگاندنی بابەتییانە و زانستییانەی خوێنەر، کە ببێتە ڕێنوێنی کاری ئایندەمان، تا بتوانین باشتر خزمەتی زمانەوانی کوردی بکەین.

دواشت کە پێویستە بنوسرێت ئەم بەرهەمە لە بنەچەدا نامەیەکی دکتۆرایە لە زمانی کوردیدا، پ. د. محەمەد مەعروف فەتاح، سەرپەرشتیکردووە و لە کۆلێژی زمانی زانکۆی کۆیە گفتوگۆی لەسەرکراوە و بە پلەی (نایاب) پەسەندکراوە.

شێرکۆ حەمەئەمین قادر

کۆیە ٢٠٠٩/١١/١١

# بەشی یەکەم

# چەند چەمکێکی پێویست

## سەرەتا:

سروشتی مرۆڤو پەیوەندی بەکۆمەڵەوە، بەجۆرێکە هەمیشە بەدوای هەواڵو دەستخستنی زانیاریدا دەگەڕێت، جالە هەر بوارێکدا بێت، لەڕۆژگاری ئەمرۆشماندا، پێشکەوتنو گۆڕان، بەچەشنێکە هۆیەکانی ڕاگەیاندن سنوریان نەهێشتووە، لەم ڕوانگەوە هێندەی تر هەواڵو دەست گەیشتن بەسەرچاوەکانی، لای خەڵكو بەتایبەتی ڕۆژنامەوانان، بایەخی زیادبووە، ئەم گرنگییەی هەواڵ وایکردووە، هەندێك کەس بڵێن "ئەو گەلەی هەواڵە ڕاستەقینەکانی لێ زەوت دەکرێ، لەئێستادابێ یا لەداهاتوو بۆ بنەماکانی ئازادی هەژار دەبێ" ((شێرکۆ: ٢٠٠٧: ٥٢)) بەم پێیە زانینو ئاگاداربوون لەهەواڵ لەگەڵ ئازادی مرۆڤ، دوانەیەکی تەواوکەری یەکترن، دیارە ڕۆژنامەش لەم بوارەدا. ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت، بۆیە "ڕۆژنامەی هاوچەرخ، بەڕۆژنامەی هەواڵ دادەنرێت" ((ئازاد: ٢٠٠٥: ٧٣)).

"بەکارهێنانی وشەی هەواڵ بۆ چاخی ناوەڕاستی زمانی ئینگلیزی دەگەڕێتەوە، بەواتای زانیاری نوێ سەبارەت، بەڕووداوە تازەکان" ((Rasul: 2006: p32)) هەموو هەواڵێکیش زادەی ڕوداوێکە، ڕوداویش خاوەن چیرۆکێکە، بۆیە بەکارهێنانی "چیرۆکەهەواڵ" بەپەسەند دەزانین.

## چیرۆکە هەواڵ:

وەك ژانرێکی سەرەکیی بواری ڕاگەیاندن، بەتایبەتی ڕۆژنامەوانی، سەرنجی پسپۆڕانی بواری ڕاگەیاندنی ڕاکێشاوە، پێناسەی زۆری لەبارەوە وتراوە، بەگشتی لەدوو لایەنەوە، سەیریانکردووە:.

١. لایەنی کۆمەڵایەتیو پیشاندانی ڕای گشتیو وێنەی ڕاستی ڕوداوەکە، کەتێیدا مرۆڤ دەور دەبینێت.

٢. ئەو لایەنەی، لەڕوانگەی خاسیەتو بەهاکانی هەواڵەوە، دەڕوانێتە پێناسەی هەواڵ.((Black: 1997 : p4))

لێرەدا هەندێك لەو پێناسانە دەخەینەڕوو:.

-لۆردنور سکلیف: "چیرۆکە هەواڵ، وروژێنەرەو دەرچوونە لەحاڵەتی ئاسایی."((فاروق‌ولیلی: ٢٠٠٠: ٧١))

کۆنترین پێناسەیە، ساڵی ١٨٦٥ کراوە، نموونەش بەوە دێنێتەوە، "ئەگەر سەگێك قاچی پیاوێك بگەزێت هەواڵ نییە، بەڵام ئەگەر پیاوێك قاچی سەگێك بگەزێت، ئەوە هەواڵە" ئەمەیە دەرچوون لەحاڵەتی ئاسایی، هەروەك دەرکەوتووە، جوانی هەمیشە لەشتی نائاساییدایە، ئەم نموونەیە لەزۆر کاتدا وەك سەرەتایەك بۆ فێربوونی هەواڵنووسیی بەکاردێت.

- کۆرتیس ماکدۆگاڵ: "هەوڵە ئەکادیمییەکان ڕاستی ئەوەیان دووپاتکردۆتەوە، کەهەواڵ ڕاپۆرتێکە لەسەر ڕووداو، نەك خودی ڕووداوەکە" ((کۆرتیس: ٢٠٠٥: ل١٣))

- "چیرۆکە هەواڵ، گواستنەوەیەکی سادەو بێگەردی ڕووداوەکانی هەنوکەیە."((یونس: ٢٠٠٧: و.کارزان: ل١٢))

- "چیرۆکە هەواڵ، ئەو شتەیە، کەڕوودەداتو بەلای خەڵکەوە گرنگە."((عبداللطیف: ٢٠٠٢: ل٨٨))

- "چیرۆکە هەواڵ، باسێکی کورتی ڕووداوێکە، خودی ڕووداوەکە، نییە."((کازمی: ٢٠٠١: ل٧٨))

- فرایزەر بۆند: "چیرۆکە هەواڵ، ڕاپۆرتێکی کاتییە لەسەر شتێکی سەرنجڕاکێش، بەلای مرۆڤەوە، هەواڵی باشیش ئەوەیە، لای زۆرترین خوێنەر، بەهاداربێت"((Fraser: 1973: p78)).

- عبدالستار جواد "چیرۆکە هەواڵ ئەو شتەیە، کە لەوەوبەر نایزانین، یان لەبیرمانکردووە، یا پێشتر لێی تێنەگەیشتووین."((عبدالستار: ٢٠٠٢: ل٤٣))

- مەغدید سەپان :"گرنگترین مەبەست لەهەواڵ، گەیاندنی ڕووداوێکە، کە لەڕاستیدا ڕوویدابێ یان بەم نزیکانە ڕووبدات."((مەغدید: ٢٠٠٥: ل١٥))

ئەمانەو زۆر پێناسەی تریش، بەردەوام بەپێی گۆڕانو بەرەو پێشچوونی باری سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئامانجی ڕۆژنامەو دەزگاکانی ڕاگەیاندن، گۆڕانیان بەسەردا دێت، ئەمە وامانلێدەکات پێناسەیەکی تەواوو گونجاو، کەهەمووو لایەك کۆك بین لەسەری، بۆ ئەم ژانرە ڕۆژنامەییە، ئاسان نەبێت، چونکە "هەواڵ گرێدراوی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤە، بەم هۆیەوە هەمیشە لەناجێگیریو گۆڕاندایە، ئەم گۆڕانەش وایلێدەکات، کەناساندنو دەرخستنی ئاسان نەبێتو ببێتە بابەتێکی فرە لێکدانەوە."((حسین وسنا : ٢٠٠٤: ل٤٧))

کەواتە هەواڵ، چەمکێکە هەڵگری پێناسەو چەندوچوونی زۆرە، ئەمەش د.جون هۆهنبرگ-ی گەیاندۆتە ئەو ڕایەی، بڵێت "ناکرێت، هەواڵ لەپێناسەیەکی دیاریکراودا سنوردار بکرێت، بۆیە دەشێت بڵێین هێندەی ژمارەی ڕۆژنامەنووسان، پێناسەش، بۆ هەواڵ هەیە."((هەڤاڵ: ٢٠٠٧: ل١٦١))

دوای وردبوونەوە لەو ڕاستییانەو بە لەبەرچاو گرتنی ژانری چیرۆکە هەواڵ، وەك بابەتێکی زانستە مرۆڤایەتییەکان، هەمەجۆری‌و پێناسەی زۆرو فرەلێکدانەوە بۆی، بەکارێکی ئاسایی، وەردەگیرێت، بەڵام ئەمە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت، کەسەرجەمی پێناسەکان، ئەو ڕاستییە دەگەیەنن، کە "ڕووداو" بنەمای پێکهاتنی چیرۆکە هەواڵە، هەموو ڕووداوێکیش خاوەنی چیرۆکێکە، واتە هەڵگری چەمکی کەس‌و کات‌و شوێن‌و چی‌و چۆنە.

## ❑ ڕەگەزەکانی چیرۆکە هەواڵ:.

چیرۆکە هەواڵ، دەبێ وەڵامی کۆمەڵێك پرسیار بداتەوە، کە بەڕەگەزەکانی هەواڵ ناسراون‌و بریتین لە "کێ، کەی، لەکوێ، چی، لەبەرچی، چۆن"(( عبدالنبی: ٢٠٠٣: ل١٤٤))

وەڵامی ئەم پرسیارانە، دەبنە ئەو زانیارییانەی، کە لەفۆرمی چیرۆکە هەواڵدا، بەوەرگر دەگەن.

١. **کـێ** : گرنگی ئەم ڕەگەزە بۆ ڕووداوەکە، لەڕەهەندی مرۆڤایەتیدایە، بەباش، یان خراپ، واتە کێ دەستی لەخوڵقاندنی ڕووداوەکەدا هەبووە، بکەر یان ئەوانەی تێوە گلاون، کێن، لەسەر بنەمای پلەو پایەی کۆمەڵایەتی، ناوبانگ، پایەی ئاینی، تەمەن، پلەی پارت‌و حکومەت، دیاریدەکرێت، وەك:

١-سەدام دەیەوێ جاش دروستبکاتەوە ...

ڕێگای کوردستان

١٤-١١-١٩٩٦

٢- سەرۆك تاڵەبانی‌و نوری ئەلمالکی لەسلێمانی کۆدەبنەوە ...

کوردستانی نوێ

١٦-٣-٢٠٠٧

٢. **لەکوێ** : گرنگی ڕەگەزی شوێن لەوەدایە، سەرنجی خوێنەر، بەلای ڕادەی پەیوەندی بەهەواڵەکەوە ڕادەگرێت، وەرگر ڕادەی کاریگەری باش یان خراپی، هەواڵەکەی، لەسەر ژیانی، لاڕووندەبێتەوە، واتە هەستی دڵنیاییو دڵەڕاوکێ دەوروژێنێت، وەك:

٣- لەئامێدی نەوت دەردەهێنرێت ..

ڕۆژنامە

٢٦-١١-٢٠٠٧

٤- دیسان تورکیا سنوری هەرێمی کوردستان دەبەزێنێت ..

ڕێگای کوردستان

١٩-١-١٩٩٧

٣. **کەی** : بەهای تازەیی. هەواڵ دیاریدەکات، هەواڵەکان وەك هەڵگری چەمکی شوێنن ئاواش خاوەنی بەهای کاتن، کە بۆ خوێنەر، جێی بایەخ دەبێت، وەك:

٥- دوێنێ لە ئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسیەکانی کوردستاندا بڕیار درا ...

کوردستانی نوێ

١٨-٤-٢٠٠٧

٦- دوێنێ بڕیاردرا ڕۆژی یەکشەممەی داهاتوو، دەستبکرێت بەدابەشکردنی ئەو فۆرمانەی...

کوردستانی نوێ

٢٧-٤-٢٠٠٧

بێگومان تا کاتی ڕوودانی چیرۆکە هەواڵ نزیکتربێت، هێندە خوێنەر، باشتر کێشدەکات بۆ بەدواداچوونی، ئەگەر بێتو، دەستەواژەی "چەند ساتێك لەمەوبەر، پاش کەمێکی تر..." لەسەرەتای هەواڵەکەدا هەبێ ئەوا کاریگەری چاکتری دەبێت.

٤. **بۆچی** : بۆو لەبەرچی ڕوویدا، زانیاری دەربارەی ڕوودانی بابەتی هەواڵەکە دەدات، وەك:

٧- جەنگی عێراقیش بووەتە هۆکاری سەرەکی لەڕەواندنەوەی جەماوەری جۆرج بۆش...

ئاسۆ

٢٣-٦-٢٠٠٧

٨- نائـــارامی هەنـــدێك ناوچـــە ڕەنگـــە ببێتـــە ڕێگـــر لەبـــەردەم بەشداریکردنی ئەو ناوچانە لەپرۆسەی دەنگداندا.

ئالآی ئازادی

٨-١١-٢٠٠٤

٥. **چی** : باسو جۆری ڕووداوەکە دیاریدەکات، وەك سیاسی، کۆمەلآیـەتی، زانـستی، داهێنـان..، واتـە بەوەلآمدانـەوەی ئـەم پرسـیارە "نـاوەڕۆکی چـیرۆکە هەواڵەکـە پێکدێنێت"(( عبدالنبی: ٢٠٠٣: ل١٤٦)). وەك:

٩- عێراقییەکان لەپلەی یەکەمی پەنابەراندان ...

کورستانی نوێ

٢٥-٣-٢٠٠٧

١٠- خاتەمی لەهەڵوێستی خۆی بەرانبەر ئەمەریکا پاشگەز دەبێتەوە..

برایەتی

٢٨-١-١٩٩٨

٦. **چـــۆن** : گرنگـی لـەدیاریکردنی چـۆنیەتی ڕووداوی چـیرۆکە هەواڵەکەدایـە، هەنگاوەکانی تەواوبوونی چیرۆکەکە دەردەخات، وەك:

١١- لـەدواین گۆڕانکاریـدا سـەبارەت بەهـەنگاوەکانی جێبـەجێکردنی مـادەی (١٤٠)ی دەسـتوور، هەفتـەی داهـاتوو دەسـت بەدابەشـکردنی فۆرمی قەرەبوکردنەوەی ئاوارەکانو هاوردەکان دەکرێت...

کوردستانی نوێ

٢٤-٤-٢٠٠٧

١٢- سەرچاوەیەکی ئاگادار ڕایگەیاند، کە بەبڕیارێکی تاڵەبانی ئـەمڕۆ هێنراوەتەوە سەر کارەکەی خۆی..

ئاوێنە

٣١-١٠-٢٠٠٦

پێویـستە بوترێـت، ئـەم ڕەگـەزە تاڕادەیـەکی زۆر سـرکەو دیـاریکردنی پەیوەنـدی بەهـــەموو چـــیرۆکە هەواڵەکـــەوە هەیـــە، دوای گـــەڕانو پـــشکنینی ڕۆژنامـــە کوردییـــەکانیش، دەردەکـــەوێت ڕۆژنامـــەوانیی کـــوردی یـــان هەواڵنوســـی بـــواری

ڕۆژنامەوانیی کوردی زۆر گرنگی پێناداتو لەزۆر باردا پشتگوێی دەخات.((بڕوانە ل ١٠٥ نامەکە))

زۆربەی پسپۆڕانی بواری ڕاگەیاندن، لەسەر ئەوە کۆکن پێکهاتەی چیرۆکە هەواڵ، پێویستە وەڵامی هەر شەش ڕەگەزەکە بداتەوە، بەڵام زۆرجار بەم شێوەیە نییە، بەتایبەتی "کاتوهۆ" بزرە، چونکە چیرۆکە هەواڵ وادادەنرێت کەپێویستە تازەبێت، بۆیە پێویست بەوەڵامدانەوەو دەرخستنی ڕەگەزی کات ناکات.((Aitchison: 1999: p145))

بەڵام لەڕاستیدا، ڕەگەزی کات، گرنگیو بایەخی خۆی هەیە، بۆیە ناتوانرێت هەموو کاتێك لابرێت، هەرچەندە ڕۆژنامەوانیی کوردیش، بایەخی ئەوتۆی پێنادات.

## ☐ بەهاکانی چیرۆکە هەواڵ :

خاوەنی چەند (تایبەتێتی) بەهایەکە، لەم ساڵانەی دواییدا، توێژینەوەی لەسەر کراوە، لەڕاستیدا (بەها – Value) لەواتاسازیشدا، وەك بۆچوونێك، لای سوسێر، بەکارهاتووە، "بەواتای لێکچوونو جیاوازیی دانەیەکی زمانی لەناو ڕێکخراوێکدا"((فردینان دی سۆسێر: ١٩٨٥: ١٥٣)) بۆنموونە، بۆ زانینی واتای وشەی باوك، دەبێ ئەو وشانە بدۆزینەوە، کەلێیەوە نزیکن، وەکو (کوڕ، کچ، دایك) واتە، باوك دەبێ کوڕ، یان کچی هەبێ، باوك دروست نابێت، ئەگەر دایك نەبێت:

باوك [ + مرۆڤ / + ژنی هێنابێ / + هەراش ]

کوڕ [ + مرۆڤ / + نێر / ± هەراش ]

کچ [ + مرۆڤ / + مێ / ± هەراش ]

دەکرێت، ڕۆژنامە وەك ڕێکخراوێك سەیر بکرێتو ژانرەکانی، کەتێیدا بڵاودەبنەوە، وەك دانەی زمانی دابنرێت، بەم پێیە لێکچوونو جیاوازییان، بەهایان دیاریدەکات، واتە ژانرەکانی وتار، ریپۆرتاژ، چیرۆکە هەواڵ ... هتد، هەر یەکەیان

سـيماو تايبـەتيی خۆيـان هەيـە، کەبـەهايان دياريـدەکات، ئـەم ڕاسـتييەش، دوای سـەيرکردنو بـەراوردکردنی ژانـرە ڕۆژنامەييـەکان لەگـەڵ يـەکتری، دەردەکـەوێت، کەپێکهاتەو ڕێکخستنو ئەوزانيارييانەی چيرۆکە هەواڵ دەيدات، لەبابەتەکانی تـری ڕۆژنامە، جياوازە، لـەم ڕووەوە شـارەزايانی بوارەکـە، بـەم شـێوەيە، باسـی بـەهاکانی هەواڵ، دەکەن:- ((أديب: ٢٠٠٠: ل٧٥-٧٦))

١) **هەنوکەيی :** هەواڵەکە بەم زووانە ڕوودەدات، يان تازە ڕوويداوە، واتە نوێيە، يـان ساڵانێکە ڕويداوە، بەڵام ساڵانەيەتیو تازەپێی دەزانرێت، ئەمەش بەنوێ دادەنرێت، لـەم بـارەدا، وەڵامـی پرسـيارێکی، وەك "بـۆ ئێـستە ئـەم ڕووداوە دەگێڕێتـەوە، دەداتەوە"((محەمەد مەعروف: باس، بڵاونەکراوە))

بەگشتی کات بە بەهايەکی گرنگ، دادەنرێت، وەك:

١٣- بەم زووانە باڵيۆزی پۆڵەندا، دەگەڕێتەوە بەغدا ...

خەبات

٢٠٠٧-١١-٢٤

ژ: ٢١٨٥

١٤- لەکۆبوونەوەيەکدا دوێنێ لەديوانی پارێزگای کەرکوك...

کوردستانی نوێ

٢٠٠٧-٣-١٠

ژ: ٤٢١٤

٢) **نزيکی لەشوێنی ڕووداوەکە :** بەجۆرێك، کەسەرنجی خـەڵکی ناوچـەکە ڕابکێـشێو بەلايانەوە گرنگ بێت، چونکە ئاسايی مرۆڤ، گرنگی زياتر بەژينگـەی نزيکـی خـۆی دەدات، واتە دەوروبەری خۆی، يان شـوێنی نزيکـی، کەهەسـتدەکات، کاريگـەری بـۆی دەبێت، وەك:

١٥- هەولێر لەکردەوەيەکی تيرۆرستيدا

خەبات

٢٠٠٥-٥-٤

١٦- مەحاڵە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی لەسنوری باشوری تورکيا قبوڵ بکەين

ئاوێنە

٢٠٠٧-٤-٢٤

ژ٦٦

٣) **سروشتێكی نائاسایی هەبێت :** واتا لەبارەی ڕووداوێكەوە بێت، كە سەیربێتو دەگمەن ڕوبدات، بەو مانایەی دەرچوونبێت، لەژیانی ڕۆتینی ڕۆژانە، وەك:

١٧- گێژەڵوكەیەكی گەورە تایوانی گرتەوە...

كوردستانی نوێ

١٩-٩-٢٠٠١

ژ: ٢٥٦٢

١٨- باندێكی قاچاخچی دەرهێنانو فرۆشتنی گورچیلە لەقەڵادزێ دەستگیر دەكرێت..

ڕۆژنامە

٢-١٢-٢٠٠٧

ژ١١٠

٤) **كەسەكان :** ناودارو لەئاستی خولقاندنی ڕووداودابن، ئەوانەی ناوبانگیان هەیە، لەبەر هەرهۆیەك (باش یان خراپ)، دەوڵەمەندیی، پلەی حكومی ... هتد، وەك:

١٩- د.بەرهەمو نیگرۆپۆنتی چەند مەسەلەیەكی جێبایەخی نێوان هەردوولا، تاوتوێ دەكەن..

ئاسۆ

٢-١٢-٢٠٠٧

ژ: ٥٩١

٢٠- عیزەت دوری لەمردن نزیكبۆتەوە ...

ڕۆژنامە

٣٠-٧-٢٠٠٧

ژ: ٣٦

٥) **خاوەنی ڕەهەندێكی مرۆڤایەتی بن :** واتە نزیكی لەمرۆڤایەتییەوە، بەهەر جۆرێك بێت، وەك: چاكردنی باری كۆمەڵایەتی یان كەمكردنەوەی ئازارو چەرمەسەریی ژیان...هتد، وەك:

٢١- موچە زیادكراوەو وردەكارییەكانی ماوە...

ئاوێنە

٢٧-٣-٢٠٠٧

ژ:٦٢

٢٢- بۆ قۆناغی ئێستای بەرنامەی نەوت بەرانبەر خۆراك بایی ٤٠٠ملیۆن دۆلار کەلوپەل لەمیسر دەکرێ...

هەرێمی کوردستان

١-٥-٢٠٠٠

ژ: ٢٠١

٦) **گێــژەن** : واتــە لـەبارەی نـاکۆکیو ململانێکـانی نێـوان خـەڵكو دەسـەلات، دژی گەندەڵی، شەڕ، نەخۆشی، بەتایبەتی لەڕەهەندێکی ناوچەییدا، وەك:

٢٣- کوتلەی سەدری نایەوێت پرۆژە یاسای نەوتو گاز پەسەند بکرێت...

کوردستانی نوێ

٨-٣-٢٠٠٧

ژ: ٤٢١٣

٢٤- یەکگرتوو پرۆژەیەکی سیاسی بۆ چاکسازی بلاو دەکاتەوە...

ڕۆژنامە

٢٣-١٠-٢٠٠٧

ژ: ٨٢

٧) **کاریگـــەریو کاردانـــەوە** : چـیرۆکە هـەواڵ پێویـستە کاریگـەری جـەماوەریو دروستکەری پرسیاربێت، واتە جوڵە، کات، ناو، خەڵك، پرسیار بەرهەمبێنێت، وەك:

٢٥- دوسبەی ئاسیاسێل لەهەولێرو دهۆك دەکەوێتە کار...

ڕۆژنامە

٢٢-١١-٢٠٠٧

ژ: ١٠٤

٢٦- قایمقامی دوبز فۆرمی خۆراکی عەرەبی هاوردە ڕادەگرێت...

ئاسۆ

١٥-٣-٢٠٠٧

ژ: ٣٨٩

٨) **زیان** : وەك چۆن چیرۆکە هەواڵ بۆ مرۆڤ، هـەلگری ڕەهەنـدی باشـەیە دەکرێـت پێـچەوانەش بێتــەوە، لـەم ڕووەشــەوە خـەلکی گرنگـی پێـدەدەنو دەبێتــە، جێـی بایەخیان، وەك:

٢٧- داواكاری گشتی توركیا سكاڵا لەسەر چەند پەرلەمانتارێكی كورد تۆمار دەكات...

خەبات

٢٤-١٠-٢٠٠٧

ژ: ٢٦٨٥

٢٨- ماوەی جێبەجێكردنی مادەی ١٤٠ بۆ شەش مانگ درێژ دەكرێتەوە...

ئاسۆ

٢-١٢-٢٠٠٧

ژ: ٥٩١

جگە لەو تایبەتییانە، كەبە بەهاكانی چیرۆكە هەواڵ دادەنرێت، ئەم ژانرە، دەگونجێت خاوەنی "چەند تایبەتییەكی لاوەكی بێت، وەك خۆش هێن، واتە خەڵك ژیر بكات، یان یاریدەیان بدات كە خۆشی لەژیان یان پشوو، وەرگرن"((محەمەد مەعروف: باس:بلاونەكراوە))، وەك:

٢٩- پەساپۆرتی نوێی عێراق بەم زوانە دەدرێت...

هاوڵاتی

٢٤-٩-٢٠٠٣

ژ: ١٤٢

٣٠- عەدنان موفتی: ٥ ئازار پشووی ڕەسمییە...

كوردستانی نوێ

٥-٣- ٢٠٠٧

ژ: ٤٢١٠

لەگەڵ ئەمانەشدا، پێویستە چیرۆكە هەواڵ، بابەتیو ئاشتیو خێراییو ڕاستی تێدابێت، واتە "بەرژەوەندی گشتی لەبەرچاوبێت، نەك بەرژەوەندی خودی ڕۆژنامەكە لەبەرچاوبگرێت.(( أدیب: ٢٠٠٠: ل٧٦))

بەرژەوەندی ڕۆژنامەكە، زیاتر لەبەر فرۆشتنی ڕۆژنامەكەیە، واتە لایەنێكی ئابوری، یان ئەو بیروڕا سیاسییەی لەپشت دەركردنی ڕۆژنامەكەوەیە، وەك لەم نموونانەدا، دەردەكەوێت:

٣١-مانگرتنی كرێكارانی كانەكانی ڕوسیا...

ڕێگای كوردستان

٦-٢-١٩٩٦

ژ: ٥١

ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، حزبی شیوعی کوردستان، دەریدەکات، وەك ئاشكرایە، فەلسەفەی كاری شیوعیەكان، لەخزمەتی كرێكاراندایە.

٣٢-كەتیبەكانی كوردستانی قاعیدە، گەیشتنە سلێمانی...

هاوڵاتی

٢٢-٨-٢٠٠٧

ژ٣٤٨

بەڵام، كەدەقەكە دەخوێنیتەوە، بۆتدەردەكەوێت، لەگەڕەكێكی شاری سلێمانی لەسەر دیوارێك، دروشمێكی قاعیدە نوسراوە، لەڕاستیدا، ئەمە تەنیا بۆ بازاڕی ڕۆژنامەكەیە.

## ☐ پێكهاتەی چیرۆكە هەواڵ

چیرۆكە هەواڵ، بەگشتی لەم بەشانە، پێكدێت ((سەرەتا، بەژن، كۆتایی))((عبدالستار، بلا، ل١٢٥))

١. **سەرەتا:** گرنگترین بەشی چیرۆكە هەواڵە، بەتایبەتی لەشێوازی، یان بۆتەی هەڕەمی هەڵگەڕاوەدا، "ئەو قولاپەیە، كەهەواڵەكەی پێدا هەڵدەواسرێت"((محەمەد مەعروف ، باس بلاونەكراوە))، ئەگەر باش بنوسرێت، سەرنجی خوێنەر ڕادەكێشێتو هانی دەدات، تاكۆتایی لەسەر خوێندنەوە بەردەوام بێت. بەگشتی كورتەو لەڕستەیەك، یان دووان پێكدێت، "دەبێت زۆرترین زانیاری بەكەمترین وشە بگەیەنێت، وشەكانیش ئاسانو دووربن لەلێڵی، تاخوێنەر بەیەكەم سەرنج لێیان تێبگات"((فاروق، لیلی، ٢٠٠٠، ل١٢١)) لەڕاستیدا هەر ئەمەش، وا لەخوێنەر دەكات، دەستبەرداری چیرۆكە هەواڵەكە نەبێت، تاكۆتایی بەردەوامبێت، وەك:

٣٣-لەدانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمانی كوردستاندا، هەریەك لەوەزیرانی كارەباو شەهیدانو كاروباری ئەنفالكراوەكان بانگهێشت دەكرێن ....

كودستانی نوێ

١٧-٤-٢٠٠٧

ژ: ٤٢٤٤

لەڕستەیەكی سادەی بكەر نادیار پێكهاتووە، كەسەرجەمی وشەكان، سادەو ڕوونن.

سـەرەتا، سـەردێڕ، یـان ناونیـشانیش لـەخۆ دەگرێـت، کەبریتییـە لـەو دێـڕەی لەپێشەوەی هەواڵەکە دێو گـرنگترین زانیـاری لـەخۆدەگرێت، بـەزۆری ڕەگـەزەکانی "کەس، چی" لەم بەشەدا دەردەکەون، وەك:

٣٤-عەبدوڵا گول، پلانەکانی ئامادەن بۆ لێدانی سەربازی..

پێگە

٣-٧-٢٠٠٧

ژ: ٦١

سـەردێڕ دەبـێ پـەیامی بـۆ خوێنـەر تێـدابێو لەهـەمان کاتیـشدا ڕوو لەئاینـدەبێ، هەربۆیە دەبینین، بەگشتی کاتی کردارەکان ڕانەبردووە، وەك:

٣٥-عەلاوی پشتگیری کورد، بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرەکی دەکات ...

ئاڵای ئازادی

١٤-٢-٢٠٠٥

ژ: ٦٠١

ئەوانەی لەبواری ڕاگەیاندندا دەنوسن، چەند مەرجێکیان بۆ سەردێڕی سەرکەوتوو داناوە، لەوانە:

١. گرنگترین لایەنی ڕووداوەکە لەخۆ بگرێت، واتە ناوەڕۆکی چیرۆکە هەواڵە.
٢. کورتو چڕ نوسرابێت.
٣. دوربێت لەلێڵیو تەمومژ.
٤. بابەتی بێت.
٥. بیرۆکەیەکی سەرەتایی لەمێشکی خوێنەردا، دروستبکات.
٦. نابێ ڕاو بۆچوون بخرێتە ناو سەردێڕەوە.*

لەڕاسـتیدا، نابـێ ڕاو بۆچـوون بخرێتـە نـاو چـیرۆکە هەواڵـەوە، چـونکە ئەگـەر هەواڵنووس ڕای خـۆی تێکـەڵ بەڕووداوەکـە بکات، ئـەوا بـێ لایـەنی لەدەسـتدەدات، چونکە "هـەواڵی ڕۆژنامەنوسـیی ڕاپـۆرتێکی بـڕوا پێکـراوو بـێ لایەنـە، کـەزانیاری نوێی لەخۆگرتووە"((شێرکۆ: ٢٠٠٧: ل ٥٣))

٢- **بەژن:** پێکهاتەیەکی فرە کەرتە، پێکدێت لە:

---

* بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، ئازاد ڕەمەزان، ٢٠٠٥، ل١١٠، عومەر سەید زادە، ٢٠٠١، ل١٥.

**أ- ڕاڤـــە:** بـەدوای سـەرەتادا دێـتو دەبێتـە بەڵگـەو ڕوونکردنـەوەی زانیارییـەکان سەرەتا، واتە لێرەدا، ڕاستی ڕوداوەکە، دەسەلمێنرێت، وەك:

٣٦-تـاریق جەوهـەر سـار مـەمی ڕاوێـژکاری ڕاگەیانـدنی سـەرۆکی پەرلـەمان بەکوردسـتانی نـوێی ڕاگەیانـد، بانگهێـشتکردنی ئـەو دوو وەزیرە، بۆ گوێگرتنە لەڕاپۆرتی کارو پرۆژەی هەر یەکەیان ...

کوردستانی نوێ

١٧-٤-٢٠٠٧

ژ: ٤٢٤٤

لێرەدا تێبینـی دەکرێـت، ڕەگـەزی لەبەرچی دەرکـەوتووە ، واتـە وەڵامـی پرسـیاری لەبەرچی دراوەتەوە، وەك ڕوونکردنەوە بۆ سەرەتای هەواڵەکە.

**ب- کاردانەوە:** هەندێ ڕۆژنامە، چەند دێڕێك بـۆ کاریگـەری هەواڵەکـەو چـۆنیەتی کاردانەوەی لەناو خەڵکدا تەرخان دەکات، واتە مەرجنییە لەهـەموو ڕۆژنامەیەکـدا، هەبێت، وەك:

٣٧- گوتیـــشی: ئـــەو بانگکردنـــەش بـــەپێی بەرنامـــەی پەرلەمانـــە، کـەبڕیارە هــەر بــارەو (٢) وەزیــری حکومــەت بــۆ ئــەو مەبەســتە بانگبکاتو ئەو بانگکردنەش بۆ لێپێچینەوە، نییە...

کوردستانی نوێ

١٧-٤-٢٠٠٧

ژ: ٤٢٤٤

بەسـەرنجدان لەوشـەکانی ئـەم برگەیـە، دەردەکـەوێت لەلایەکـەوە، سـەرنجی وەرگـر بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن، کەپەرلەمان دەیـەوێت وەك دامەزراوەیـەکی بـاڵا لەوڵاتـدا چاودێری حکومەت بکات، بـەکاری خـۆی ئەنجامیبـدات، لەلایـەکی تریـشەوە پێمـان دەڵێت بانگکردنەکە تەنیا بۆ گوێگرتنە لێیان، واتە بەمەبەسـتی لێپێـچینەوە نییـە، بە لەبەرچاوگرتنی ڕای خەڵکی کـورد، لـە سـەر ناکارایی پەرلـەمان، واتـە پێویـستە دەوروبەری کۆمەڵایەتی* لەبەرچاو بگیرێت.

**پ- دانە پاڵ:** لەم برگەیەدا، هەواڵنوس، سەرچاوەی زانیارییـەکانی، ڕووندەکاتـەوە، وەك:

* بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە، عبدالنعیم خلیل، ٢٠٠٧، ل ١٣٣.

٣٨- لەم بارەیەوە سەرچاوەیەك، كە نەیویست ناوی خۆی ئاشكرا بكات لەئاسایشی كفری بەئاوێنەی ڕاگەیاند:...

ئاوێنە

١٤-١١-٢٠٠٦

ژ: ٤٤

**ت- زەمینە:** لەم بەشەدا، هەواڵنوس لەمێژوو، یان زەمینەی سەرهەڵدانی چیرۆكە هەواڵەكە دەدوێت، واتە بەستنەوەی ئێستایە بەڕابردووەوە، لەڕێگەی جوڵاندنی زانیاری خوێنەرانەوە تا لەناوەڕۆكی، چیرۆكەهەواڵەكە، تێبگەن، وەك:

٣٩- ساڵانی ڕابردوو هەموو ئەندامەكانی بەڕێوەبردن لە نەتەوەی ئازەری بوون، دانیشتوانی ورمێ لەهەردوو نەتەوەی كوردو ئازەر پێكهاتوون...

كوردستانی نوێ

١٥-١٢-٢٠٠٦

ژ: ٤١٥٥

پێویستە بووترێت سەردێڕی ئەم هەواڵە ئەمەیە "ژنێكی كورد لەهەڵبژاردنەكانی شاری ورمێ پلەی یەكەمی بەدەستهێنا" لەڕاستیدا بەستنەوەی ئێستا بەڕابردووەوە لەڕێگەی زانیاری خوێنەرەوە، بەشێكە لە "دەوروبەری نازمانی"، ئەو بارو نیشانانە دەگرێتەوە كەپەیوەندییان بەدەرەوەی دەقەوە هەیە، جا زانیاری زمانی، یان نازمانی بن، وەك ڕۆشنبیری هاوبەشو زانیاریو لایەنی دەروونیو كۆمەڵایەتی، هاوبەشەكان، قسەكەرو وەرگر.((عبدالنعیم، ٢٠٠٧، ل٨١-٨٢))

**٣- كۆتایی:** ئەو بەشەی چیرۆكە هەواڵە، كەكۆتایی بەهەواڵەكە دێنێو لەدێڕێك زیاتر پێكدێتو هەندێ جار زانیاری دووبارەكراوەیە، یان زانیاری زیاتر لەبارەی سەرەتاوە دەدات، واتە لەبارەی ڕەگەزی "چی" كەبابەتی چیرۆكە هەواڵەكە پێكدێنێت، وەك:

٤٠- خەدیجە مەنسوری خەڵكی تەنگەوەڕی ورمێ-یەو هەڵگری، بڕوانامەی ماستەرە لەیاسادا، لەوەزارەتی دادی ئێرانی كاری كردووە..

كوردستانی نوێ

٢٥-١٢-٢٠٠٦

ژ: ٤٢٥٥

دوای خستنەڕووی بەشەکانی پێکهاتەی چیرۆکە هەواڵ، وەك لەسەرەتاشدا ئاماژەمان پێدا، بەشی بەژن، لەخۆیدا فرەکەرتە، وەك؛ کاردانەوە، دانەپاڵ، ڕاڤە، زەمینە.. بەلام مەرج نییە هەموو چیرۆکە هەواڵێك، سەرجەم کەرتەکانی تێدابێت، دەگونجێت، یەکێك، یان زیاتر، یان لەچیرۆکە هەواڵدان دەرنەکەون دەشێت، زەمینە یان دانەپاڵ، لەبەر هەر هۆیەك، دەرنەکەون، وەك ئەوەی زۆرجار دەنوسرێت، سەرچاوەیەك، کەنەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات، یان نەیویست ناوی ئاشکرا بکەین، بەلام "چیرۆکە هەواڵی نموونەیی هەموو بەشەکانی تێدا دەردەکەوێت" ((محەمەد، باس بلاونەکراوە))

## ☐ بۆتەکانی داڕشتنی چیرۆکە هەواڵ:

هەواڵنووس هەر کاتێك بەهاو ڕەگەزەکانی چیرۆکە هەواڵی لەهەر ڕووداوێکدا بینییەوە، پاشان نۆرە دێتە سەر داڕشتنی هەواڵەکە "بۆچوونی هەموو شارەزاو نووسەو رەکانی زانستی ڕاگەیاندن لەم بارەوە یەکنین"((کازمی، ٢٠٠١، ل٥٢))، بەلام چەند بۆتەیەك خراونەتەڕوو، پێویستە هەواڵنووس زانیارییەکانی بەشێوەیەك ڕیز بکات، لەخزمەتی گەیاندنی ڕاستی هەواڵەکەدا بێت، بەجۆرێك، کەهەر بەشێك لەزانیارییەکانی، ڕێگە بۆ ئەویتر خۆشبکات، واتە چیرۆکە هەواڵەکە، بەرێکیو بێ سەر لێشێواندن، بگاتە خوێنەر، چونکە هەواڵنووس ڕووداوەکە لەهەر بۆتەیەکدا ڕێکبخات، پێویستە خوێنەری لەبەرچاوبێتو بەشەکانی چیرۆکە هەواڵەکەی، بخاتە بەردەست، بلاوترین، بۆتەکانی داڕشتنی چیرۆکە هەواڵ، ئەمانەن:

**یەکەم: بۆتەی هەرەمی هەڵگەڕاوە:** باوترین بۆتەی داڕشتنی هەواڵە، زانیاری گرنگ لەسەرەتاوە دەداتو بەداویدا بەڵگەو زانیاری پشتگیری دێت، پاشانیش زانیاری لاوەکیو بێ بەهاش لەکۆتاییدا دەنوسرێت، بەم ڕێڕەوە:

سەرەتا ⟵ بەڵگەکان ⟵ کۆتایی

گەڕانو ئامارێکی ناو ڕۆژنامە کوردییەکان، ئەو ڕاستییەمان پێدەڵێن، کەهەواڵنووسی ڕۆژنامە کوردییەکان لەبەر دوو هۆ، گرنگی بەم بۆتەیە دەدەن، ئەمانەن:

أ. زانیاریی گرنگ لەسەرەتاوە دەدات، بەم هۆیەوە ڕەنگە خوێنەر، لەبەر هەر هۆیەك، لەوانە نەبوونی کات، تاکۆتایی لەخوێندنەوەدا بەردەوام نەبێت.

ب. لایەنی تەکنیکی ڕۆژنامەوانی، دەکرێت کەرتێکی هەواڵەکە ببرێتە لاپەڕەیەکی تر، وەك ئەوەی ئێستا لەڕۆژنامەکاندا باوە، بەتایبەتی ئەگەر چیرۆکە هەواڵەکە، درێژ بوو، هەموو ڕەگەزەکان دەرکەوتبوون، یان لەبەر درێژی دەتوانێت، کورتی بکاتەوە، بێ شێواندنی ناوەڕۆکی، هەواڵەکە.




هەرچەندە، بەگشتی سەرچاوەکان، ئەوە دەڵێن، لەم جۆرە بۆتەیەدا، زانیاریی بێ بایەخ لەکۆتاییدا دەدرێت، واتە ئەم ڕایە باوە، بەڵام لەڕاستیدا مەرج نییە هەموو کات وابێت، بەتایبەتی لەهەواڵنوسینی مۆدێرندا، چونکە "دەبێ لەهەواڵنووسیندا گۆڕانێك بێتە ئاراوە، ئەمڕۆ باوەڕێك زاڵە کەهەواڵ دەبێ وەك جەغزێك وێنا بکرێ پاراگرافی کۆتایی ئیتر بێ نرخترین پاراگراف نییە، پاراگرافی کۆتایی جەغزەکە تەواو، دەکات"(( یونس،٢٠٠٧،ل١٨)) هەر لەم بارەوە عەبدول لەتیف حمزە دەڵێت:"ئەم بەشە گرنگی خۆی هەیە، چونکە دوا زەنگە، کە بەرگوێی خوێنەر دەکەوێت" (( عبداللطیف، ٢٠٠٢، ل١٨))، لەڕاستیشدا ناشکرێت، هەموو کات زانیارییەکانی کۆتایی چیرۆکە هەواڵ، لاوەکیو بێ بایەخ بن، وەك:

٤١-جێگری سەرۆکی لیژنەی پێداچوونەوەی دەستور ڕۆشنایی خستەسەر ئەوەی هیچ لایەنێك ناتوانێت بیرو بۆچوونو ڕای خۆی بسەپێنێت، بەسەر لایەنەکانی تردا چونکە لەکاتی ڕاپرسیدا سێ پارێزگا ڕازی نەبوو دەستور وەك خۆی دەمێنێتەوە.

کوردستانی نوێ

٢٧-٣-٢٠٠٧

ژ: ٤٢٢٦

دوای خوێندنەوەی تەواوی دەقەکە، کە لەکۆتاییدا نوسراوەتەوە، دەردەکەوێت ئەم بەشە، زانیاری گرنگو بایەخداری، لەخۆگرتووە.

**دووەم: بۆتەی وڵستریت جیرناڵ**: ئەم بۆتەیە لەسەر بنەمای لەتایبەتییەوە بۆ گشت دەڕوات، سەرەتا ڕۆشنایی دەخرێتە سەر ڕووداوەکە، پاشان بەشێوەی زنجیرەیی، بەشەکانی، چیرۆکە هەواڵەکە ڕیز دەکرێت، بەشێوەیەك هەر بەشێکی ڕێگە بۆ ئەوی تر خۆشدەکات بەژنی هەواڵەکە بەشێوەی بازنەیی یەکتر تەواو دەکەن‌و دەگەڕێتەوە سەرەتا "بەواتایەکی دیکە هەواڵ ئێستا لەشوێنێك کۆتایی دێت، کە دەستپێکراوە"((یونس، و.ڕەحیم، ٢٠٠٧، ل٢١)) ئەم بۆتەیە، بۆ ئەو چیرۆکانە دەشێت، کەکێشەی هەنووکەیی‌و هەواڵی لاوەکین، "هەرچەندە ئەم بۆتەیە لەزۆربەی ڕۆژنامەکاندا بەکاردێ، بەڵام ناوی ئەو ڕۆژنامەیەی وەرگرتووە، چونکە بەوە ناوبانگی دەرکردووە، کە لەلاپەڕەی یەکەمدا، ئەم بۆتەیە بەکاردێنێ"((د.محەمەد،باس بلاونەکراوە)) ئەم بۆتەیە، ڕێڕەوەکەی، بەم چەشنەیە:

سەردێڕسەردێڕی کورت ⟵ سەرەتا ⟵ ڕاڤە ⟵کۆتایی ⟵"گەڕانەوە بۆ سەرەتا"




وەك:

٤٢- ئەنسارێك گیراوەو دوانیش بریندارە ..

دوو ئەنسار لەهێرشکردنی سەر بنکەی گومرگی باشماخدا بریندار دەبن‌و کەسێکیشیان بەدیلی لێدەستگیر دەکرێت.

تایبەت بەئاوێنە: بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ئاوێنە کەوتوون "لەدوای هێرشەکەیان بۆ سەر بنکەی گومرکی باشماخ، چەکدارەکانی ئەنسار کاتێك بەرەو سنووری ئێران پەڕیونەتەوە، لەلایەن میکزەمینی ئیتلاعاتەوە دور خراونەتەوە.

لەم شەڕەدا دوو ئەنسار بریندابوون‌و ئێستا لەنەخۆشخانەی مەریوان چارسەر دەکرێن، ئەمە لەکاتێکدایە، کەچەند کۆڵە پشتێکیان لەشوێنی ڕوداوەکەدا لێبەجێماوەو جێگە فیشەکیشیان پێوەیە.

ئەم زانیارییانە ئاماژە بەوە دەکەن "کە بەرەبەیانی ئەو ڕۆژە، کەسێکی بەجێماوی مەفرەزەکەی ئەنسار لەگەوڕێکی نزیك شوێنی ڕوداوەکە دەستگیر کراوە،و ئێستا لای ئاسایشە". سەرچاوەیەك لەئاسایشەوە بەئاوێنەی ڕاگەیاند، کە بەرپرسی ئەم هێزەی ئەنسار ناوی سوراە ئەحمەدەو خەڵکی گوندی دۆڵپەموی لای شارباژێرە. شەوی ٣/٢٥

هێزێکی ئەنسار هێرشی کردە سەر بنکەی پۆلیسی گومرکی باشماخ پاش ٤٥ دەقیقە شەڕکردن ٣ پۆلیس‌و پاسەوانێکی تاوەری ساناتێل بریندار‌بوو.

ئاوێنە

٢٧-٣-٢٠٠٧

ژ: ٦٢

**سێیەم: بۆتەی کاتژمێری لم**

وەك بۆتەی هەرەمی هەڵگەڕاوەیە، ڕووداوەکان بەپێی کات ڕیز دەبن، لەنێوان سەرەتاو گێڕانەوەی چیرۆکەکەدا زۆرجار دانەپاڵ پێویست دەبێت، ئەم بۆتەیە، بە "بۆتەی کاتی زنجیرەیی"(( عبدالنبی، ٢٠٠٣، ل١٥٩))ش، ناودەبرێت، وەك:

٤٣-بەغدا کەلوپەل لەقاهیرە دەکڕێ

<u>ڕادیۆی ئەبو زەبی</u>: محەمەد مەهدی ساڵح وەزیری بازرگانی عێراق ڕایگەیاند، کەوڵاتەکەی بۆ قۆناغی ئێستای بەرنامەی نەوت بەخۆراك بایی (٤٠٠)ملیۆن دۆلار کەلوپەل لەمیسر دەکڕێ، هەروەها وەزیری بازرگانی عێراق وتی کەئێستا هەردو وولات بایی نزیکەی (٣٠٠)ملیۆن دۆلار عەقدیان مۆرکردووەو گفتوگۆ لەسەر ئەوانی تر بەردەوامە.

هەرێمی کوردستان

١-٥-٢٠٠٠

ژ: ٢٠١

**چوارەم: بۆتەی ژماردنی "لیستە"**

گرنگی ئەم بۆتەیە لەو چیرۆکە هەواڵانەدا دەردەکەوێت، کەچەندین خاڵیان تێدایە، زیاتر بۆ هەواڵە فەرمییەکانی حکومەت‌و پەرلەمان دەبێت، کە زانیاری زۆری تێدایە، پێویست دەبێت بیژمێرین یان بکرێنە لیستە"((محەمەد مەعروف، باس بلاونەکراوە)) ئەم بۆتەیە لەچیرۆکە هەواڵی ڕاگەیاندنی بینراو لەبارترە، لەم قاڵبەدا هەواڵنووس، گرنگی بەڕەگەزی چی دەدات، ئەمەش لەپێناو دەرخستنی ڕۆڵ‌و ئەرکی بکەری ڕووداوی چیرۆکەکە، واتا ڕەگەزی "کێ"، ڕەگەزی "کات" پشتگوێ دەخرێت‌و گرنگی پێنادرێت، هەواڵنوسین بەم بۆتەیە، دەتوانرێت بەسەرەتایەکی کورت دەست پێدەکات‌و کۆتایی بەژمارەکردنی ئەو خاڵە سەرەکیانەبێت، کەڕووداوەکە کۆ دەکەنەوە، بەم شێوەیە:

سەرەتا ⟵ خاڵەكان

.١

.٢

.٣

وەك:

٤٤- د.بەرهەمو نیگرۆپۆنتی چەند مەسەلەیەكی جێبایەخی نێوان هەردولا تاوتوێ دەكەن

بەغدا - ئاسۆ":

د.بەرهەم ساڵح جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق لەگەڵ جۆن نیگرۆپۆنتی وەكیلی وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا كۆبۆوەو پێكەوە: ١) باسیان لەواقیعی پەیوەندییەكانی ئێستای نێوان هەردوو وڵات كردو (٢) لەچۆنیەتی پتەوكردنو بەرەوپێش بردنیان كۆڵییەوە بەو جۆرەی كەخزمەتێكی زیاتر بەگەلانی هەردوو وڵات بكات. لەبەشێكی تری دیدارەكەدا، (٣) تاوتویی دۆخی ئێستای عێراقیان كردو (٤) لەسەر بەرەوپێشچوونی دۆخی ئەمنیو ئەو دەستكەوتانەی لەو بوارەدا بەدیهاتوون هەڵوەستەیان كرد.

لەو بارەیەوە ....

ئاسۆ

٢-١٢-٢٠٠٧

ژ: ٥٩١

**پێنجەم: بۆتەی كەرتكردن**

تەكنیكی ئەم بۆتەیەی دارشتنی چیرۆكە هەواڵ، بۆ ئەو روداوانە دەگونجێت، كە لەچەند لایەكەوە سەیر دەكرێن، واتە فرە كەرتو لایەنن، "بۆ ئەو هەواڵانە دەست دەدات، كەزانیاریی كورت، لەبارەیانەوە لەبەردەستدا نییە"(( محەمەد مەعروف، باس بلاونەكراوە))، دەتوانرێت هەر بەشێكی چیرۆكە هەواڵەكە، بەجیا وەربگیرێو هەر بەشێك لەروداوەكە دەبێتە یەكەیەكی سەربەخۆو ترازاو لەكەرتەكانی تر، كەسەرەتاو بەژنو كۆتایی خۆی دەبێت، زیاتر بۆ هەواڵی درێژ گوتاری رۆژنامەوانی لەبارە، بەشەكانی چیرۆكە هەواڵەكە بەپێی چەند بنەمایەك جیا دەبنەوە، وەك جیاوازی تێروانین، یان بەپێی كات، لەئێستاوە بۆ زەمینەی پێشترو گەرانەوە بۆ ئێستەو ئاینده هەر بەشێك لەبەشەكانی ئەم قاڵبە، ئەم شێوەیە وەردەگرێت:

سەرەتا ⟵ تەن ⟵ کۆتایی

خاڵێکی گرنگی ئەم چیرۆکە هەواڵانە، ئەوەیە، پێویستە ڕۆژنامەوان ئاگای لێبێت، کام بەش لەسەرەتادا دابنێت، واتە دەستپێکردنی چیرۆکە هەواڵەکە چۆن بێت؟ بۆیە لەم کاتەدا "سەرنوسەر دوای خوێندنەوەی چیرۆکە هەواڵەکە بەگشتی، ئەو بڕیارە دەدات بەشێوەیەکی تایبەتی، بەشەکان لەگرنگترەوە بۆ گرنگ، ڕیزبکرێن"((عبداللطیف، ٢٠٠٢، ل١٦١-١٦٢))، وەك:

لیستی یەکگرتوو و وەزارەتێك لەکابینەکەی مالکی

تایبەت بەهاوڵاتی:

١) سەرۆکی لیستی یەکگرتووی ئیسلامی لەپەرلەمانی عێراق ئاشکرایکرد، کەلیستەکەیان لەیاداشتێکدا داوای وەزارەتێکیان کردووە لەکابینەکەی نوری مالکی سەرەکوەزیری عێراق.

٢)محەمەد ئەحمەد - سەرۆکی لیستی ناوبراو ئاماژەی بۆ ئەو یاداشتە دەکات کەئاڕاستەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقیان کردووەو دەڵێت "داوامانکردووە ئەگەر گۆڕانکاریی کرا، وەزارەتێکی خزمەتگوزاری بدرێتە لیستی یەکگرتوو".

٣)لەچەند مانگی ڕابردوودا گۆڕانکاریی لەنێو کابینەکەی نوری مالکیدا، یەکێ بوو لەمشتومڕەکانی هێزە سیاسییە بەشدارەکانی ناو پەرلەمانو حکومەتی عێراق، داواکردنی وەزارەتێك لەلایەن لیستی یەکگرتووی ئیسلامییەوە، بەشێکە لەو داخوازییانەی کە لەدوای ئەو مشتومڕانەوە دروستبووە.

هاوڵاتی

٢٠٠٨/٣/٢٥

ژ: ٣١٩

## ▢ گرنگیدان بەگوتارو شیکارکردنی گوتار

لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان تا سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، کارەکانیان لە بواری ڕستەدا بووە، واتە ڕستە دوا کەرەستەی توێژینەوەکان بوو، هۆکاری ئەمەش پەیوەندی بە نەبوونی تیۆرییەکی زمانییەوە هەبووە، کە سەرو ڕستە بکاتە کەرەستەی لێکۆڵینەوەکانی. دوای سەرهەڵدانی ڕێبازی گوێزانەوەو بەرهەمهێنان، تیۆری زمانی تر پەیدا بوون، کە داوای فراوانکردنی سنوری لێکۆڵینەوەی زمانیان بۆ پاش ڕستە دەکرد، ئەمەش پەیوەندی بە سێ خاڵی گرنگەوە، هەبوو : -

١) توانستی ئاخێوەری هەر زمانێك، تەنیا ئەوە نییە، كە چۆن ڕستەی ڕێزمـانی لـە ڕستەی نارێزمانی جیا بكاتەوە، بەڵكو چۆنیەتی دیاریكردنی دەق و جیاكردنـەوەی لە نا دەق بە واتایەكی تر هەست كردن بە پتەوی و هاو پێوەنـدیی ڕسـتەكانی نـاو دەق، بەشێكی تری توانستی ئاخێوەر پێكدێنن.

٢) زۆر دیاردەی زمانی وەك، ئاماژە، پەیوەندی، یەكێتی واتـایی، گریمانـەی پێـشینە ........ ناتوانرێـت لێكۆڵینـەوەیان لـە بـارەوە بكرێـت، ئەگـەر چـۆنیەتی پێوەنـدی نێوان ڕستەكانی دەقێك، شینەكرێتەوە. واتە پێویـستبوو سـنوری كـاری زمانـەوانی، بۆ پاش یان سەرو ڕستە، فراوان بكرێت.

٣) كردەی گەیاندن و پێوەندیكردن، بە تەنیاو بە وشـەو ڕسـتەی تـاك و دابـڕاو بـە ئاكـام ناگـات، بـەڵكو بـە هـۆی گوتـاری زارەكـی، یـان نووسـراو، یـان دەقـەوە دەبێـت، ئەمــەش بــە ئاشــكرا لــەژیانی ڕۆژانــەدا بــە دیــدەكرێت، لەوانــە فــیلم و شــانۆ و خوێندنــەوەی ڕۆژنامــەو چــیرۆك و ریكــلام، كــە هــەموویان لــە چــەند ڕســتەیەكی پێكەوە بەستراوی هاوپێوەند دروست بوون .

ئەم هۆیانەو چەندانی تریش، بوونە هۆكاری فراوانكردنی سنوری كاری زمانـەوانی بۆ پاش ڕستە، كە بوونە هـۆی پەیـدابوونی چـەمكی " گوتـار / دەق " بـە دواشـدا، شیكاركردنی گوتار / دەق، وەك بوارێكی نوێی كاری زمانەوانی پەیدا بوو .( شحده ، ٢٠٠٦، ١٩٨)

## ☐ گوتـار چییە ؟

زاراوەی گوتار، وەك زۆر چەمكی تری زمانەوانی، لێڵ و فرە پێناسـەیە، چونكە لـە بوارەكانی زمانەوانیی كۆمەڵناسی، فەلسەفە، مرۆڤناسـی و زۆر بـواری تـری زانـستە مرۆڤایەتییەكاندا، بـەكاردێت. زاراوەی گوتـار، بـەردەوامی هـەمان دەربڕینـە، كەلـە شـوێنی تـر، لـە بـری وشـەی "Logos"ی یۆنـانی بـەكارهاتووە ((لطـف الله : ٢٠٠٤ : ٩٥)). لە تێگەیشتنی باودا، گوتار زاراوەیەكی گشتییە، تایبەتە بەهەر نموونەیـەك، لە بارەی بەكارهێنانی زمان، واتە ئەو زمانەی لە ئـەنجامی كـردەی پێوەنـدی كـردن بەرهـەم دێت ((Jack :2002: 165)). زاراوەكـانی گوتـار، دەق زۆر جار لـە بـری یەكترو بۆیەك مەست بەكاردێن.

لێڵی و فرە لێكدانەوەی گوتار، زەمینەیەكی وای ڕەخساندووە، پێناسەو لێكدانـەوەی جۆراوجۆر هەلگرێت، گەرچی بەگشتی پێناسەكردنو سنوردار كردن سەختە، دیـارە

سـەختتر دەبێـت، ئەگـەر بابەتەکـە دانەیـەکی سـەرەکی، وەك گوتـار بێـت، لەگـەڵ ئەوەشدا چەند پێناسەیەك دەخەینە ڕوو:-

١) **هاریس** : (( یەکەیەکی زامنی گەورەیە، یان کۆمەڵە ڕستەیەکی زنجیرەییە )).

٢)هارتمـان و سـتورك : (( دەقێکـی خـاوەن یەکەیـەکی ئاشـکرایە، لـە کۆمـەڵێك دەربڕین پێکهاتووە)) ((حبیب : ٢٠٠٧ : ٤ )) .

٣)**شێفرن**: (( گوتار ڕوانگەیەکی زمانەوانییە، بۆ پراکتیزەکردنـی پرۆسـەیەك لـە پێناو گەیشتن بە ئامانجێك )) (( 9: 2000: Roy ))

٤)**کـوك** : (( ئـەو کەرەسـتە زمانییەیـە، کەلـە کۆمەڵـە ڕسـتەیەکی زنجیرەیـی هاوپەیوەند، پێکدێت و لە کـردەی گەیانـدن و پێوەندیکردنـدا، بـەکاردێت )) (( 6: 1989 : Cook )) .

٥)**لوتفـولا** : (( قالبێکـە بـۆ گەیانـدنی پـەیام لـە نێـوان قـسەکەرو گـوێگر، یـان نووسـەرو خوێنـەر )) ( لطف الله : ٢٠٠٤ : ٩٢ ) دەتوانرێـت لـەکۆی پێناسـەکانەوە، ئـەم خاڵانــەی خــوارەوە، وەك خــاڵی نــاو کــۆیی گەڵاڵــە بکرێــت، کــە دەبنــە تایبەتییەکانی گوتار، بەم شێوەیە : -

١) گوتار دانەیەکی زمانی سەرو ڕستەیە، کە پێکهێنەرەکان پێوەندی و گونجانیـان پێکەوە هەیە.

٢)گوتار، سیستمێکی گوتەیە، جەخت کردنـەوە لـە سیمای گوتـەیی گوتـاریش لـە بنەڕەتـدا، لـەکارکردنی زمانەکانـەوە لـە زمـانی ئاخاوتنـەوە سەرچـاوە دەگرێـت، چونکە ئاخاوتن سیمایەکی گوتەیی تایبەتی تاکە، لە نێو سیستەمە ئاماژەییەکاندا. گوتار لە هەموویان پتر، گوزارشت لە زمان دەکات .

٣)سەرچاوەی گوتار تاکەکەسـە (( قـسەکەر / نووسـەر ))، ئامـانج لێـی گەیانـدنی پەیامێکی ئاراستە کراوی کاریگەرە بۆ گوێگر / خوێنەر.

٤)گوتار خاوەنی ئەرك و گەیاندنی پەیامە بۆ بەرانبەر. لە پێنـاو بـاش گەیانـدن و کاریگـەریی زیـاتردا، پێویـستی بـە هۆکـاری نـا زمـانی دەبێـت، وەك دەوروبـەرو ئاماژەکان .

ئەم تایبەتییانەی گوتار لە لایـەك و بـەکارهێنانی جـۆراو جـۆری زاراوەی گوتـار لـە بۆنـەو کـاتی جیـاوازدا، واتـە فرەیـی بـەکارهێنانی چـەمکی گوتـار، هـانی گوتـار شیکارانی داوە، ( کە بڵێن، کێ، چۆن، لەبەرچی و لە چ کاتدا، ڕوودەکاتە بەکارهێنی

زمـان، ئەمانــە ببنــە سـیمای دیـاری گوتـار)، ((ڕەحـیم : ٢٠٠٥ : ٥٤ )) دیـارە ئـەم لایەنـەش، کە ڕەگەزەکانی چیرۆکە هەواڵ پێك دەهێنن، لە بەشی سێیەمی نامەکەدا ڕوونکراوەتەوە .

## شیکارکردنی گوتار :

شیکارکردنی گوتاریش، وەك خـودی گوتـار، لێکدانـەوەو چـەندو چـوونی زۆری لەسـەرە، چونکە لـە بوارەکـانی کۆمەڵناسـی، مـرۆڤ ناسـی، فەلـسەفەو زمانەوانییـدا بـەکاردێت. ئەمــەش وایکـردوە ببێتــە خــاڵی جیــاوازی و نــاکۆکی، بــۆ نموونــە لــە ئـەمریکا دەچـێتە بـواری مـرۆڤ ناسـییەوە، ٢کەچـی لـە فەڕەنـسا بـە پێـچەوانەوە، ڕوانگەیــەکی زمانــەوانی /هەیــە /((دومینیــك:٢٠٠٨: ١١ )) واتــە دەتــوانین بڵــێن، شــیکارکردنی گوتــار، لێکۆڵینەوەیــەکی فــرە لایەنــە، بــە شــێوەیەکی ســەرەکی لــە بوارەکانی ((زمانەوانی، مرۆڤناسی، فەلسەفەدا، ڕەگی داکوتـاوە، بـەڵام ئـەوەی ئێمـە مەبەستمانەو لەم لێکۆڵینەوەیەدا، تیشکی دەخەینـە سـەر، لایەنـە زمانییەکەیـەتی. زاراوەی شیکار کردنی گوتار، بۆ یەکەم جار لە لایەن ((زەلیك هەریس )) دوە، ساڵی ١٩٥٢ بـەکار هـات، ((ڕەحـیم : ٢٠٠٥ : ٥٢ )) هـەریس لـە وتارەکەیـدا، سـەیرکردنێکی فۆرمالیستیانەی لە شیکار کردنی گوتاردا هەبوو . هـەر بۆیـە زمانەوانـەکان شـیکار کردنی گوتاریان بە خاڵی بەرانبەر شیکردنەوەی دەق دادەنـا، لێـرەوە هەوڵـدەدەین، چەند پێناسیەکی  شیکارکردنی گوتار بخەینە روو:

١) شیکارکردنی گوتـار، شـیکردنەوەی زمانـە لـە بەکارهێنانـدا، بـەجۆرێك ناتوانێـت تەنیا لایـەنی فـۆرم و پەسـن کردنـی شـێوە بگرێتـە خـۆ، بـەبێ لەبـەر چـاو گرتنـی ئـەرکی و فۆرمـە زمانییـەکان لـە ژیـانی مرۆڤـدا،(( Brown and : 1983 : 2 Yule))

٢) شـیکارکردنی گوتـار کەرەسـتەیەکە بـۆ گەیـشتن بـە مانـای گوتـار، (Roy : 2000 : 9)

٣) شــیکارکردنی گوتــار، لێکۆڵینەوەیــە لەســەر چــۆنیەتی تێگەیــشتنی زنجــیرەی وابەسـتەیەکی زمـان، لـە دەورو بـەردا، وەك یەکەیـەکی مانـا بـەخش و چـۆنیەتی یەکخستنیان لە لایەن قسەکەرەوە،     (( CooK : 2003 : 50 ))

٤) شیکارکردنی گوتار، جۆریکە لە لێکۆڵینەوە، گرنگی دەدا ت بە :

أ – لێکۆڵینەوەی زمان لە سنوری گوتەو ڕستەوە .

ب- پێوەندی زمان و کۆمەڵ .

پ- خاسیەتە کارلێککەرەکانی زمانی ڕۆژانەیە .

(( Slem Brouk : 2006 ))

٥) (ڤان دایك) دەڵێت، لێکۆڵینەوەی کارەکی زمانە لەبارودۆخێکی ڕاستەقینەدا، لە لایەن کەسانی ئاخێوەری ڕاستەقینە. (( دومینیك : ٢٠٠٨ : ٩ ))

پێناسەکانی سەرەوە ئەو ڕاستییەمان پێدەڵێن کە، شیکار کردنی گوتار لێکۆڵینوەیەکی زمانییە، بە دوو ئاڕاستە کار دەکات :

١) قسەکەر / نووسەر (بیر شکاندن )

٢) گوێگر / خوێنەر ( کۆکردنەوەی بیر )

واتە گوتار، وەك دانەیەکی زمان، کە هەڵگری پەیامێکە بۆ بەرانبەر، بە کۆی ڕستەکانی، بیرێك دەگەیەنێت، قسەکەر / نووسەر ئەم بیرە دەشکێنێتو دابەشی سەر ڕستەکانی دەکات. ئەوەی بە ((زانیاری کۆن / زانیاری نوێ )) دادەنرێت، دواتر ئەرکی گوێگرو خوێنەر، ئەوەیە دووبارە بەشەکان کۆبکەنەوەو گشتیان لێ بنیات بنێنەوە، تا بتوانن پەیامەکە بە تەواوەتی وەك خۆی وەربگرن، هەر بۆیە لە زۆربەی توێژینەوەکانی بواری ڕاگەیاندندا، توێژەر دەقەکە بۆ دانەی زمانی وردتر دابەش دەکات، چونکە، هەریەکێك لەو دانە زمانییانە، ئەرکێکی هەیەو لە بونیادی گشتی دەقەکەدا بەشدارە، بۆ نمونە لە چیرۆکە هەواڵدا، هەریەکێك لەم دانانە، ڕەگەزێکی چیرۆکە هەواڵەکە پێکدێنن و زانیاری دەگەیەنن .[1]

ئەم میتۆدە ئەوە دەگەیەنێت، کە زمان ئەرکی هەیەو پێویستە لە چوارچێوەی بەکارهێناندا سەیر بکرێت، هەر بۆیە (( لیچ )) وای بۆ دەچێت (( مرۆڤ کاتێك لە پراگماتیك تێدەگات، واتە زمان لە بەکارهێناندا، ئەوسا بەتەواوی لە چییەتی زمان تێدەگات )) (2: Leach :1983 )

هەر بۆیە لێکۆڵینەوەی وەك ((شیکار کردنی گوتار، ڕاڤە کردنی دەق، زمانەوانیی کارەکی، بەشەکانی زانستیی واتای پراگماتیکی پێکدێنن )) (صفوی ٢٠٠٣: ٢١ )

---

[1] بڕوانە بەشی سێیەمی نامەکە.

## رِێزمانی گوتار:

رێزمان وەك بابەتێكی زانستی، یەكێكە لە پێكهێنەرەكانی زمانەوانی و بریتییە لە كۆمەڵێ یاساو دەستور لەبارەی گۆڕینی وشەو چوونە پاڵ یەكدی لە ڕستەدا،( ئەورەحمان :١٩٧٩: ٣ ) ڕێزمان ئامێرێكە لە ڕستە زمانییەكانی، دانەی نوێ بەرهەم دێنێت، هەربۆیە چۆمسكی لە پێناسەی زماندا دەڵێت : (( زمان كۆمەڵە ڕستەیەكە، ڕێزمان دەریان دەكات، ( محەمەد :١٩٩٠ :٥) كۆی قسەكان لەوەدا یەكدەگرنەوە، كەڕێزمان ئامێرێكە لە كۆمەڵێك كەرەستەی سنوردار (( وشە)) ژمارەیەكی بێ كۆتا رستە دەردەكات، ئاشكرایە بەرهەم هێنان بێكۆتایە، بە تایبەتی لە بواری زماندا، لەم ڕوانگەوە پێناسەكە بەپێی ماتماتیك، بەم شێوەیەی لێ دێت :

زمان = كۆی ڕستە + ١ ..................

واتە دەتوانین ژمارەی فۆنیم و بڕگەو وشەكانی هەر زمانێك بزانین، بەلاّم ناتوانین سنور بۆ ژمارەی ڕستەكانی هیچ زمانێك دابنێین،

بەم پێیە( زمانی كوردی = كۆی ڕستەی زمانی كوردی + ١ .......... )) بۆ ئەم هاوكێشەیە سود لە: ((محەمەدی مەحوی: ٢٠٠١: ١٢)) وەرگیراوە

ئەو بۆچوونەی ڕستە بە دوادانەی شیكردنەوەی ڕێزمان دادەناو لە پێناسەی زماندا وەك بنەمایەك سەیر دەكرا، تا ناوەڕاستی حەفتاكانی سەدەی ڕابردوو هەژموونی خۆی سەپاندبوو، لەو كاتە بە دواوە، ئاڕاستەی كاری زمانەوانی بۆ سنوری پاش ڕستە (( گوتار، دەق )) فراوانبوو. ئەگەر زمان لای چۆمسكی بریتیبێت لە توانینو چالاكی*، وەك دەردەكەوێت،

---

* توانست : مەبەست لەو زانیاریە زمانیانەیە، كە لە مێشكی ئاخێوەر دایە، واتە لایەنی شاراوەی زمانە، ئەم توانستە لەو كەسانەشدا هەیە، كە پلەیەكی بەرز لە زمانی بێگانە دەبڕن، واتە جگە لە زمانی دایك، زانیاریە زمانیەكانی مێشكی ئاخێوەریش، ئەمانە دەگرێتەوە :

أ- توانای جیاكردنەوەی ڕستەی ڕێزمانی لە نا ڕێزمانی، ئەم توانایە زیاتر لە یەك دیالێكتدا هەیە، واتە ڕێزمانی و ناڕێزمانی لە سنوری دیالێكتی ئاخێوەردا، وەك :

١- دەریا نانەكەی خوارد . ڕێزمانیە

٢- ★ نانەكەی دەریا خوارد . ناڕێزمانیە

هەموو ئاخێوەرێكی كرمانجی ناوەڕاست، رستەی یەكەم بە ڕێزمانی دادەنێت لەبەر ئەوەی لەگەڵ سەلیقەیدا دەگونجێت، بەلاّم ڕستەی دووەم بە نا ڕێزمانی یان ((هەڵە )) دەزانێت، چونكە لەگەڵ سەلیقەیدا ناگونجێت، بەلاّم تەنیا زمانەوان هۆی ناڕێزمانی ڕستەی دووەم دەزانێت، ◄◄

زانیارییەکان تارِستە برِ دەکەن. بەلاَم لە شیکارکردنی گوتاردا، ناتوانین بەمە رِازیبین، بەلْکو پێویستمان بەوەیە توانستی پراگماتیکی بۆ زیاد بکەین، واتە ئاخێوەر توانای ئەوەی هەبێت، ٢یەکە زمانییەکان بە دەورو بەرەوە ببەستێتەوەو شییان بکاتەوەو لێیان تێ بگات، یان بە شێوەیەکی گشتی گوتار یەکبخات . (دومینێك : ٢٠٠٨ : ٢٣ )، کەواتە وەك (( چۆن بە پێی یاساکانی زمان دەتوانین وشەو گرێ و رِستە بەرهەم بێنین، بە هەمان شێوە، یاساکانی گوتاریش یارمەتیمان دەدەن، کە رِستەکان بە جۆرێك دەربرِین، کە پێوەندیان پێکەوە هەبێت))، ((عەلی ٢٠٠٧: ١١ )).

---

◄◄کە لەگەڵ یاسای رِێزبوونی کەرەستە لە رِستەی کوردیدا، ناگونجێت، واتە ئاخێوەر هەست بە رستەی نا رِێزمانی دەکات، بەلاَم هۆیەکەی نازانێت، تەنانەت زۆرجار ئاخێوەر هەست بە پلەی رِێزمانی بوونیش دەکات،

بۆ نمونە :

١- من نانەکەم خوارد.
٢- ٭نانەکە من خواردم .
٣- ٭نانەکە من خوارد .

واتە رِستەی یەکەم رِێزمانیە، دوەم و سێیەم نا رِێزمانین، بەلاَم دووەم پلەی رِێزمانی لە سێیەم زیاترە .

٢- توانای جیاکردنەوەی رِستەی لێڵ لە رستەی رِوون، وەك :

١. ئازاد سێوی کرِی. رِستەیەکی رِوونە.
٢. ئازاد شیری کرِی . رِستەیەکی لێڵە، چونکە وشەی ((شیر ))ی تیدا، کە
شیری شمشێر هاوبێژە و سەرچاوەی لێڵی رِستەکەیە .
خواردن

٣- توانستی پەیبردن بە پێوەندی نێوان رِستەکان، وەك :

١- من تۆم بینی .
٢- تۆم بینی .
٣- بینیمیت

٤- توانای پەیبردن بە رِۆڵی رِێزمانی کەرەستەکانی رِستە، واتە کامیان بکەر و کامیان بەرکارە .

بۆ ئەم زانیاریانە، سوود لە ( محەمەد معروف فەتاح، وانەکانی خوێندی بالاَ، دکتۆرای زمان، کۆرسی یەکەم، سینتاکس (٢٠٠٦ — ٢٠٠٧ ) وەرگیراوە .

وەك پێشتر ئاماژەمان پێكرد، توانستی پراگماتیكی، توانای تێگەیشتنی لە گوتارو چۆنیەتی بەستنەوەی بە دەورو بەرەوە بە مرۆڤ دەدات، ئەمەش بەشێك لە ڕێزمانی گوتار پێكدێنێت، وەك:

٤٥- أ- ئەریٚ تۆناوت چی بوو ؟

ب-ناوم دیاكۆیە .

كەواتە ڕێزمانی گوتار ((گرنگی بەم جۆرە یاسایانەدەدات، كەڕۆڵی بەشداربووان لەكردەی ئاخاوتن و گرنگی دەورو بەر دەردەخات )) ((میشیل : ٢٠٠٥ :١٣٨)) لەبواری گوتاری نوسراویشدا، لایەنێكی گرنگ، كە ڕێزمانی گوتار جەختی لەسەر دەكاتو دەیكاتە بواری لێكدانەوەی، كە لەڕێزمانی وەسفیدا، یان لەو كاتەی ڕستە بەدابڕاوی، وەك دانەیەكی تەنیا سەیر دەكرێت، بەجۆرێكی ترە، بریتییە لە بەكارهێنانی كرداری ڕانەبردوو لەبری ڕابردوو، ئەوەی ئاشكرایە كرداری ڕابردوو لەپێش قسەكردندا ڕوودەدات وەك :

٤٦- ئارام هات .

كاتی قسەكردن كردارە كە بوە بە پێچەوانەوە كرداری ڕانەبردوو، ڕوینەداوە وەك:

٤٧- ئارام دێت .

بەلاٚم لەڕێزمانی گوتاردا پێچەوانەیە، واتە بەكار هێنانی ڕانەبردوو لەكاتێكدایەو ڕوداوەكە ڕوویداوە، بەتایبەتی لەداڕشتنی چیرۆكە هەواڵو زمانی ڕاگەیاندندا بەگشتی " بینراو - بیستراو - نوسراو " بەبلاٚوی دەبینرێت، وەك :

٤٨- سەرۆك تاڵەبانی سەرپەرشتی كۆبونەوەی سەرۆكایەتیی كۆماردەكات .

٤٩- سەرۆك بارزانی و كۆسرەت ڕەسول سەردانی ناوچەی بالیسان دەكەن .

٥٠- كوڕێك خۆی بریندار دەكات .

٥١- دوو كەس گیان لەدەست دەدەن .

ئەمانەو دەیان نموونەی تریش، ڕۆژانە لەمیدیای كوردیدا دەبینرێن و دەبیسترێن، تێكڕایان كردارەكانیان لەكاتی ڕابردوودا ڕوویانداوە، كردارەكانی " سەرپەرشتی دەكات، سەردان دەكەن، بریندار دەكات، لەدەست دەدەن " هەرچواریان لەكاتی نوسین، یان خوێندنەوەی هەواڵەكە، ڕوویان داوە، ئەمانەش بەگشتی پێوەندیان بەولایەنەوە هەیە، كەهەواڵنووس دەیەوێ، لەڕێی نوێی هەاڵەكەوە، كاریگەری زیاتر دابنێ و گوێگر / خوێنەر ناچاری بەردەوامی بكات، بەلاٚم ئەمە بەو مانایە

نییــە، کــەزمانی دارِشــتنی چــیرۆکە هــەواڵ، بــەردەوام پێویــستە وابێــت، بــەڵکو دەگونجێت ئاسایی کاتی رِابردوو بەکار بێت، وەك :

٥٢- لەبەر تەدەخولی حیزبی دەستم لەکار کێشایەوە .

رِۆژنامە

١٤ / ٤ / ٢٠٠٨

ژ: ١٩٨

کـرداری " دەسـتم لـەکار کێـشایەوە " کـاتی رِابـردووی تـەواوە، پەیوەسـت بـەکاتی رابردوو رِانەبردووە، لەلێکۆڵینەوەیەکـدا " کارکـەرو ماکـارس" سـاڵی ١٩٧٥، دەڵێن: (( بـــەکار هێنـــانی کـــاتی رِانـــەبردوو لـــەبری رِابـــردوو بـــۆدەربرِینی رِووداوە مەزەندەکراوەکانە )) (( میشیل : ٢٠٠٥ : ١٤٠ )) بۆیە لـەبری رِسـتەی یەکـەم دووەم بەکار بێت:

٥٣- رِۆژنامەکە ئاماژەی بەئەوە کرد ....

٥٤- رِۆژنامەکە ئاماژە بۆئەوە دەکات، کە .....

کوردستانی نوێ

٢٥ / ٣ / ٢٠٠٧

ژ: ٤٢٢٤

رِۆژنامــەی کـوردی لـە سـەر دێـرِدا دیاردەیـەکی تـریش بـەفراوانی پـەیرِەو دەکـەن، ئەویش گـۆرِینی کـرداری رِسـتەیە بـۆ " نـاوی رِووداو - چاوگ "و هێنانـە سـەرەتا، واتــە نووســینی رِســتەی بــێ کــردار، کەپێــچەوانەی رِێزمــانی کوردییــە، چــونکە لەکوردیدا کرداربەشێکی بنجی رِستەیە، وەك :

٥٥- گرتنی باڵوێز خانەی عێراق، لە لاهای ........

رِێگای کوردستان

٩ / ٧ / ١٩٩١

ژ: ٢١٢

٥٦- ناردنی هێزی ئاشتی پارێز، بۆکۆماری برِۆندی ........

کوردستانی نوێ

ژ: ٢٥٩٦

هەردوو نموونەکە کارەکانیـان، کـراون بـەناوی رِووداو، واتـە دەبـوو لـەبری (گـرتن) "گیرا یـان دەدەسـتی بەسـەردا گـیرا" جگـە لەمـەش گـۆرِینی شـوێنی کەرسـتەکان و

خۆنەبەستنەوە بەیاسای ڕیزبوونی بەشەکانی ڕستەوە، بووەتە سیمایەکی دیاری زمانی میدیای کوردی، بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەمان، با لەم ناونیشانە وردبینەوە:
٥٧- لە دووزخورماتوو ئەفسەرێکی ئەمن دەکوژرێت......

هاولاتی

٢٠٠١/٨/٥

ژ: ٣٤

بەپێی یاسای ڕیزبوونی کەرەستە لە ڕستەی کوردیدا، پێویستە بەم شێوەیە بێت:
٥٨- ئەفسەرێکی ئەمن لە دووزخورماتوو دەکوژرێت.

یان

٥٩- ڕژێمی بەغدا بەردەوامە لە تەعریب کردنی ناوچە کورد نشینەکانی ژێر دەسەلاتی خۆی ..

ڕێگای کوردستان

١٩٩٧/٣/٢٦

ژ: ٣٤٤

لە ڕاستیدا ڕستەکە بەم شێوەیە :

ڕژێمی بەغدا لە تەعریب کردنی ناوچە کوردنشینەکانی ژێر دەسەلاتی خۆی بەردەوامە.

پێویستە بوترێت جێناوی (( خۆی )) لەم ڕستەیەدا، لە چوارچێوەی ڕێزمانی دەسەلاتو بەستنەوەدا و بە پێی ( پرنسیپی A) لێکدەدرێتەوە، کە ئاماژە بۆ پێشی خۆی دەکات، ئەویش گرێی ناوی (( ڕژێمی بەغدا )) یە، کە پەیوەندیەکی واتایی لە نێوانیاندا دروستبووە.* دەشگونجێت ئەم نمونانە وەك ڕێگایەکی بە ناوەندکردن لە دارشتنی هەوالدا سەیربکرێت.**

---

* بۆزانیاری زیاتر،دەربارەی پرنسیپەکانی لێکدانەوەی جێناوی (( خۆیی )) بڕوانە :
﴿صباح ڕەشید قادر، ٢٠٠٧، ٩٦ .﴾
** بڕوانە ل١١٦ی نامەکە.

# بەشی دووەم

# دارِشـــتـــنـی زمـــانی هـــــــەواڵ

# دارشتنی زمانی هەواڵ

## سەرەتا :

چیرۆکە هەواڵ، وەك دانەیەکی پاش ڕستە، کۆمەڵێك یاساو بنەمای خۆی هەیە، کە بە "ڕێزمانی دەق" دادەنرێن، واتە کۆی ئەو ڕێو شوێنانەی، بەمەبەستی دارشتنی چیرۆکە هەواڵێك لەپێناو گەیاندنی پەیامی نوسەردا پێڕەو دەکرێن. ئەمانە لایەنەکانی دارشتنی زمانی چیرۆکە هەواڵ پێکدێنن، وەك لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، چیرۆکە هەواڵ دەقێکی نوسراوە، بۆیە گرنگە "دەقو نادەق" جیا بکەینەوە، پاشان هەنگاوەکانو بنەماکانی دارشتنی زمانی هەواڵ وەك دەقێك شیدەکەینەوە.

## دەقو نادەق :

وشەی دەق "ئەو دانە زمانییە دەگرێتەوە، کە لەسەرو ڕستەیەکەوە پێکدێت" ((salkie:1997:1x)) بەلاّم دەشگونجێت کەمتر لەڕستە، بەهۆی بەندکردنی بەدەوروبەرەوە، بەدەق دابنرێت، وەکو "زوربەی دەقە باوەکان، لەیەك ڕستە کەمتر پێکهاتوون، وەك: ئاگاداری لافیتە ... بۆ فرۆشتن، داخراوە، واتە کورتیو درێژی بەرچاو ناگیرێت" ((قەیس: ٢٠٠٢: ٣٢)) بەلاّم بەشێوەیەکی گشتی ئاشکرایە، کە لەتێگەیشتنی باودا، دەق دانەیەکی زمانی پاش ڕستەیە، واتە ڕستەیەك زیاتر لەڕۆنانیدا بەشدارن، بۆیە دەبێت ئەم ڕستانە بەڕێگای جۆراوجۆری ڕێزمانی پێکەوە ببەسترێن، تا هەموو کەس، وەك دانەیەکی پتەو وەریگرێت، چونکە "توانستی مرۆڤ تەنیا لەسنوری ڕستەدا ناوەستێت، بەڵکو توانای هەڵسەنگاندنو دیاریکردنی دەقو جیاکردنەوەی لەنادەق بەشێکن لەتوانستی ئاخێوەر" ((شحدة، جهاد، موسی، محمد: ٢٠٠٦: ١٩٨)). بەم پێیە ناسینەوەی دەقو جیاکردنەوەی لەدەق، کارێکی هێندە گران نییەو هەموو قسەکەرێکی زمان، وەك چۆن دەتوانێت ڕستەی ڕێزمانیو ناڕێزمانی لەیەکتر جیا بکاتەوە، ئاواش دەق و نادەق لێك جیادەکاتەوە وەك:

١- شارا بوكه پەرۆينه هەڵدەپەڕێنێت.

٢- هەڵدەپەڕێنێت شارا بوكه پەرۆينه.⋆

هەموو قسەكەرێكی زمانی كوردی هەر بەسەلیقه دەزانێت ڕستەی یەكەم ڕێزمانییە، چونكه لەگەڵ شارەزایی خۆیدا دەگونجێت، بەڵام ڕستەی دووەم نارێزمانییە، لەبەر ئەوەی شارەزایی ئاخێوەری زمانی كوردی، ڕێگه بەڕیزكردنی لەو شێوەیه نادات. قسەكەرانی زمانی كوردی دیسان بەسەلیقه، بڕیار لەسەر ئەم دووانەی خوارەوەش دەدەن:

٣- ڕژێمی دیكتاتۆری بەعس بۆ تەعریبكردن، زیاتر له ١٠ هەزار هاووڵاتی لەخانەقینو دەوروبەری دەركردبوو، لەجێگەیاندا عەرەبی هاوردەی نیشتەجێ كردبوو ..

خەبات

٢٠٠٧/٣/٢٠

ژ: ٢٤٤٣

- عەرەبی هاوردەی نیشتەجێ كردوو، زیاتر له ١٠ هەزار هاووڵاتی، ڕژێمی دیكتاتۆری بەعس، لەجێگەیاندا لەخانەقینو دەوروبەری دەركردبوو ...

خوێندنەوەی ئەو دووانه بۆمان ڕووندەكاتەوە. یەكەمیان دەقەو بنەماكانی ڕێزمانی دەقی تێدا پێڕەو كراوە، هەرچی دووەمه بەهۆی لادان لەو بنەمایاوە، بە نادەق دادەنرێت. كەواتە دەقو نادەق، بەهۆی پێڕەو كردنو لادان لەهەندێ بنەماوە بەرهەم دێن، كەبریتین لەمانە:

یەكەم: پتەوی دەق cohesion

دووەم: دەقایەتی coherence

## پتەوی دەق:

دەق وەك پێكهاتەیەكی زمانی، ڕۆنانێكی تایبەتی خۆی هەیە، كه لەنادەق جیای دەكاتەوە. ئەو ڕۆنانه تایبەتەش پشت بەچەند ڕێگایەك دەبەستێت، كه جیاوازە لەو ڕێگایانەی ڕۆنانێكی وەك ڕسته كەڵكیان لێ وەردەگرێت. "ئەو ڕێگایانەش بە (پتەوی دەق) وەسفدەكرێن، یان ئەو پێوەندیانەیە، كه لەنێوان بەشەكانی دەقێكدا هەن" ((Yule: 2006: 125)). بەم شێوەیە، كۆی ئەو هۆكارانەی بەشەكانی دەقێك پێكەوە دەبەستنەوە، تا ڕۆنانێكی پتەوی وەك دەق بەرهەم بێت، بە (پتەوی دەق)

دادەنرێن. پێویستە ئەوەش بوترێت، پەیبردن بەو هۆکارانە، لەتوانستی وەرگردایە، واتە وەرگر دەتوانێت بڕیار لەسەر دەقو نادەق بدات. کەواتە ئەو ڕێگایانە، بایەخی خۆیان لەچارەنووسی ڕۆنانەکەدا، بەوەرگرتن، یان ڕەتدانەوە دەبێت، ئەمەش لەگەیشتنی پەیامەکەدا دەردەکەوێت. بەم شێوەیە توانستی زمانی قسەکەر. تەنیا لەسنورێکدا ناوەستێت، کەگرێو ڕستەی ڕێزمانیو ناڕێزمانی لەیەك جیا بکاتەوە، بەڵکو لەوە هەڵکشاوتریش دەڕواتو دەقو نادەقیش، بەهۆی ڕێگاکانی پتەوی دەقەوە لەیەك جیا دەکاتەوە، کەدەکرێن بە دوو بەشەوە:

١- لکاندنی ڕێزمانی
٢- لکاندنی وشەیی

## لکاندنی ڕێزمانی

کۆمەڵێك ڕێگا هەن لەلکاندنو پتەوی دەقدا، ئەرکی گرنگ دەبینن، کەئەمانەن:

**یەکەم: ئاماژە** : یەکێکە لەڕێگاکانی بەستنەوەی بەشەکانی دەق پێکەوە، یان "هۆکارێکە کەقسەکەر یان نوسەر بەکاریدەهێنێت، تا لەدیاریکردنی کەس، یان شت ڕێگە بەخوێنەر یان گوێگر بدات"(( Ibid: 2006: 125 )). واتە دیاریکردنی فۆرمی ئاماژە بۆکراو لەهەواڵەکەدا، ئەرکی خوێنەرە. ئامازەش، وەك هەر بابەتێکی زمانەوانی، پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، بۆیە دەبینین "ڕافایێل" زیاتر لەڕوانگەی واتاوە سەیریدەکاتو بەپتەوی دەقەوە دەیبەستێتەوە، کەدەڵێت "ئەو وشانەن، کەدەبێت بەیارمەتی دەوروبەرەکەیان، بڕیار لەسەر واتایان بدەین، بەم هۆیەوە لەکردەی لکاندنو پتەوی دەقدا، گرنگی خۆیان دەبێت" (( salkie: 1997: 4)) وەك:

٤- ئەوەی بەسەر کورددا هاتووە لەمێژوودا بێ وێنە بووە.

جێناوی نیشانەی "ئەوە"، بەهۆی دەوروبەرەوە واتا پەیدا دەکات، کەکۆی ئەو کارەساتانە دەگرێتەوە، کە بەسەر کورددا هاتوون، چونکە هەر جارەی ئاماژە بۆ کەسێك، یان شتێك دەکات، بۆیە واتای دیاریکراوو سەربەخۆی نییە، بەڵکو بەپێی دەوروبەر دەگۆڕێت، ئاماژە بەم شێوەیە پۆلدەکرێت:

ئاماژە*

دەرەئاماژە: جوڵەیی، هێمایی

دەقەئاماژە: چاو لەپێش، چاو لەدوا

دەرەئاماژە: ئەو وشانە دەگرێتەوە، ئاماژە بۆ دەرەوەی زمان دەکەن، واتە کەس، یان کەرەستە کە لەدەرەوەی زماندایە، وەك:

٥- دیاکۆ هات.

وشـەی "دیـاکۆ"، ئامـاژە بـۆ نـاوی کەسـێك دەکـات، کـە لـەدەرەوەی زماندایـە، دەرەئاماژەش دوو جۆرە:

جوڵـەیی: بـەکارهێنانی ئامـاژەی جوڵـەیی قـسەکەر، پێویـستە لـەکاتی ئاخاوتنـدا، دەست ، چاو، یـان ئەنـدامێکی لـەش بجوڵێت، بەمەبەسـتی لێکدانـەوەو تێگەیـشتن، وەك:

٦- ئەم پەنجەیەم گۆ ناکات.

٧- تۆو تۆ بڕۆن.

هێمایی: ئەم جۆرە لەئاماژە، جوڵانـدنی ئەنـدامی لەشـی ناوێت، بـەڵکو پێویـستمان بـەزانینی کـاتو شـوێنی ڕووداوەکەیـە، بـۆ ئـەوەی نیـشانەکانی ئامـاژە لەگـەڵ دەوروبەردا جوتبن، وەك:

٨- دوای تەقینەوەکانی چوارشەممەی ڕابردووی شاری هەولێرو بۆ بەرگرتن لەهەر ڕوداوێکی تری لەو چەشنە، هێزەکانی پۆلیسو ئاسایشی هەولێر ڕێو شوێنی ئەمنی توند لەو شارە دەگرنەبەر ...

ئاوێنە

٢٠٠٧/٥/١٥

ژ: ٦٩

---

* بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

1. Halliday, Hasan, 1976 : 33
2. Levinson, 1983 : 65 - 68
3. Raphale, 1997: 64

٤. هۆگر مەحمود فەرەج : ٢٠٠٠: ٦ ، ١٩ - ٢٨

٥. قەیس کاکل تۆفیق، ٢٠٠٢ : ٤٦ - ٤٩

6. Yule: 2006: 116.

(لەو) کورتکراوەی "لە ئەوە"، بەکارهێنانی ئاماژەیی هێمایيە، چونکە ئاماژەیە بۆ شاری هەولێر، کەڕوداوەکەی تێدابووە.

٩- باڵیۆزخانەی عێراق لەبەریتانیا تەئکیدیکردەوە پەیوەندی عێراق‌و بەریتانیا بەکەسێك یان پارتێکەوە نەبەستراوەو لەبنەڕەتدا مەسەلەیەکی مەبدەئییە ...

کوردستانی نوێ

٢٠٠٧/٤/٩

ژ: ٤٣٣٧

جێناوی نادیاری "کەس"، لەگەڵ ناوی گشتی "پارت"، ئاماژە بۆ کەسێك، یان پارتێکی دیاریکراو ناکەن، بەڵکو مەبەست هەر کەس‌و پارتێکە، کەجێگەی تۆنی بلێرو پارتی کرێکارانی بەریتانیا، بگرێتەوە، کەپارتەکەی تۆنی بلێرە.

**دەقــەئاماژە:** ئەم جۆرە لەئاماژە، هەموو کەرەستە زمانییەکان دەگرێتەوە، کەئاماژە بۆ ناو دەق دەکەن، واتە پێوەندیی بەدەرەوەی دەقەوە نییە، دەکرێت بەدوو جۆرەوە:

أ- **چاو لە پێش** : بەکارهێنانی ئاماژەیی چاو لەپێش کاتێك دروستدەبێت، کەپێشتر ئاماژەبۆکراو بەوەرگر ناسێنرابێت، واتە "لەبەشەکانی پێشەوەی دەقەکەدا ئاشکرا کراوە، دووبارە ئاماژەی بۆ دەکرێتەوە" ((Yule: 2006: 116)). بەکارهێنانی ئاماژەیی چاو لەپێش لەزمانی کوردیدا، بەشێوەیەکی بڵاو دەبینرێت، واتە بەراورد بە "ئاماژەی چاو لەدوا"، لەپتەوی دەقدا، ڕۆڵی زیاترە. "لاینز" چاو لەپێش بەجۆرێك لەبریتیخستن دادەنێت، بەم شێوەیە لەبری دووبارەکردنەوەی ناوەکە، کەڵك لەو کەرەستە پراگماتیکیانە وەردەگرێت، بەتایبەتیش جێناوە کەسییەکان ((قەیس: ٢٠٠٢: ٤٨)) وەك:

١٠- گوتیشی ئەگەر تۆنی بلێر بڕوات‌و گریمان گۆردن براون جێگەی گرتەوە، ئەوا ئەویش پەیوەستە بەهەمان سیاسەت، باڵیۆز سەلاح شێخلی ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد ....

کوردستانی نوێ

٢٠٠٧/٤/٩

ژ: ٤٣٣٧

لەم بەشەی چیرۆکە هەواڵەکەدا، جێناوی کەسی "ئەو" ئاماژە بۆ ناوی "گۆردن براون" دەکات، کە لەپێشەوە باسکراوە، واتە ڕستەکە بەم شێوەیەی لێدێت "ئەوا گۆردن براونیش پەیوەستە بەهەمان سیاسەت".

**ب- چاولەدوا :** ئەم جۆرەیان بەپێچەوانەی چاولەپێش، "ئاماژە بۆ کەرەستەیەك دەکەن، لەدوای خۆیانەوە دێت" ((Halliday: Hasan : 1976: 13)) بەکارهێنانی لەچیرۆکە هەواڵدا بەتایبەتی بڵاوە، وەك:

١١- لەلایەکی دیکەوە ڕۆژنامەی مەعاریفی ئیسرائیلی دوێنێ ئەوەی درکاندووە، کە نەتەنیاهۆ نامەیەکی نهێنی بۆ شاحوسێنی شای ئوردن ناردووە تیایدا ئەوەی ڕاگەیاندووە، کە ئامادەیە بەقەوارەیەکی سیاسی بۆ فەلەستین ڕازی بێت ...

برایەتی

١٩٩٨/٢/٩

ژ: ٢٥٢٢

دوو بەکارهێنانی ئامازەیی چاولەدوا دەبینرێت "ئەوەی درکاندووە" "ئەوەی ڕاگەیاندووە" یەکەمیان بریتییە لەپارستەی "کە نەتەنیاهۆ نامەیەکی بۆ شاحوسێنی شای ئوردن ناردووە"یە، دووەمیشیان بریتییە لەڕستەی ئاوێتەی "کەئامادەیە بەقەوارەیەکی سیاسی بۆ فەلەستین ڕازی بێت". لێرەدا تێبینی ئەوە دەکرێت، لەڕستەیەکی سادەدا، بەتایبەتی لەشیعردا، ئاماژە بۆ تاکە وشەیەك دەکەن، وەك:

١٢- ناوی مەخموران نەبەی "نالی" لەنێو

حەلقەی واعیظ لەوێن جاسوسیان

((دیوانی نالی: ٢٠٠٤: ٣٢٦))

جێناوی لکاوی "ی" کە کورتکراوەی "یت"ی کەسی دووەمی تاکە، لەکرداری "نەبەی"دا، ئاماژە بۆ ناوی "نالی" دەکات، کە لەدواوە هاتووە، بەڵام لەچیرۆکە هەواڵدا بەگشتی ئاماژە بۆ کەرەستەی گەورەتر لەوشە، وەك "گرێ، پارستە، ڕستە" دەکەن.

جگە لەبەکارهێنانی ئامازەیی جێناوەکان، شێوازی تری بەکارهێنانی ئاماژەی چاولەدوا لەڕۆژنامەی کوردیدا، بریتییە لەنوسینی بەشێکی هەواڵەکە لەلاپەڕە یەکداو نوسینی بۆ نموونە "بۆ ل٢" لەکۆتایی ئەو بەشەی هەواڵەکەدا، بەم شێوەیە

"بۆ ل٢" دەبێتە ئاماژەی چاو لەدوا، چونکە خوێنەر بۆ خوێندنەوەی تەواوی هەواڵەکە، دەبێت چاو لە "ل٢" بکات، وەك:

١٣- حکومەتی هەرێم تائێستا حسابی ٢٠٠٧ی ڕەوانەی پەرلەمان نەکردووە ..

ئاوێنە

٢٠٠٨/٨/٢٦

ژ: ١٣٦

ئەمە سەردێڕی هەواڵەکەیە، بەشێکی هاتووەو لەژێریدا "بۆ ل٢" نوسراوە.

جۆرێکی تر لەبەکارهێنانی چاولەدوا، زۆرجار ڕستەی "زانیاریی زیاتر لە ل٢ دا بخوێنەرەوە"، یان "لەو بارەیەوە ڕاپۆرتێك لە ل٢ دا بخوێنەرەوە" لەژێر هەواڵەکەدا دەنوسرێت، واتە هەواڵەکە بەتەواوی دەنوسرێت، پاشان یەکێك لەو ڕستانەش دێت، وەك:

١٤- حکومەتی هەرێم پارەی عەقاری سەردەمی بەعس لەفەرمانبەران وەردەگرێتەوە

ڕۆژنامە

٢٠٠٨/٧/٧

ژ : ٢٥٥

ئەم هەواڵە بەتەواوی لەلاپەڕە یەکدا هاتووە، بەڵام لەکۆتایدا ڕستەی "لەو بارەیەوە ڕاپۆرتێك لە ل٥ دا بخوێنەرەوە" نوسراوە.

١٥- دەرماڵەی خێزانداریو منداڵ تەنها بۆ پیاو خەرجدەکرێت

ڕۆژنامە

٢٠٠٨/٧/٧

ژ: ٢٥٥

لەکۆتایی ئەم هەواڵەشدا، ڕستەی "زانیاری زیاتر لە ل٩ دایە" نوسراوە.

جۆرێکی تری ئاماژەیی چاو لەدوا لەڕۆژنامەدا، بەکارهێنانی گرێی بەندی "لەژمارەکانی داهاتوودایە، وەك:

١٦- چاوپێکەوتنەکە لەژمارەکانی داهاتوودا بلاودەکەینەوە.

ئەم ڕستەیە لەژێر هەواڵێکی ژمارە "٤٣٣٧"ی ٢٠٠٧/٤/٩ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا نوسراوە.

**دووەم: ڕەگەزەکانی ئاماژە**

ئاماژەکردن بەهۆی چەند کەرەستەیەکی زمانییەوە دەبێت:

۱. **نیشاندەرەکان**

۲. **جێناوە کەسییەکان**

۳. **مۆرفیمەکانی بەراوردکردن**

۱- **نیشاندەرەکان** : مەبەست لە مۆرفیمەکانی ناسیاریو جێناوەکانی ئاماژەو ئاماژەکانی شوێنە، بەم شێوەیە:

أ- **مۆرفیمی ناسیاری** : لەو بەرهەمانەی لەبارەی ڕێزمانی کوردییەوە نوسراون، بەگشتی لە ئەرکی سینتاکسی ئەم مۆرفیمەیان کۆڵیوەتەوە، ئێمە ئەرکی لەچوارچێوەی هەواڵدا دەخەینەڕوو، کە ئاماژەیی چاو لەپێشە، وەك:

١٧- هەفتەی ڕابردوو، لەگەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر، تەرمی هەرزەکارێك دەدۆزرێتەوە، دوای ئەوەی تەرمەکە دەگەیەنرێتە یەکەی پزیشکی دادوەری چەندین پرسیار هاتە ئاراوە لەبارەی گیان لەدەستدانی، سەرچاوەیەکی ئاگادار لەڕووداوەکە ئەگەری ڕووداوەکەی گەڕاندەوە بۆ ژەهراوی کردنی ناوبراو تائێستاش هۆکاری ژەهراوی کردنەکەی نەزانراوە.

هەواڵ

٧ی تەموزی ٢٠٠٧

ژ: ٢٣٧

مۆرفیمی ناسیاری لەگرێی ناویی "تەرمەکە"، ئاماژە بۆ گرێی ناویی "تەرمی هەرزەکارێك" دەکات، کەپێشتر لەهەواڵەکەدا باسکراوە. دیسان لەگرێی ناویی "ڕووداوەکە"دا، دوو جار مۆرفیمی ناسیاری ئاماژە بۆ سەرەتای هەواڵەکە دەکات، کەبریتییە لەڕستەی "هەفتەی ڕابردوو، لەگەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر تەرمی هەرزەکارێك دۆزرایەوە، بەم شێوەیە، یەکەمیان لەبری کەسو دووەمیان لەبری "ڕوداو - شت" بەکارهاتوون.

١٨- ولیام کۆهینی وەزیری بەرگری ئەمریکا ڕایگەیاندووە کەوڵاتەکەی سوورە لەسەر ملکەچکردن بە سەدام حسێن سەرکۆماری عێراق ...

هەرێمی کوردستان

٢٠٠/٤/١٧

ژ: ١٩٧

لەم نموونەیەدا وشەی مۆرفیمی ناسیاری لەگرێی ناوی "وڵاتەکە"دا، ئاماژە بۆ ئەمریکا دەکات، کە لەپێشەوەی هەواڵەکەدا باسکراوە.

**ب- جێناوی ئاماژە :** جێناوەکانی ئاماژە لەکوردیی ناوەڕستدا، ئەمانەن:

| | **تاک** | **کۆ** |
|---|---|---|
| نزیک | ئەم ، ئەمە | ئەمان، ئەمانە |
| دوور | ئەو ، ئەوە | ئەوان، ئەوانە |

((ئەورەحمان: ١٩٨٧: ٢٦))

ئەم جێناوانەش لەهەواڵداو لەبەستنەوەی بەشەکانیدا ئەرک دەبینن، وەك:

١٩- لەم شەڕەدا دوو ئەنسار بریندار بوون و ئێستا لەنەخۆشخانەی مەریوان چارەسەر دەکرێن، ئەمە لەکاتێکدایە کەچەند کۆڵەپشتێکیان لەشوێنی ڕووداوەکەدا لێبەجێماوەو جێگە فیشەکیان پێوەیە.

ئاوێنە

٢٠٠٧/٣/٢٧

ژ: ٦٢

جێناوی نیشانەی "ئەمە"، کە بۆ نزیك بەکاردێت، ئاماژە بۆ ڕووداوی "چارەسەرکردنی بریندارەکان لەنەخۆشخانەی مەریوان" دەکات.

٢٠- من بۆ ڕاگرتنی تەبایی ناوچەکە هاتووم و ئەوەی کە بەعەقید جەمال کرا نەدەبوو بەو شێوەیە بوایە کەئەوان کردیان و عەقید جەمالیش نەدەبوو ئەوەی بکردایە.

هاوڵاتی

٢٠٠٣/١٠/١٠

ژ: ١٤٥

جێناوی ئاماژەی "ئەوە" ئاماژە بۆ ڕوداوێك دەکات، کە لەڕاستیدا لەدەرەوەی هەواڵەکە ڕویداوە، "پاکانەکردن، دەست تێکەڵکردن ..." کە بەهۆی زانیاریی دنیایی و دەوروبەری نازمانییەوە دەزانرێت، واتە دەبێت وەرگر ئاگای لەچۆنیەتی گرتن و بەردانی "عەقید جەمال"بێت، بۆ ئەوەی لەهەواڵەکە تێبگات.

٢١- وتەبێـژێك بـەناوی وەزارەتـی دەرەوەی بـەریتانیا ڕایگەیانـد بڕیـارە وەزارەتـی دەرەوەی ئـەڵمانیا ڕۆژی (١/٣٠) لەلەنـدەنی پایتـەختی بـەریتانیا لەسـەر دۆسـیە ئەتۆمیەکـەی ئێـران کۆببنـەوە. بـەپێی لێدوانی وتەبێژەکـە، ئەگـەری ئـەوە زۆرە، کـەکرۆکی ئـەم کۆبوونەوەیـە تایبـەتبێت، بەئاراسـتەکردنی دۆسـیە ئەتۆمیەکـەی تاران بۆ بەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ...

ئاسۆ

٢٠٠٦/١/٢٦

ژ: ١٨٣

بـەکارهێنانی جێنـاوی ئامـاژەیی "ئـەوە"، بەشـێوەی چـاو لـەدوا لـەم هەواڵـەدا، بەشـێکە لەپێوی دەقەکە، ئەگەر خوێنەر پرسیاری ئەوەی لا دروستبێت، بۆ نموونە:

- ئەگەری چی زۆرە؟

ئـەوا وەڵامەکـەی لـەدواوە هـاتووە، ئەگـەری ئـەوە زۆرە، کـەکرۆکی ئـەم کۆبوونەوەیـە تایبەتبێت بەئاراستەکردنی دۆسیە ئەتۆمیەکەی تـاران بـۆ بـەردەم ئەنجومـەنی ئاسایـشی نێودەوڵەتی.

## سێیەم: ئاماژەی کات و شوێن

بەگشتی ئاوەڵکرداری کات و شوێن ئەم ئەرکە دەبینن، وەك:

٢٢- لیژنـە فەرعیـەکان کۆدەبنـەوە بـۆ تـەواوکردنی کارەکانیـان و تـا ڕۆژی ٥/١٥ کۆبوونەوەکانیان بەردەوام دەبن و لەو کاتەدا کارەکانی لیژنەکە کۆتایی دێت...

کوردستانی نوێ

٢٠٠٧/٣/٢٧

ژ: ٤٢٣٦

گرێـی بەنـدی "لەوکاتـەدا"، ئامـاژە بـۆ کـاتی ڕووداوەکـە دەکـات و بـەم جـۆرەش دەقەکـە بەدەوروبەرەوە دەلکێنێت، کـە بەشـێوەی دەقـە ئاماژەیی چـاو لـەپێش بـەکارهاتووە، کـە (٥/١٥)ە. هەندێ جار ئاوەڵکرداری دووبارەکردنەوە "دیسان" لەسەرەتای هەواڵەکەوە دێت، بەمەش ئەرکی ئاماژەیی دەبینێت و هەواڵەکە لەگەڵ دەوروبەری نازمانیـدا، جووتـدەکات، وەك:

٢٣- دیسان تورکیا سنوری هەرێمی کوردستان دەبەزێنێ

ڕێگای کوردستان

١٩٩٧/١/١٩

ژ: ٣٣٤

دوای خوێندنەوەی هەواڵەکەو خستنەکاری زانیارییەکانی مێشکی وەرگر، ئەرکی ئاماژەیی ئاوەڵکرداری "دیسان" دەردەکەوێت، کەتورکیا ئەمە یەکەم جارنییە، سنوری هەرێمی کوردستان ببەزێنێت، بەڵکو پێشتریش ئەم کارەی کردووە.

٢٤- دوێنێ هاوڵاتیانی فنلندا ڕوویان کردە سندوقەکانی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکێکی نوێ بۆ وڵاتەکەیان ...

هەرێمی کوردستان

٢٠٠٠/١/١٧

ژ: ١٧٣

ئاوەڵکرداری "دوێنێ"، ئاماژە بۆ کاتی هەڵبژاردنەکە دەکاتو بەشێوەی ئاماژەیی بەکارهاتووە.

بەشێوەی ئاوەڵکرداری کات، ئاوەڵکرداری شوێنیش ئەرکی ئاماژەیی دەبینێت، وەك:

٢٥- سەرۆکی دەزگای پرۆژە تایبەتیەکان بەوەکالەت، بڕوای خۆی نیشاندا: پەلاماردانەکەی چەند ڕۆژی ڕابردووی کونسوڵخانەی ئێران لەشاری هەولێر کاریگەری دواخستنی هێنانی ئەو تانکەرە سوتەمەنیانەی لەسنوری هەرێمی کوردستان - ئێرانن، دەبێ ...

چاودێر

٢٠٠٧/١/٢٥

ژ: ١١٠

گرێی ئاوەڵکرداری "لەشاری هەولێر"، ئەرکی ئاماژەیی بینیوە، هەر لەو هەواڵەدا گرێی ئاوەڵکرداری "لەسنوری هەرێمی کوردستان - ئێرانن" دیسان بەکارهێنانێکی ئاماژەییە.

**چوارەم: جێناوە کەسییەکان :**

٢٦- پەیمانی باکوری ئەتڵەنتیك بەخواستی عێراقیەکان بەناوی ئەوانەوە هاتۆتە ئەم وڵاتە ...

ئاڵای ئازادی

٢٠٠٤/١٢/٦

ژ: ٥٩٢

جێناوی کەسی سێیەمی کۆ "ئەوان"، بەشێوەی ئاماژەیی چاو لەپێش بۆ "عێراقییەکان" دەگەڕێتەوە.

٢٧- وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی‌و ئابوری شێخ بایز تاڵەبانی لەلێدوانێکدا وتی "بەنوسراوێك بڕیاری زیادکردنی مووچەمان پێگەیشتووە، بەڵام تائێستا تەعلیماتی چۆنیەتی زیادکردنەکانمان بۆ نەهاتووە."
هەروەها وتی "دوو ڕۆژی تر، وەزارەتی دارایی عێراق بڕیار لەسەر چۆنیەتی زیادکردنەکەی دەدات‌و دواتر دەینێرێت بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم‌و ئەوانیش ڕەوانەی لای ئێمەی دەکەن."

ئاوێنە

٢٠٠٧/٣/٢٧

ژ: ٦٢

جێناوی کەسی سێیەمی کۆ "ئەوان"، ئاماژەیە بۆ "ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم"، جێناوی کەسی یەکەمی کۆ "ئێمە" واتا لەهەواڵەکەوە پەیدادەکات، ئاماژەیە بۆ قسەکەر "وەزیر"، یان وەزارەتی دارایی‌و ئابوری.
جگە لەجێناوی کەسییەکان، جێناوی خۆییش، ئەرکی ئاماژەیی دەبینن، وەك:
٢٨- کرێکارەکانی کانەکانی ڕوسیا گەیشتنە ڕێککەوتننامەیەك لەگەڵ حکومەتی ڕوسیاو بەپێی ئەم ڕێککەوتن نامەیە کرێکارەکان کۆتایی بەمانگرتنی خۆیان دەهێنن.

ڕێگای کوردستان

١٩٩٦/٢/٦

ژ: ١٩٣

جێناوی "خۆیان" بۆ کەسی سێیەمی کۆ، ئاماژە بۆ گرێی ناوی "کرێکارەکان" دەکات.
٢٩- عێراقییەکان خوازیاری ئەوەن، بەزوترین کات وەهایان لێ بێت کەمتر پشت بەخەڵکانی ترو هاوپەیمانان‌و بەهێزی سەربازی ببەستن‌و بتوانن خۆیان[١] چارەنوسی خۆیان[٢] دیاری بکەن.

ئاڵای ئازادی

٢٠٠٤/١٢/٦

ژ: ٥٩٢

جێناوی خۆیی ژمارە (١) "خۆیان" بۆ کەسی سێیەمی کۆ، ئاماژە بۆ عێراقییەکان دەکات، بەڵام ژمارە "٢" بۆ خاوەنداریێتی بەکارهاتووە.

**پێنجەم: مۆرفیمەکانی بەراورد**

چەمکی بەراورد پێچەوانەی ناو ڕێزمان، لەلکاندنی دەقدا، واتایەکی فراوانی هەیەو ئەرکی ئاماژەیی دەبینێت، دوو جۆری هەیە "گشتیو تایبەتی" ((قەیس: ۲۰۰۲: ۹۰))

۱. **بەراوردکردنی گشتی:** ئەم جۆرە بۆ مۆررفیمی بەراورد ئەنجام دەدرێت، وەك:

۳۰- ئەگەری تۆنی بلێر بڕواتو گریمان گۆردن براون جێگەی گرتەوە، ئەوا ئەویش پەیوەستە بەهەمان سیاسەت ...

کوردستانی نوێ

۲۰۰۷/٤/۹

ژ: ٤۳۳۷

گرێی ناویی "هەمان سیاسەت" خاڵی بەراوردی نێوان بلێرو براونە، کە لەچوارچێوەی دەرەوەی هەواڵەکەوە دەزانرێت.

۲. **بەراوردی تایبەتی :** ئەم چەشنەیان بەهۆی مۆرفیمی ڕێزمانی "- تر"ەوە پێکدێت، وەك:

۳۱- ژنێکی کورد بەناوی خەدیجە مەنسوری لەهەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی شاری ورمێ پلە یەکەمی بەدەستهێنا، لەکۆی "۹" ئەندامی هەڵبژێردراو، شوهرە شەهرزاد، کەژنێکی تری کوردە، لەپلەی چوارەمدا هاتووە ...

کوردستانی نوێ

۲۰۰٦/۱۲/۲٥

ژ: ٤۱٥٥

مۆرفیمی "تر" لەپاڕستەی "کەژنێکی تری کوردە"

لەفۆرمی بەراورددا، ئاماژە بۆ "خەدیجە مەنسوری" دەکات، کەپلەی یەکەمی بەدەستهێناوە.

**شەشەم: بریتیخستن :**

یەکێك لەڕێگاکانی تری لکاندنی دەق بریتیخستنە، کەبەم شێوەیە پێناسە دەکرێت: "بەکارهێنانی وشەیەك، لەبری وشە، یان گرێیەکی پێشوو بەمەبەستی دوورکەوتنەوە لەدووبارەکردنەوە" ((شحدة: ۲۰۰٦: ۲۰۳)). بەم پێیە بریتیخستن

جێگرتنەوەی کەرەستەیەکی زمانییە، بەکەرەستەیەکی زمانی تر، لێرەدا هەروەك لەپێناسەکەشدا هاتووە، کەرەستەی بریتیخراو لەڕوی فۆرمەوە، پێویستە لەپێکهاتە بنجییەکە کورتتر بێت.

دیاردە زمانییەکان تێکچڕژاونو سنوری یەکتری دەبەزێنن، ئەمەش وادەکات جۆرە تێکەڵییەك لەنێوانیاندا دروستبێت، بەتایبەتی ئەو حاڵەتانەی، کەدوو دیاردە، یان دوو کەرەستەی زمانی لەڕووی ئەرکەوە لێکنزیکدەبنەوە. لەم ڕوانگەیەوە بریتیخستن، لەگەڵ ئاماژە تێکەڵ دەبن، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا سنوریان دیاریدەکرێتو جیا دەکرێنەوە.

## حەوتەم: بریتیخستنو ئاماژە

ئەم دوو ڕێگایەی لکاندنی ڕێزمانی بەم چەشنە جیا دەکرێنەوە:

١. بریتیخستن لکاندنێکی ڕێزمانییە، هەرچی ئاماژەیە زیاتر بەلای واتادا دەڕوات. واتە ئاماژە بریتییە لە پەیوەندی نێوان واتای وشەیەكو دەوروبەرەکەی، دەوروبەریش دەگونجێت وشەیەك، یان دەقێك، یان نازمانی بێت.

٢. بەم شێوەیە ئاماژە، کەپەیوەندی واتایی نێوان وشەیەكو دەوروبەربێت، دەگونجێت ئاماژەبۆکراو لەدەرەوەی زمان بێت، وەك "دەرەئاماژە" بەلاّم بریتیخستن پێوەندی دوو فۆرمی زمانە لەچوارچێوەی دەقدا، کەهەردووکیان بوونی فیزیکییان هەیە، هەربۆیە "دەرەئاماژە" هەیە، بەلاّم "دەرە بریتیخستن" نییە، چونکە ناتوانێت ئاماژە بۆ دەرەوەی دەقەکە بکات، وەك:

٣٢- بەمەبەستی پاراستنی ئاشتی لەکۆماری بۆرۆندی لەناوەڕاستی ئەفریقادا <u>دوێنێ</u> ئەفریقای باشوور یەکەمین وەجبەی هێزەکانی خۆی بەرەو <u>ئەو کۆمارە</u> نارد.

کوردستانی نوێ

٢٠٠١/١٠/٢٩

ژ: ٢٥٩٦

وشەی "دوێنێ" ئاماژە بۆ کاتی فیزیایی دەکات، کە لەدەرەوەی هەواڵەکەدایە، بەلاّم گرێی ناوی "ئەو کۆمارە"، لەبری "کۆماری بۆرۆندی لەناوەڕاستی ئەفریقادا" بەکارهاتووە.

جۆرەکانی بریتیخستن : بریتیخستن پێوەندییەکی ڕێزمانییەو لەو ڕوانگەیەشەوە دەکرێت بەم جۆرانەوە:

١- **ناوی**
٢- **کرداری**
٣- **پاڕستەیی**

١- **ناو** : بەم شێوانە دەبێت :

**أ. بەکارهێنانی جێناوەکانی کەسی سێیەمی تاك و کۆ "ئـەو، ئـەوان" لـەبری ناوێك، یان گرێیەکی ناوی، وەك:**

٣٣- ئەنـدام مەکتـەبی سیاسـی حیزبـی سۆسیالـست حـسین خەلیفـە محەمـەد لـە لێدوانێکیدا بە ئاوێنەی ڕاگەیاند کە ((بەڵگەی تـەواومان لـە دەسـتدایە ئـەو کەسـە ئەو کاتەی بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حیزبمان بووە لە دیمەشق و تـاران، سیخوری بەسەرەوە کردوین ... ئەو دەڵێت من لە دادگا سـکاڵا لـە دژی تۆماردەکـەم ئەگەر ئەو نکۆڵی لێبکات...

ئاوێنە

٢٠٠٧/٨/٢١

ژ: ٨٣

جێنـاوی سـەربەخۆی کەسـی سـێیەمی تـاك "ئـەو" دووجـار لـەبری گرێـی نـاوی "حـسین خەلیفـە محەمـەد" و "بەرپرسـی پەیوەندییـەکانی دەرەوەی حیـزب" بەکارهاتووە.

٣٤- شـەونم محەمـەد غـەریب سـەرۆکی دەزگـای کارەبـا لەسـلێمانی بـەهاوڵاتی وت "مـانگـو نیوێـك خـەریکی ئـەو پرۆژەیـە بـووین، بـەڵام بـەهۆی زۆری پـارەی ئـەو مۆلیدانـەوە پارێزگـاری سـلێمانیو وەزارەتـی کارەبـاش نـەیتوانی بیکڕێـت، وتیـشی "دوای سەرنەگرتنی ئەو هەوڵەی حکومـەت ئێمـە داوامـان لـەکۆمپانیاکانی کـەرتی تایبەت کرد، کەئەوان مۆلیدە دابنێن، بەڵام تـەنها سێ کۆمپانیـا وەڵامیـان داینـەوە کەئەوانیش سەرکەوتوو نەبون"

هاوڵاتی

٢٠٠٦/١١/٢٢

ژ: ٣٠١

جێنـــاوی ســـەربەخۆی کەســـی ســـێیەمی کـــۆ "ئـــەوان"، لـــەبری گرێـــی نـــاوی "کۆمپانیاکـانی کـەرتی تایبـەت" بـەکارهاتووە. پێویـستە بوترێـت لـەو چـیرۆکە

هەواڵەدا، جگە لەجێناوی کەسی سێیەمی کۆ "ئەوان"، جێناوی کەسی یەکەمی کۆ "ئێمە"ش جگە لەئەرکی ئاماژەیی چاو لەپێش، کەمەبەست "دەزگای کارەباو سەرۆکەکەی شەونم محەمەد غەریب"ە، پێوەندی بریتیخستنی دروستکردووە. هەرچەندە، کەجێناوەکانی کەسی یەکەم و دووەمی تاکو کۆ لەم ئەرکەدا چالاك نین.

**ب. بەکارهێنانی جێناوە لکاوەکان، بەم شێوەیە:**

- **بریتیخستنی بکەر** : وەك:

٣٥- کیر لەکاتی سوێند خواردنەکەدا دەستی خستە سەر دەستوری سودان و بەڵێنیدا دڵسۆز بێت بۆ حکومەتی سودان و پاراستنی سیادەی یاسا.
تەئکیدیشی کردەوە کە کار دەکات لە پێناو یەکێتی سوداندا.

کوردستانی نوێ

٢٠٠٥/٨/١٢

ژ: ٣٧٤٧

جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك "ی" لە هەردوو گرێی کرداری "بەڵێنیدا" و "تەئکیدیشی کردەوە" دا، لەبری گرێی ناوی "کیر"ی سەرۆکی سودان بەکارهاتوون، جۆرێکی تر لەبریتیخستنی بکەر، بەکارهێنانی ناوێکە، لەبری گرێیەکی ناوی بۆ ناوەوە فراوانکراوە، وەك:

٣٦- عەبدولباری زێباری ئەندامی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند، داوامان لەحکومەتی بەریتانیا کردووە، ئەو کەسانەی لەعێراقەوە بەرەو بەریتانیا دەڕۆن یەکسەر تەسلیم بەعێراق نەکرێنەوە، لەلێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە عەبدولباری وتی ...."

ڕۆژنامە

٢٠٠٧/٧/١٦

ژ: ١٠

ناوی تایبەتی "عەبدولباری"، لەبری گرێی ناوی "عەبدولباری زێباری ئەندامی پەرلەمانی عێراق" بەکارهاتووە، کەگرێیەکی ناوی بۆلای چەپ فراوانکراوە، بەم شێوەیە:

| عەبدولباری | زێباری | ئەندامی | پەرلەمانی | عێراق |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| دەرخراو | دەرخەر | دەرخەر | دەرخەر | دەرخەر |
| | دەرخراو | دەرخراو | دەرخراو | |

پێویسته بوترێت، نموونەی لەم چەشنە، بەشێوەیەکی بڵاو لەرۆژنامەی کوردیدا بەرچاو دەکەوێت.

- **بریتیخستنی بەرکار:** بەرکاریش دەتوانرێت بەجێناوی لکاو جێگیربکرێت. ئەم بەشەی ڕستە، گرنگی لەبکەرو کردار کەمتر نییە، بۆیە دەوترێت "بەرکار لەڕستەدا لەپلەی کارو بکەردایە، وەك کەرەستەیەکی سەرەکی لە زۆر باردا، لابردنی دەبێتە هۆی شێواندنو لەنگیی واتای ڕستە" ((محمود: ١٩٨٨: ١٠٠))، وەك:

٣٧- جەمال عەبدوڵا سکرتێری رۆژنامەنوسیی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم بەکوردستانی نوێ‌ی ڕاگەیاند: سەبارەت بەو وەزارەتانەی تائێستا پەسەندکردنی ڕەشنووسی یاسای وەزارەتەکانیان لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە دواکەوتووە، ئەو وەزارەتانە دەتوانن کار بەو پرۆژەیاسایە بکەن کەخۆیان ئامادەیان کردووە، تا ئەو کاتەش پەرلەمان گفتوگۆیان لەسەر دەکاتو پەسەندیان دەکات.

کوردستانی نوێ

٢٠٠٧/٣/٧

ژ: ٤٢١٢

مۆرفیمی ڕێزمانی "یان" جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی کۆ، لەبری بەرکار "ڕشنوسی یاسای وەزارەکەیان" بەکارهاتووە، لەبەر ئەوەی کردارەکە ڕانەبردووە.

"پەسەند دەکات" جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی "م - ین" ئەرکی بکەرو جێناوەکانی دەستەی "م - مان" ئەرکی بەرکاریان بینیوە.

وەك چۆن لەبریتیخستنی بکەردا، ناوێك جێگەی گرێی ناوی دەگرتەوە، لەبریتیخستنی بەرکاریشدا بەو شێوەیە، وەك:

٣٨- سەرچاوە حکومییە ئێراقییەکان دوێنێ ڕایانگەیاند:

کەوا سبەی دووشەممە ٢٠٠٧/٣/١٩ تەها یاسین ڕەمەزانی جێگری سەرۆکی لەسێدارەدراوی ئێراق سەدام حوسێن، لەسێدارە دەدرێت بەڵام سەرچاوەکان هیچ وردەکاریەکیان ڕانەگەیاند تەنها ئەوەندە نەبێت کەسەر لەبەیانی ڕۆژی دووشەممە "سبەینێ" حوکمی لەسێدارەدانەکەی جێبەجێ دەکرێت، شایانی باسە دادگای تەمیز ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابردوو تەئکیدی لەسەر حوکمی لەسێدارەدانی ڕەمەزان، کردەوە، کەپێشتر لەحوکمی هەتاهەتاییەوە گۆڕا بۆ لەسێدارەدان ..

خەبات

٢٠٠٧/٣/١٨

ژ: ٢٤٤١

ناوی تایبەتی "ڕەمەزان" لەبری گرێی ناوی "تەها یاسین ڕەمەزان جێگری سەرۆکی لەسێدارەدراوی ئێراق سەدام حوسێن" بەکارهێنراوە، کە لەو ڕستەیەدا جێگری بکەرە، بەڵام لەڕاستیدا بەرکارەو گرێیەکی ناوی بۆ لای چەپ فراوانکراوە، ئەم جۆرە فراوانکردنە، تا لێڵی بمێنێت ئەنجام دەدرێت، بەڵام لەخاڵێکدا هەر کۆتایی دێت، چونکە فراوانکردنی بێ سنوور، لەگەڵ بنەمای وزەپارێزیدا ناگونجێت.

٢- **بریتیخستنی گرێی کرداری**: کردار لەڕستەی زمانی کوردیدا بەشێکی بنجیو گرنگە، هەر بۆیە بریتیخستنی کردار بەکەمی دەبینرێت، بەگشتی "بریتیخستنی ناوو کردار ئەو کاتانە بەکاردێت، کەنوسەر، یان ئاخێوەر دوو گرێی ناوی، یان کرداری تاڕادەیەك لێکچوو جیاواز بەراورد بکات، ((salkie: 1997: 45)) وەك:

٣٩- تارا باش دەخوێنێت.

٤٠- بەڵام دارا وانییە؟

مۆرفیمی "وا"، لەبری گرێی کرداری "باش دەخوێنێت" بەکارهاتووە.

٤١- ڕۆژی ١٩٩٧/١/٣ بەبیانوی لێدانی بنکەکانی PKK سنوری هەرێمی کوردستانیان بەزاند، لەئەنجامی ئەو هێرشەی تورکیا زەرەرو زیانێکی زۆر بەناوچەکە کەوتووە، هەرچەندە ئەمەریکا ڕایگەیاند تورکیا وتویەتی هێرشەکە ماوەیەکی کورت دەخایەنێ بەڵام ئەمە یاسا نێودەوڵەتیەکانە ...

ڕێگای کوردستان

١٩٩٧/١/٩

ژ: ٣٣٤

ئامرازی "ئەمە" لەبری کردەی "تورکیا سنوری هەرێمی کوردستانی بەزاند" بەکارهاتووە.

دوای شیکردنەوەی هەواڵەکان، دەردەکەوێت بریتیخستنی کردار لەسنورێکی زۆر تەسکدا دەبێت، ئامرازی "ئەمە"و "وا" لەم بوارەدا چالاکن، بەڵام لەچیرۆکە هەواڵدا "وا"و ئەلۆمۆرفەکانی "ئەوا، کەوا" بۆ دەقە ئاماژەی دواوە "چاو لەدوا" بەکاردێن، وەك:

٤٢- لەچوارچێوەی ڕاپرسییەکدا، کەگۆڤاری نیوزویك بڵاوی کردەوە ئاستی جەماوەریی جۆرج بۆشی سەرۆکی ئەمەریکا گەیشتۆتە هەرەس هێنانێکی مێژوویی ئەمەش وایکردووە چلو سێیەمین سەرۆکی ئەمەریکا لەپاش

سەرۆکایەتی ریچارد نیکسۆن نزمترین ئاستی جەماوەری هەبێت، کەڕێژەی پشتگیریکردنی بوش تەنها ٢٦٪ە، ئەمەش کەمترین ڕێژەیە لەدوای سەرۆکایەتی کردنییەوە.

ئاسۆ

٢٠٠٧/٦/٢٣

ژ: ٤٦٤

مۆرفیمی "وا" دەقە ئاماژەی دواوەیە بۆ "چلو سێیەمین سەرۆکی ئەمریکا لەپاش سەرۆکایەتی ڕیچارد نیکسۆن ئاستی جەماوەریی هەبێت"

هەواڵەکە دووجار مۆرفیمی "ئەمە"ی تێدا بەکارهاتووە، لەبری هەردوو کردەی "هەرەس هێنانی مێژوویی"و "کەمترین ڕێژە لەدوای سەرۆکایەتیکردنیەوە" ئەمە دەیسەلمێنێت لەچیرۆکە هەواڵدا بۆ کردەی بریتیخستن، گرێی کرداری "ئەمە" لە "وا" چالاکترە.

هەندێك جار ئامرازەکانی نیشانە لەبری کەرەسەیەك بەکاردێن، کە لەدەرەوەی هەواڵەکەیە، وەك:

- بریتیخستنی گرێی: گرێی ئاوەڵکرداری لەزمانی کوردیدا لەزۆر کاتدا، وەك بەشێکی سەرەکی ڕستە سەیر ناکرێت، لەهەواڵدا دەتوانرێت بەڕێگای بریتیخستن بەکاربێت، کە بەجێناوی لکاو جێگیر دەکرێت، جێناوی لکاویش کەسو ژمارەیان تێدایە، بۆیە ئەو ئاوەڵکردارانەی کەسو ژمارەیان تێدابێت، بەر ئەم ڕێگایە دەکەون، "ئەو چەمکانەش (کەسو ژمارە) لەکاتو شوێنو چۆنیەتی ...هتد، دا بوونیان نییە" ((قەیس: ٢٠٠٢: ١٢٤)) کەواتە ئەو ئاوەڵکردارانەی کەسو ژمارەیان تێدایە، بریتیدەخرێن، وەك:

٤٣- داوامان لێ ئەکەن بۆیان بنوسین کە ئەم کەسە ناوی ڕاستەقینەی فلان کەسە و لە فلانە وڵات بەناوێکی ترەوە خۆی ناساندوە، ئەمەشیان بە ئێمە ناکرێت، ئەم کێشەیە سەر ئێشەی بۆ دروستکردوین...

ئاوێنە

٢٠٠٦/١١/١٦

ژ: ٤٤

"بۆ ئێمە        بۆ دروستکردوین  جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی کۆ "ین" لەبری گرێی ئاوەڵکرداریی "بۆ ئێمە" بەکارهاتووە.

٤٤- لەسەرەتای ئەم مانگەدا بەڕێوەبەری پەروەردەی موسڵ سەردانی قەزای مەخموری کردووەو داوای کردووە نابێت خوێندن بەزمانی کوردی بخوێنرێتو پێویستە بگۆڕدرێ بەعەرەبی هەر لەم بوارەدا "١٢" مامۆستای کوردی گواستۆتەوە بۆ شەرگاتو گەیارەو دەوروبەری موسڵو داوای لێکردوون بەزوترین کات خانووەکانیان چۆڵ بکەن کە لەوەو پێش لەلایەن ڕژێمەوە پێیان درابوو.

هاوڵاتی

٢٠٠١/١٠/٢١

ژ: ٤٥

بەکارهێنانی جێناوی لکاو لەبری گرێی بەند، تەنیا شوێنی ئاوەڵکردارەکە دەگرێت، هەندێك جار ئامرازەکە گۆڕانی سینتاکسی بەسەردادێت*، بەم شێوەیە:

| | |
|---|---|
| بۆ | بۆ |
| بە | پێ |
| لە | لێ/تێ |
| ـە | تە |

وەك لەهەواڵەکەدا دیارە، دوو گۆڕان لەئامرازەکاندا بووە:

١. لەگرێی کرداری "داوای لێکردوون"دا "لە←لێ" لەکاتێکدا جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی کۆ "ن" لەبری "١٢ مامۆستای کورد" بەکارهاتووە.

٢. "بە        پێ" لەگرێی کرداری "پێیان درابوو"دا، کەجێناوی لکاوی کەسی سێیەمی کۆ "یان" لەبری "ئەوان" ئەرکی ئاوەڵکرداری بینیوە.

٣- **بریتیخستنی پارستە:** کردەی بریتیخستن هەر لەسنوری وشەو گرێدا ناوەستێت، زۆرجار سەرو ئەمانەش دەگرێتەوە، بریتیخستنی پارستە "بریتیە

* بڕوانە: هیدایەت عەبدوڵا: ١٩٩٣: ٩٩

لەبەکارهێنانی وشەیەك لەشوێنی پارستە، پارستە بەواتای ڕستەش دێت" ((Salkie: 1997: 44))

٤٥- سەبارەت بەپرۆژەکانی داهاتووی کەرکوکیش عەبدولڕەحمان مستەفا ئاماژەیدا بەوەی، کەهەوڵدەدەین پرۆژەی گەورە ئەنجامبدەین، بەڵام ئەمە پێویستی بەدابینکردنی بودجە هەیە ...

کوردستانی نوێ

٢٠٠٧/٤/٢٣

ژ: ٤٢٤٩

جێناوی ئاماژەی "ئەمە" لەبری پارستەی "کە پرۆژەی گەورە ئەنجامبدەین" بەکارهاتووە، هەرچەندە لەهەواڵەکەدا ئامرازی گەیەنەری "کە"، لەگەڵ شارستەکەدا هاتووە، بەڵام لەباری ڕێزمانیدا، پەسەندتربوو لەبەشی پارستەدا بوایە ، بەم شێوەیە:

٤٦- هەوڵدەدەین، کە پرۆژەی گەورە ئەنجامبدەین.

ڕۆژنامەی "الشرق الاوسط" لەهەمان سەرچاوەوە بڵاویکردەوە: کەعەلی حسن المجید هەفتەی ڕابردوو چاوی بەهەندێك لەو کوردانە کەوتووە کەناوی ڕیش سپی کوردەکانیان لەخۆیان ناوەو بەرپرسیاریەتی دروستکردنەوەی جاشایەتیان لەئەستۆ گرتووە.

سەرچاوەکە وتی: علی حسن المجید بەم بۆنەیەوە دیاری صدامی پێشکەش کردنو بەڵێنی پێداون پڕ چەکیشیان بکات تا لەداهاتوودا دەسەڵاتی کوردستان بگرنە دەست .

ڕێگای کوردستان

١٩٩٦/١١/١٤

ژ: ٢٢٦

گرێی ناوی "بەم بۆنەیەوە" لەبری پەرەگرافەکەی سەرەوە ((ڕۆژنامەی ...............لەئەستۆ گرتووە)) بەکارهێنراوە.

هەرچەندە فۆرمی بنجی بەم شێوەیە "بەئەم بۆنەیەوە"، جێناوی ئاماژە بۆ نزیك "ئەم" تەنیا فۆنیمی "م"ی ماوەتەوە.

- بریتیخستن بەڕێگای مۆرفیم: شێوازێکی تری لکاندنی دەقە، کەمۆرفیمەکانی "-تر، -ێك" تیایدا چالاکن.

- مۆرفیمی تـر : ئـەم مۆرفیمـە بـەناوەوە دەلکێـتو بـەگرێی نـاوی پـێش خۆیـەوە دەیبەستێتەوە، کە لەهەواڵەکەدا دەرکەوتووە، وەك:

٤٧- پاش ئەوەی ماوەیەکە جموجوڵی هێزەکانی pkk تا ڕادەیەکی زۆر لەهـەرێمی کوردسـتاندا سـنوردار کـرا، ئێـستا ناوبـەناو بـەپێی ئـەو دەنـگو باسـانەی لـەناو خەڵکـدا بـڵاوە هێزەکـانی ئـەم حیزبـە لەناوچـەکانی بـەراواری بـاڵاو قەنـدیل جارێکی تر کەوتونەتەوە جموجوڵ شـایانی باسـە ئـەم جموجوڵانـە بۆتـە مایـەی نیگەرانی، پارتیو یەکێتی"

هاوڵاتی

٢٠٠١/٩/١٦

ژ: ٤٠

گرێـی نـاوی "جـارێکی تـر"، لـەبری دووبـارە کردنـەوەی "جموجـوڵی pkk" بەکارهاتووە.

٤٨- دوای تەقینـەوەکانی چوارشـەممەی ڕابـردووی شـاری هـەولێرو بـۆ بـەرگرتن لەهەر ڕوداوێکی تری لەو چەشنە، هێزەکانی پۆلیسو ئاسایشی دهۆك ڕێوشوێنی ئەمنی توند لەو شارە دەگرنەبەر ..

ئاوێنە

٢٠٠٧/٥/١٥

ژ: ٦٩

"ڕووداوێکی تر"، لەشوێنی گرێی ناوی "تەقینەوەکان" دەرکەوتووە.

٤٩- محەمەد مەهدی ساڵحی وەزیری بازرگانی عێـراق ڕایگەیانـد کەوڵاتەکـەی بـۆ قۆناغی ئێـستای بەرنامـەی نـەوت بـەخۆراك بـایی "٤٠٠" ملیـۆن دۆلار کەلوپـەل لەمیسر دەکڕێ، هەروەها وەزیری بازرگانی عێـراق وتـی، کەئێـستا هـەردوو وڵات بایی نزیکەی ٣٠٠ ملیۆن دۆلار عەقدیان مۆرکردووەو گفتوگۆ لەسـەر ئـەوانی تـر بەردەوامە ..

هەرێمی کوردستان

٢٠٠٠/٥/١

ژ: ٢٠١

"ئەوانی تر"، لەبری گرێی ناوی "عەقدەکان" بەکارهاتووە.

"- تر" مۆرفیمی بەندی ڕێزمانییەوە لەپلەی بەراورددا لەگرێ ئاوەڵناو ڕاستەوخۆ بەبناغەوە دەنووسێت، وەك:     قەندیل لەگۆیژە بەرزترە.

↙ ↘

بناغە   م.بەراورد

بەڵام لەئەرکی لکاندنی ڕێزمانی ناو دەقدا، ڕاستەوخۆ بەبناغەوە نەلکاوە، بەگشتی مۆرفیمی "-ێك"ی پێش کەوتووە، وەك لەنموونەی (٤٨)دا دیارە.

مۆرفیمی "-ێك" : ئەرکی ئەم مۆرفیمە سنووردارەو بەگشتی بەهاو بەشی لەگەڵ وشەی "یەك ، هەند"دا ئەرکی بریتیخستنی گرێی ناوی دەبینێت، وەك:

٥٠- لەکاتی سەردانەکەی ئەم دواییەیدا بۆ کوردستان "ئەیاد عەلاوی-ی سەرۆك وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند: کەپشتگیری لەداوای سەرکردە کوردەکان دەکات بۆ بەدەستهێنانی یەکێك لەپۆستە سیادییەکانی عێراق ...

ئاڵای ئازادی

٢٠٠٥/٢/١٤

ژ: ٦٠١

وشەی "یەك"و مۆرفیمی "-ێك"، کەهەردووکیان بەواتای ژمارەیەك دێن، لەبری یەکێك لەسێ پۆستە سەرۆکایەتییەکانی عێراق "سەرۆك کۆمار، سەرۆك وەزیران، سەرۆك پەرلەمان" بەکارهاتووە.

لەم ئەرکەدا، پێویستە "وشەی (یەك) بەواتای ناوی ژمارە بەکارهاتبێت، چونکە ئەگەر بەواتای (کەس) هاتبێت، ئەوا ئەرکی بریتیخستن نابینێ" ((قەیس: ٢٠٠٢: ١٣٠)).

٥١- د.ڕۆژ نوری شاوەیس-ی جێگری سەرۆکی عێراق ڕایگەیاند، کەحکومەتی عێراق تائێستا کار بۆئەوە دەکات هەڵبژاردنە گشتییەکانی وڵات لەوادەی دیاریکراودا بەڕێوە بچنو دوانەخرێن، ئەگەرچی هەندێك کەموکورتی لەئارادایەو ئەو کەموکورتیانە کاریگەری خۆیان دەبێت لەبەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان ..          .ئاڵای ئازادی

٢٠٠٤/١١/٨

ژ: ٥٨٩

"هەندێك" لەبری گرێی ناوی "ناوچە نائارامەكان" بەكارهێنراوە.

**- بریتیخستن بەڕێگای جێناوی نادیار:**

٥٢- دوو ئەنسار لەهێرشكردنە سەر بنكەی گومركی باشماخدا بریندار دەبنو كەسێكیشیان بەدیل لێدەستگیر دەكرێت.

ئاوێنە

٢٠٠٧/٣/٢٧

ژ: ٦٢

جێناوی نادیاری "كەس"، بەهاوبەشی لەگەڵ مۆرفیمی "-ێك"، لەبری گرێی ناوی "چەكدارێكی ئەنسار" بەكارهاتووە.

**هەشتەم: كرتاندن**

بەواتای لابردنی شتێك، ئەمەش كاتێك دەبێت، كەرەستەی هاوبەش هەبێت، چونكە "هەر كاتێ كەرەستەی هاوبەشو دووبارە لەڕستەدا هەبێ كرتاندن دێتە ئاراوە"((بەكر: ١٩٩٢: ١٦)). لەپێناسەكەدا دەردەكەوێت، كرتاندن لەڕستەی سادەدا ڕوونادات، پێویستە ڕستەكە ناسادەبێت "كرتاندنیش بەزۆری بەشە سەرەكییەكانی ڕستە دەگرێتەوە" ((ساجدە: ٢٠٠٣: ١٢٤)) چونكە ئەم بەشانە بوونیان خورتەكییە، پێچەوانەی بەشی ناسەرەكی، كە بوونی سەر پشكییە، وەك:

٥٣- دیاكۆ یەكەمبوو یان دەریا Ø؟

**نۆیەم: جیاوازی بریتیخستنو كرتاندن**

جیاوازی نێوان ئەم دوو ڕێگایەی لكاندن ئاسان نییە، بەڵام كارێكی مەحاڵیش نییە، لەڕاستیدا كرتاندن زۆر نزیكە لەبریتیخستن، چونكە هەردووكیان لكاندنی ڕێزمانینو ئاماژە بۆ كەرەستەی پێش خۆیان دەكەن. خاڵی بنەڕەتی جیاوازییان لەوەدایە "بریتیخستن ئاماژە بۆ كەرەستەیەكی هەبووی پێش خۆی دەكات، بەڵام كرتاندن بۆشاییەك پێش خۆی لەدەقدا جێدێڵێت یان ئاماژەی بۆ دەكات" ((salkie: 1997: 57)) واتە ئەگەر سیمای جیاكەرەوەیان بدەینێ، بەم شێوەیە:

بریتیخستن + بوونی كەرەستە لە دواوە

كرتاندن - بوونی كەرەستە لە دواوە

وەك:

٥٤- ئارام گۆڤارەكانی كڕی.

- کڕی ن ی کڕینی ←
بەرکار بکەر

٥٥- ئارام چای خواردەوەو شاراش قاوە Ø.

**دەیەم: جۆرەکانی کرتاندن**

کرتانـدنی گرێـی نـاوی : زۆرجـار گرێـی نـاوی لەهەواڵـدا دەکرتێنرێـت، ئەمـەش پێوەندی بەو ئەرکە سینتاکسییەوە نییە، کەدەیبینێت، بەم شێوەیە:

أ- **کرتاندنی بکەر :** ئەو گرێ ناوییەی ئەرکی بکەری بینیووە، دەکرتێنرێت، وەك:

٥٦- ژمارەیەك چەکداری کەتیبـەکانی کوردسـتانی ڕێکخـراوی قاعیـدە، لـەناو خـاکی ئێرانـداو لـەنزیك مـەرزی سـەیرانبەن بنکـەو بارەگـا دروسـتدەکەنو Ø خەندەق لێدەدەن، ڕۆژانەش Ø خەریکی مەشقو ڕاهێنانی سەربازین.

ڕۆژنامە

٢٠٠٧/٧/٣

ژ: ٢٦

گرێـی نـاوی "ژمارەیـەك چـەکداری کەتیبـەکانی کوردسـتانی ڕێکخـراوی قاعیـدە"، کەبکەری هاوبەشی هەردوو گرێی کرداری "دروستدەکەن"و "خەندەق لێدەدەن"ە، لەدووەمیاندا کرتێنراوە.

٥٧- ڕژێمـی دیکتـاتۆری بـەعس بـۆ تـەعریبکردن زیـاتر لـە ١٠ هـەزار هـاووڵاتی لەخانەقینو دەوروبەری دەرکردبوو Ø، لەجێگەیاندا عەرەبی هاوردەی نیشتەجێ کردبوو، بەپێی ئامارێك، کەدەستمان کەوتووە ڕژێمـی لەناوچووی بـەعس بەتـەنێ لەشاری خانـەقین زیـاتر لـە ٥٨٧٤ خێـزانو لەمەنـدەلی ١٣٨ خێـزانو لەجەلـەولا ١١١ خێزانو مەیدان ٣٦٩ لەقۆرەتوو ٩٠٩٧ خێزان ڕاگوێزراون.

خەبات

٢٠٠٧/٣/٢٠

ژ: ٢٤٤٣

گرێی ناوی "ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس" کە بکەرە، کرتێنراوە.

ب- **کرتانـدنی گرێـی کـرداری :** یـەکێك لـەڕێگاکانی پتـەوی هـەواڵ، بریتییـە لەکرتانـدنی گرێـی کـرداری لـەو ڕسـتانەدا، کـە بەیەکـەوە بەسـتراون، واتـە ئەگـەر کردارەکانیان ناوکۆیی بێت، ئەوا یەکێکیان دەکرتێنرێت، وەك:

٥٨- بەپێی ئەو هەواڵانەی بەکوردستانی نوێ گەیشتوون بڕیارە ئەمڕۆ مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراق لەشاری سلێمانی پێشوازی لەنوری ئەلمالکی سەرۆك وەزیرانی عێراق‌و وەفدێکی هاوڕێی لەوەزیرانی کابینەکەی بکات.

ئامانج لەو سەردانەی سەرۆك وەزیرانی عێراق بەخێرهێنانەوەی سەرۆك تاڵەبانی‌و Ø دەربڕینی خۆشحاڵییە بەساغ‌و سەلامەتی گەڕانەوەی لەسەفەری چارەسەرکردن لەعەممانی پایەتەختی ئوردن.

هەروەها لەدیدارەکەدا بارودۆخی عێراق بەگشتی Ø و بەرەو پێشچوونی پلانی سەپاندنی یاسا لەبەغدا Ø و چەندین تەوەری دیکە تاووتوێدەکرێن.

کوردستانی نوێ

٢٠٠٧/٣/١٦

ژ: ٤٢٢٠

دوو جۆری کردار "تەواو - ناتەواو" لەهەواڵەکەدا کرتێنراون:

- کرتاندنی کرداری ناتەواوی (ـە) لەڕستەی "ئامانج لەو سەردانەی سەرۆك وەزیرانی عێراق بەخێرهێنانەوەی سەرۆك تاڵەبانی Ø " چونکە بەئامرازی "و" بەیەکەوە بەستراون‌و کردارەکانیش لەیەك کات‌و ڕێژەدان، هەردووکیان کاتی ئێستای کرداری ناتەواون.

- کرتاندنی کرداری "تاووتوێدەکرێت" لەڕستەی

"لەدیدارەکەدا بارودۆخی عێراق بەگشتی Ø"

کرتاندنی یەکەم تەنیا ڕەگی کردارەکە "ـە" کرتێنراوە، بەڵام دووەمیان هەموو گرێ کردارییەکە کرتێنراوە.

٥٩- خاتەمی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کەتاران سیاسەتی کۆیلەو پاشایەتی ڕەت دەکاتەوە لەمامڵەت کردنی لەگەڵ واشنتۆن، بەڵکو بۆ ئەوە کۆشش دەکات، کەپەیوەندییەکانی هاوسەنگ بن‌و لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی هاوبەش دابمەزرێن نەوەك لەسەر بنەمای سیاسەتی هێز Ø ، کەئەمەریکا دەیەوێ پەیرەوی بکات.

برایەتی

١٩٩٨/١/٢١

ژ: ٢٥١٠

گرێی کرداری "دابمەزرێن" کرتێنراوە، پێویستە بوترێت ئەگەر کرداری تێپەڕ کرتێنرا، ئەوا بەرکاریش لەگەڵیدا دەکرتێنرێت، هەروەك لەو نموونەیەدا گرێی ناوی "پەیوەندییەکان"، کەئەرکی بەرکاری بینیووە، کرتێنراوە.

**پ- کرتاندنی گرێی ئاوەڵکرداری** : دەتوانرێت گرێی ئاوەڵکرداری بکرتێنرێت، وەك:

٦٠- ئەگەر تۆ بۆ دهۆك ناچیت من $\underline{\emptyset}$ دەچم.

لەم ڕستەیەدا، گرێی بەندی ئاوەڵکرداری شوێن "بۆ دهۆك" کرتێنراوە.

٦١- وتەبێژێك بەناوی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ڕایگەیاند: بڕیارە وەزارەتی دەرەوەی هەر پێنج دەوڵەتە ئەندامەکەی ئەنجومەنی ئاسایش بەبەشداری وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا، ڕۆژی (١/٣٠) لەلەندەنی پایتەختی بەریتانیا لەسەر دۆسیە ئەتۆمیەکەی ئێران کۆببنەوە.

بەپێی لێدوانی وتەبێژەکە، ئەگەری ئەوە زۆرە کەکرۆکی ئەم کۆبوونەوەیە $\underline{\emptyset}$ $\underline{\emptyset}$ ، تایبەت بێت بەئاراستەکردنی دۆسیە ئەتۆمیەکەی تاران بۆ بەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی.

ئاسۆ

٢٠٠٦/١/٢٦

ژ: ١٨٣

هەردوو گرێی ئاوەڵکرداری کاتی "ڕۆژی ١/٣٠"و "لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا"ی ئاوەڵکرداری شوێنن کرتێنراون.

٦٢- سەرۆکی دەزگای پرۆژە تایبەتیەکانی نەوت ڕایگەیاند، کەئەگەر بێتوو نەوت لەئێرانەوە نەگاتە هەرێم، ئەوا لەچەند ڕۆژی داهاتوودا نرخەکەی بەرز دەبێتەوە. سلێمانی، ئاوێنە: ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا کەئێستا لەتورکیاو بێجیەوە ڕۆژانە تەنها ٣٥٠ هەزار لیتر نەوت دەگاتە سلێمانیو ئەمە جگە لەوەی کەهەندێك ڕۆژیش $\underline{\emptyset}$ نەوت نایەت، تائێستا ١ ملیۆن لیتر لەئێرانەوە هاتووە.

ئاوێنە

٢٠٠٧/١/٩

ژ: ٥١

گرێی ئاوەڵکرداری "لەتورکیاو بێجیەوە" کرتێنراوە، هەرچەند واش دەردەکەوێت گرێی ئاوەڵکرداری "بۆ سلێمانی" کرتێنرابێت. "نەوت بۆ سلێمانی نایەت" بەڵام

سەرنجدان لەڕستەی دواوە "تائێستاش ١ ملیۆن لیتر لەئێرانەوە هاتووە" دەیسەلمێنێت گرێی ئاوەڵکرداری شوێنی "لەتورکیاو بێجیەوە" کرتێنرابێت.

٢ - ٤ - ١١ - **بەستن** : ڕێگایەکی تری لکاندنی دەق بەستنە، کە بۆ نیشاندانی پێوەندی لەنێوان بەشەکانی دەقێکدا، بەرهەم هێنانی دەقێکی پتەو، بەهۆی کۆمەڵێك ئامرازو وشەی تایبەتەوە دروستدەبێت. ئامرازەکانی بەستن لەکوردیدا ژمارەیان زۆرەو لەسەرچاوە ڕێزمانییەکاندا لێیان کۆڵراوەتەوە*. ئەم سەرچاوانە، جگە لە "قەیس کاکل تۆفیق" بەگشتی لەسنوری ڕستەدا ئەرکی ئامرازیان دەستنیشانکردووە. لەم کارەی ئێمەدا لەسەرو ڕستەوەو بەتایبەتی لەچیرۆکە هەواڵدا ئەرکی بەستنی ئامراز شیدەکەینەوە، هەندێ ئامرازیش کەتایبەتن بەهەواڵ، وەك "لەلایەکی ترەوە، بەوەش هەروا ..." دەخەینەڕوو، پەیوەندیی بەستن لەچوارچێوەی لکاندنی ڕێزمانیدا ڕونترە لەپەیوەندیەکانی وەك ئاماژەو بریتیخستنو کرتاندن"چونکە بەهۆی چەند ئامرازێکی تایبەتییەوە، هەندێ ڕستەی ناو دەق بەیەکتر دەبەسترێنەوەو پەیوەندییەکی ڕێزمانی واتایی لەنێوانیاندا بەدی دەکرێت" ((قەیس: ٢٠٠٢: ١٩٩)) ئامرازەکانی بەستن خاوەنی سیماو ئەرکی تایبەتی خۆیانن، هەرچەندە هەموویان لەئەرکی بەستندا هاوبەشن، بەڵام هەریەکەیان جۆرە واتایەك دەگەیەنن، بۆ نمونە:

بەڵام + پێچەوانەیی

چونکە + هۆ

و + زانیاری زیاتر

**- جۆرەکانی ئامراز، بە پێی ئەرك:**

بەپێی ئەو سیما جیاکەرەوانە، دەکرێن بەچوار جۆرەوە، ((salkie: 1997: 7))

١. زیادکردنو پێدانی زانیاریی زیاتر، وەك " و ، هەروەها ....

---

* بڕوانە: ١. ئیبراهیم عەزیز: ١٩٨٠: ٢٥

٢. وریا عومەر ئەمین: ١٩٨٤: ٢٨-٣١

٣. بەکر عومەر عەلی: ١٩٩٢: ١٣

٤. ڕەفیق محەمەد محێدین: ١٩٩٧: ٤٨

٥. قەیس کاکل تۆفیق: ٢٠٠٢: ١٩٩

٢. ئەركی پێچەوانەكردنەوەی دوو ڕستە، یان دوو بەشی هەواڵەكە لەگەڵ یەكتر، وەك "بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا ....

٣. ئەوانەیان ئەركی نیشاندانی هۆ دەبینن، وەك "چونكە ، بۆیە ...

٤. هەندێك لەئامرازەكانیش لەدەقدا، ئەركی نیشاندانی زنجیرەی كات دەبینن، وەك "دواتر، پاشان ....

١- ئەو ئامرازانەی ئەركی زیادكردنی زانیاری دەبینن، وەك:

أ- "و" ئامرازێكی چالاكی لێكدانو بەرەو پێش بردنی زانیارییە، وەك:

٦٣- سەرچاوەیەكی ئاگادار بەچاودێری ڕاگەیاند: توركیا نزیكەی ٥٠٠ سەربازی كۆماندۆی لەناوچەكانی پیرانشارو سەردەشتو شنۆدا بلاو كردۆتەوەو ئامانجیان گرتنی بەرزاییەكانی ئەو سنورەیە.

چاودێر

٢٠٠٧/١/١٥

ژ: ١١٠

٦٤- سەرچاوەیەك لەبەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دیوانیە بەئاسۆی ڕاگەیاند "گروپێكی نەناسراو لەگەڕەكی ئەفسەرانی دیوانیە سێ موشەكیان ئاراستەی بنكەی هێزەكانی هاوپەیمانان كرد" وتیشی: گروپەكە هەموویان جلوبەرگی مەدەنیان لەبەردابووەو لەناو ئۆتۆمبیلێكدا كەتابلۆی نەجەفی پێوە بووە، ئەو كارەیان كردووە، پێدەچێت ئەم گروپە پاشماوەی تاقمی جوند ئەلسەماین كەماوەیەك لەمەوبەر لەهەڵمەتی هێزەكانی هاوبەشی عێراقو هێزەكانی هاوپەیمانان لەناوچوونو هەندێك بەرەو بیابانەكانی دەوروبەری شارەكانی نەجەفو كەربەلاو دیوانیە هەڵاتوونو ئێستا لەو ناوچانە چلاكی تیرۆریستانە دەنوێنن.

ئاسۆ

٢٠٠٧/٣/١٥

ژ: ٣٨٩

ب- "ش"

٦٥- لەئەنجامی هێرشێك بۆ سەر پێگەی موسڵمانە توندڕەوەكان لەچیاكانی ناوچەی گلێنرای ڕۆژئاوی جەزائیری پایتەخت هێزەكانی ئاسایش پتر لە "١٠٠" كەسیان كوشتووە. لەم بارەیەوە ڕۆژنامەی ئەلخەبەر بلاوی كردۆتەوە، كەكۆمەڵە

چەکدارێك بەهۆی ئۆتۆمبیلێکی دزراوەوە توانیویانە خۆیان دەرباز بکەنو بگەنە ناو خاکی مەغریبو ئۆتۆمبیلەکەش لەسەر سنوری نێوان هەردوو وڵات بەجێ بهێڵن.

برایەتی

١٩٩٨/٣/٣١

ژ: ٢٥٥٨

٦٦- د.بەرهەم تێڕوانینی حکومەتی عێراق لەبارەی پێشهاتەکانی عێراقو ناوچەکە خستەڕوو، هەردولاش ڕێککەوتن لەسەر پتەوکردنی پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانی نێوان عێراقو فەلەستین بەو جۆرەی لەبەرژەوەندی هەردوولابێت.

کوردستانی نوێ

٢٠٠٧/٣/١١

ژ: ٤٢١٥

- "یش"

٦٧- بەپێی سەرژمێرییەکی کۆمسیۆنی باڵای کاروباری پەنابەرانی عێراقییەکان لەپلەی یەکەمی ئەو کەسانەدان، کە لەساڵی ٢٠٠٦دا داوای مافی پەنابەرێتی سیاسیان لەوڵاتانی پیشەسازی کردووە.

دوێنێ ڕون ریمۆند وتەبێژ بەناوی کۆمسیۆنەکە، لەکۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنوسیدا لەژنێف وتی لەساڵی ڕابردوودا ژمارەی ئەو عێراقییانەی داوای مافی پەنابەرێتی سیاسیان کردووە، لە (٧٧٪) زیادیکردووە.

بەپێی سەرژمێرییەکە زیاتر لە (٩) هەزار عێراقی پەنایان بردووەتە بەر سویدو (٣٨٠٠)یش بۆ هۆڵەنداو (٣١٠٠)یش بۆ ئەڵمانیاو (١٤٠٠)یش چوونەتە یۆنان.

کوردستانی نوێ

٢٠٠٧/٣/٢٥

ژ: ٤٢٢٤

- "هەروەها"

٦٨- ئەحمەد عەبدولغەفوری سەرۆکی وەقفی سوننە لەوتاری دوێنێ هەینی لەمزگەوتی ئەبی حەنیفەی نوعمان لەگەڕەکی ئەعزەمییە، داوای لەئێراقییەکان کرد، یەکبگرنو بەرگری لەناوچەکانی خۆیان بکەن، دژی ڕێکخراوی تیرۆرستی قاعیدەو میلشیاکانی دیکە.

هەروەها داواشی لەحکومەت کرد بۆ سەرخستنی پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانی ئەو خەڵکانە ئازاد بکات کەگیراونو هیچیان لەسەر ساغ نەبۆتەوە.

خەبات

٢٠٠٧/١١/٢٤

ژ: ٢٦٨٥

٦٩- سەرۆك ئەركانی سوپای توركیا یەشار بویوك ئاینت وتی توركیا "مەحاڵە دروستبوونی دەوڵەتی كوردی لەسنوری باشوری توركیا قبوڵ بكەین"

هەروەها وتی "من ناڵێم لەدژی عێراق چالاكی سەربازی بكەین من دەڵێم پێویستە دژی پەكەكە بجوڵێین"

ئاوێنە

٢٠٠٧/٤/٢٤

ژ: ٦٦

- "هەروەك"

٧٠- ئینتیقاز قەنبەر-ی وتەبێژی ڕەسمی بەناوی كۆنگرەی نیشتمانی عێراق، ڕایگەیاند كەئەیاد عەلاوی-ی سەرۆك وەزیران بڕیارێكی ئیمزا كردووە، سەبارەت بەهەڵوەشاندنەوەی لیژنەی باڵای ڕیشەكێشكردنی بەعس.

قەنبەر ئەوەشی ڕاگەیاند، كە ئەم بڕیارە دژی یاسای كاتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەتە، هەروەك میسال ئالوسی-ی بەڕێوەبەری گشتی لیژنەی ڕیشەكێشكردنی بەعس ڕەخنەیەكی توندی ئاڕاستەی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی لیژنەكەی كردو گوتی ئەو بڕیارە لادانە لەیاسای كاتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی بەعس ...

ئاڵای ئازادی

٢٠٠٤/٨/٣٠

ژ: ٥٧٩

- لەگەڵ

٧١- بەپێی سەرچاوەكان لیژنەی هاوپەیمانی كوردستان بۆ دانوستان لەگەڵ شیعەكاندا ڕۆژی شەممە لەگەڵ سەرۆكی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی كۆبوونەوەیەكی ئەنجامداوەو ئەو كۆبوونەوەیە بەڕێكوپێكی بەڕێوە چووەو

هـەردوولاش لەسـەرئەوە كـۆك بـوون هـەموو هـەوڵێكیان بخەنـە گـەڕ لـەپێناو كۆكردنەوەی خێرای پەرلەماندا.

ئاڵای ئازادی

٢٠٠٥/٣/٧

ژ: ٢٧٠٤

٧٢- كاردۆ محەمەد سەرۆكی دەزگای هەڵبـژاردنی یـەكێتی لەسـەر داوای ئەنـدامێكی مەكتەبی سیاسی یەكێتی كەتۆمەتباری كردبوو بەوەی كەخۆی بەشێكە لەتەكەتول لەسەركار لابرا، سەرچاوەیەكی ئاگادار ڕایگەیاند، كـە بـەبڕیارێكی تاڵـەبانی ئـەمڕۆ هێنراوەتـەوە سـەر كارەكـەی خـۆی لەپەیوەندییەكـدا كـاردۆ محەمـەد هەواڵەكـەی پشتڕاستكردەوەو ئاماژەی بۆ ئەوە كرد كە ئەو كێشەی لەگەڵ مەكتەبی ڕێكخستندا بووە.

ئاوێنە

٢٠٠٦/١٠/٣١

ژ: ٤٢

- "هەروەك"

٧٣- چەند ماڵە كوردێكی دیكەش لەگەڕەكی ڕەحیماوا ئاگادار كراونەتەوە، كەدەبێت لەسـەرەتای ئـەم مانگـەدا كـەركوك بـەجێبهێڵن، هـەروەك نـاوی سـەرجەم گەڕەكـە كوردییەكانی شارەكەش گۆڕدراوە.

كوردستانی نوێ

٢٠٠١/١٠/١

ژ: ٢٥٧٢

- وەك

٧٤- (یاسـین الیاسـری) بەڕێوەبـەری گـشتی ڕەگەزنامـەو شارسـتانی لەعێراقـدا ڕایگەیانـد كـە لـە (٢٧)ی ئـەم مانگـەوە دەزگاكـەی دەكەوێتـەكار بـۆ دەركردنـی پەساپۆرتێكی نوێ وەك قۆناغی یەكەم، شارەكانی بەغدا، موسڵ، بەسرە، نەجەف دەگرێتەوە ...

كوردستانی نوێ

٢٠٠٣/٩/٢٤

ژ: ١٤٢

- كەوا

٧٥- هێـزە ئاشـتی پارێزەکـە ئـەرکی پاراسـتنی "١٥٠" کەسـایەتی سیاسـی لەئەسـتۆ دەگرێـت، کـە بەشـداری لەحکومـەتی کـاتیی بۆرۆندیـدا دەکـەن، کـەوا چـاوەڕوان دەکرێت ماوەی سێ ساڵ بخایەنێت.

کوردستانی نوێ

٢٠٠١/١٠/٢٩

ژ: ٢٥٩٦

- یەکەم "بوونی ژمارە لـەناو دەقـدا ڕۆڵـی لکانـدن دەبینـێ" ((قـەیس: ٢٠٠٢: ٢٢٧)) ژمارەش زانیاری زیاتر لەدەقدا، بەوەرگر دەدات، وەك:

٧٦- لەدانیـشتنی ئـەمڕۆی پەرلـەمانی کوردسـتان هەریـەك لـەوەزیرانی کارەبـاو شەهیدانو کاروباری ئەنفالکراوەکان بانگهێشت دەکرێن، تاریق جەوهـەر سـارمەمی ڕاوێــژکاری ڕاگەیانــدنی ســەرۆکی پەرلــەمان بەکوردســتانی نــوێ‌ی ڕاگەیانــد: بانگهێشتکردنی ئەو دوو وەزیرە بۆ گوێگرتنە لەڕاپۆرتی کارو پرۆژەکانی هەریـەك لەو دوو وەزارەتە.

کوردستانی نوێ

٢٠٠٧/٤/١٧

ژ: ٤٢٤٤

-بەپێی - لەم ڕووەوە: ئەمانە دوو بەشی هەواڵەکە بەیەکەوە دەلکێنێ، وەك:

٧٧- لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەناوچەکەو ئامادەکارییەکان بۆ هێرشی چاوەڕوانکراوی سەر ڕژێمی عێراق ترسو دڵەڕاوکێ بەشێوەیەکی بەرچاو لەناو سوپاکەی ڕژێمی عێراقدا بڵاوبۆتەوەو متمانە لەنێوان سەربازو فەرماندەکانیان بەتەواوەتی نەماوە، لەم ڕووەوە بەپێی هەواڵێك کەسەرچاوەیەکی تایبەت بەڕۆژنامەکەمانی ڕاگەیاند: ئێستا فەرماندەی فەیلەقو ئەفسەرە پلە بەرزەکانی سوپای ڕژێمی عێراق لەترسی کوشتنیان بەدەستی ئەفسەرو سەربازەکانی یەکەکانیان، جلوبەرگی گوللە نەبڕ لەبەر دەکەن.

کوردستانی نوێ

٢٠٠٣/٢/٢٣

ژ: ٢٩٩٥

- شایانی باسە:

٧٨- سەبارەت بەیاداشتنامەی لێکتێگەیشتنی تورکیاو عێراق ئەمریکا ڕەزامەندی خۆی دەربڕیو شۆن ماکورماك وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لەلێدوانێکیدا بۆ میدیاکان ڕەزامەندی ئەمریکای سەبارەت بەیاداشتنامەکەی نێوان عێراقو تورکیا دەربڕی، کە لەئەنکەرە لەنێوان هەریەك لەسەرۆك وەزیرانی تورکیاو عێراق ئیمزا کرابوو، هەروەك ماکورماك، پشتگیری تەواوی ولاتەکەی نیشاندا بەو هاوئاهەنگییەی تورکیاو عێراق بۆ ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆرو ئەو هەنگاوەش بەئیجابی وەسفکردو داواشیکرد کە لەو هاوئاهەنگییەی نێوانیان بەردەوامین، کەدەبێتە پردێکی پتەوی نێوان هەردوو ولات. شایانی باسە، چاودێرانی سیاسی تێڕوانینێکی جیاوازیان لەسەر یاداشتنامەکە هەیەو پێیوایە کەسەرۆك وەزیرانی عێراق ئەستەمە ئەو دەسەلاتەی هەبێت کەبەندەکانی نێو یاداشتنامەکە جێبەجێبکات.

کوردستانی نوێ

٢٠٠٧/٨/١٠

ژ: ٤٣٤٣

٣. بەستنی پێچەوانەکردنەوە، بەهۆی ئەم ئامرازانەوە دەبێت، وەك:

- بەلام : ئەرکی دیارو چالاك لەبەستنی پێچەوانەکردنەوەدا، دەبینێت، وەك:

٧٩- د.فوئاد حسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم بەکوردستانی نوێی ڕاگەیاند: سەردانەکە لەچوارچێوەی گەشتەکەی بۆ بەشداریکردنی لەکۆنفرانسی "SI"ی جنێف بوو، بەلام وادیارە بەهۆی سەرقالیی هەردوولاو بۆ کاتێکی نادیار دواخرا.

کوردستانی نوێ

٢٠٠٧/٧/٦

ژ: ٤٣١٣

٨٠- ئەمازیخ کەمەزەندە دەکرێت: نزیکەی (٣\١)ی دانیشتوانی جەزائیرین، داوا دەکەن زمانی ئەمازیخی شانبەشانی زمانی عەرەبی ببێتە زمانی ڕەسمی ...

- بەرپرسێکی حزبی تەجەموع گوتی، پێدەچێت پێنج حزبی جەزائیر بەو بۆچوونەی حزبەکەی قایل بن، بەلام دەستوری جەزائیر دەلێت: ولاتەکە یەك پارچەیەو قابیلی دابەشکردن نییە.

کوردستانی نوێ

٢٠٠١/٩/٨

ژ: ٢٥٥٢

- نەك

٨١- ژەنەڕاڵ ئۆگۆستۆ هیلینۆی سەرکردەی هێزە نێودەوڵەتییەکانی هایتی بەزمانێکی توند سەرزەنشتی جۆن کێری کرد، بەهۆی ئەو توندوتیژییەی بەم دواییانە ئەو وڵاتەی گرتەوە، هیلینۆ گوتی هێزە نێودەوڵەتییەکان بەپێچەوانەی ڕاگەیاندنەکانی کێری-ەوە لەتوانایاندا بووە بارودۆخی ئەو وڵاتە کۆنترۆڵ بکەن، بەڵام هەر ڕاگەیاندنەکانی خودی کێری بوونەتە هۆی شێواندنی بارودۆخەکە، کە بەم دواییانە گوتبووی ئەگەر لەکاتی خۆیدا لەدەسەڵاتدا بوایە هێزی سەربازی ڕەوانە دەکرد بۆ بەرگری کردن لە جان برتراند ئەرستیو-ی سەرۆکی هەڵبژێردراو نەك بۆ دژایەتیکردنی، بەگوتەی هیلینۆ هەر ئەو ڕاگەیاندنانە هیوایان بەخشی بەهەوادارانی سەرۆکی لەکارخراو ..

ئاڵای ئازادی

٢٠٠٤/١٠/١٨

ژ: ٥٨٦

٨٢- ولیام کۆهینی وەزیری بەرگری ئەمریکا ڕایگەیاندووە، کەوڵاتەکەی سوورە لەسەر ملکەچکردن بەسەدام حسێن سەرکۆماری عێراق بۆ پابەندبوون بەهەموو بڕیارە نێودەوڵەتی یەکانو گەڕاندنەوە یان دیاریکردنی چارەنووسی بێ سەرو شوێنە جەنگی یەکان.

هەرێمی کوردستان

٢٠٠٠/٤/١٧

ژ: ١٩٧

- بەڵام بەهۆی :

٨٣- شەونم محەمەد غەریب - سەرۆکی دەزگای کارەبا لەسلێمانی، بەهاوڵاتی وت "مانگو نیوێك خەریکی ئەو پرۆژەیە بووین، بەڵام بەهۆی زۆریی پارەی ئەو مۆلیدانەوە پارێزگاری سلێمانیو وەزارەتی کارەباش نەیانتوانی بیکڕن.

هاوڵاتی

٢٠٠٦/١١/٢٢

ژ: ٣٠١

- بەڵکو

٨٤- خاتەمی جەختی لەسەرئەوە کردەوە، کەتاران سیاسەتی کۆیلەو پاشایەتی ڕەت دەکاتەوە لەمامڵەت کردنی دا لەگەڵ واشنتۆن بەڵکو بۆ ئەوە کۆشش دەکات کەپەیوەندییەکانی هاوسەنگ بن‌و لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی هاوبەش دابمەزرێن.

برایەتی

١٩٩٨/١/٢١

ژ: ٢٥١٠

- لەگەڵ ئەوەشدا

٨٥- سەرەڕای ئەوەی کەپێرێ شەو لەعەممانی پایتەختی ئەردەن دبلۆماتکاری عێراق حیکمەت هەجۆو "٦" کەسی دیکە تیرۆرکران، لەگەڵ ئەوەشدا عێراق بڕیاری ئازادکردنی هەموو گیراوە ئەردەنیەکانی لەبەغدا دەرکرد ....

برایەتی

١٩٩٨/١/٢٠

ژ: ٢٥٠٩

### ٤. بەستنی هۆیی

- چونکە

٨٦- جێگری سەرۆکی لیژنەی پێداچوونەوەی دەستوور ڕۆشنایی خستە سەر ئەوەی هیچ لایەنێك ناتوانێت بیروبۆچوون‌و ڕای خۆی بسەپێنێت بەسەر لایەنەکانی تردا، چونکە لەکاتی ڕاپرسیدا سێ پارێزگا ڕازی نەبوو دەستوور وەك خۆی دەمێنێتەوە.

کوردستانی نوێ

٢٠٠٧/٣/٢٧

ژ: ٤٢٢٦

٨٧- هەواڵێکی هەڵبەستراو لەمیدیا عەرەبیەکان بڵاوبۆتەوە گوایە بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەهەوڵێکی تیرۆریستی بریندارببوو بێ، ئەم هەواڵە سەرتاپای هەڵبەستراوەو هیچ ڕاستییەکی بۆ نییە چونکە جەنابی سەرۆك بارزانی بەسەفەرێکی تایبەتی لەدەرەوەی وڵاتەو ئەم سەفەرەش هیچ پەیوەندی بەتەندروستی بەڕێزیانەوە نییە، بۆیە بەپێویستمان زانی ئەم هەواڵە بەدرۆ بخەینەوە.

خەبات

٢٠٠٧/١١/٢٤

ژ: ٢٦٨٥

ئـامرازی "گوایـه" لەهەواڵەکـەدا بـۆ دەرخـستنی زانیارییـە، بـەڵام زانیارییـەك، کـەگومان لەڕاسـتی دەکرێـت، پێویـستی بەسـەلماندن، یـان ڕەتدانـەوە هەیـە، وەك لەهەواڵەکـەدا، بەڕسـتەی لێکـدراوی "ئـەم هەواڵـە سـەرتاپای هەڵبەسـتراوەو هـیچ ڕاستیەکی بۆ نیە"

- بۆیە

٨٨- دوێنـێ عـەدنان مـوفتی سـەرۆکی پەرلـەمانی کوردسـتان لەپەیوەندییـەکی تەلەفۆنیدا بەکوردستانی نوێ-ی ڕاگەیاند، کە بەبڕیاری پەرلەمان ٥ی ئاداری هـەموو ساڵێك پـشووی ڕەسمییـە، لـەبارەی یـادی ڕاپـەڕینی شـارو شارۆچکەکانی تـر عـەدنان موفتی وتی: یـادی ڕاپـەڕینی شـارەکانی تـر بۆنـەن‌و پـشووی ڕەسمی نـین‌و تـەنیا ٥ی ئادار پشووی ڕەسمیە.

هـەروا لـەوەڵامی پرسـیاری ئـەوەی کەبۆچـی ئەمـساڵ چـواری مـانگیش کـرا بەپـشوو، مـوفتی وتـی : لەبەرئـەوەی چـواری مـانگی ئەمـساڵ کەوتۆتـە نێـوان پـشووی ئاسـایی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەڕۆژانی هەینی‌و شەممەیەو پێنجی مانگیش پـشووی ڕەس٢می بوو، بۆیە ئەو ڕۆژەی کەدەکەوێتە نێوان دوو پشووەوە دەبێتە پشوو.

کوردستانی نوێ

٢٠٠٧/٣/٥

ژ: ٤٢١٠

ئامرازی "هەروا"، دووبەشی هەواڵەکەی بەیەکەوە لکاندووەو زانیاری بەرەوپێش بردووە.

- ئەگەری

٨٩- هەفتـەی ڕابـردوو لەگـەڕەکی تـەیراوەی شـاری هـەولێر، تـەرمی هـەرزەکارێك دەدۆزرێتـەوە، دوای ئـەوەی کەتەرمەکـە دەگەیەنرێتـە یەکـەی پزیـشکی دادوەری چـەندین پرسـیار هاتـە ئاراوە لـەبارەی گیـان لەدەسـتدانی، سەرچاوەیەکی ئاگـادار لەڕووداوەکە ئەگەری ڕووداوەکەی گەڕاندەوە بۆ ژەهراوی کردنی ناوبراو تائێستاش هۆکاری ژەهراوی کردنەکەی نەزانراوە.

هەواڵ

٧ی تەموزی ٢٠٠٧

ژ: ٢٣٧

- ئەگەرووەك:

٩٠- هیلاری کلینتۆنی ئەندامی ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکا ڕایگەیاند، ئەگەرووەك سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەڵبژێردرام، لەگەڵ باشکردنی توانای هێزەکانی عێراقدا، هێزەکانی ئەمەریکاش لەو وڵاتە کەمدەکەینەوەو کوردەکانی عێراقیش دەپارێزین.

کوردستانی نوێ

٢٠٠٧/٣/١٨

ژ: ٤٢٢١

"ئەگەر" ئامرازێکە لەڕێزمانی کوردیدا، لەڕۆنانی ڕستەی ئاوێتەی مەرجیدا لێی کۆڵراوەتەوە. بەڵام "پارستەی مەرجیش، لەگەڵ واتا گشتییەکانی هۆیی یەکدەگرنەوە" ((قەیس: ٢٠٠٢: ٣٣٤))، وەك:

٩١- مرۆڤ ئەگەر هیوا بڕاوبێت، سەرکەوتوو نابێت.

- کەڕەنگە بەهۆی

٩٢- بەبڕیارێکی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی عێراق، ژمارەیەك لەزاڵگەکانی سەر ڕێگا سەرەکییەکانی سنوری هەرێمی کوردستان هەڵگیراو بەرپرسانی ناوچەکەش ئاماژە بەوە دەدەن، کەڕەنگە بەهۆی لابردنی ئەو زاڵگانەوە چەکدارەکان دزە بکەنە ناو خاکی هەرێمەوە .. هاوڵاتی

٢٠٠٧/٥/١٦

ژ: ٣٢٦

٥- **بەستنی کاتی** : زنجیرەی بەدوایەکدا هاتنی بەشەکانی هەواڵەکە، بەپێی کاتی ڕوودانی کردارەکان نیشاندەدەن، ئەو دوو ڕووداوەی بەدوای یەکتریش دێن، تەواوکەری یەکترن، وەك:

- "و" ئەم ئامرازە لەدوو بەستنی بەرەو پێش بردنی زانیاریو کاتدا ئەرك دەبینێت، واتە کاتێك دوو ڕستە یان دوو بەشی هەواڵێك بەیەکەوە دەبەستێت، هاوکات زنجیرەی کاتی ڕووداوەکانیش نیشاندەدات، وەك:

٩٣- سەرم لێداو هەواڵی تۆشم پێگەیاند.

- دواتر : زنجیرەی کاتی ڕوداو بەرەو پێشەوە نیشاندەدات.

٩٤- "٢٤" هاولاتی کوردی ئێزدی لەشاری موسڵ لەگەڕەکی تەحریر لەلایەن گروپێکی تیرۆریستی ڕفێندران<u>و دواتر</u> لەگەڕەکی نوری - نزیك مزگەوتی تاهیر زیناوە، تەرمەکانیان دۆزرایەوە.

کوردستانی نوێ

٢٠٠٧/٤/٢٣

ژ: ٤٢٤٩

- دواتریش

٩٥- رائیدێکی بەعس بەناوی "شلال کردی" ڕۆژی ٥/٢٣ لەگەڕەکی "وحدە" لەشارۆچکەی جەلەولا کوژرا، سەرچاوەیەکی ئاگادار بەهاولاتی ڕاگەیاند ناوبراو یەکێك بووە لەپیاوەکانی بەعس<u>و</u> لەساڵی ١٩٨٤ دا هاولاتییەکی کوردی بەناوی "خالید کەریم" کوشتووەو <u>پاشان</u> لەدادگاش بەزۆر تەنازولی بەبنەماڵەی قوربانیبەکە کردووەو <u>دواتریش</u> تەرحیلی کردوون.

هاولاتی

٢٠٠٣/٩/٢٨

ژ: ١٢٥

- پێشتر : زنجیرەی ڕوداو بەرەو دواوە نیشاندەدات، وەك:

٩٦- ئەم لێدوانەی سەرۆکی ئەرکانی سوپای تورکیا لەکاتێکدایە کەپێشتر ڕای٢گەیاندبوو کە "هێرشکردنە سەر باکوری عێراق تەنها پێویستی بەبڕیارێکی حکومەتە."

ئاوێنە

٢٠٠٧/٤/٢٤

ژ: ٦٦

- کە لەدوای

٩٧- لەچەند مانگی ڕابردوودا، گۆڕانکاری لەنێو کابینەکەی نوری مالکیدا، یەکێ بوو لەمشتومڕەکانی هێزە سیاسییە بەشدارەکانی ناو پەرلەمان‌و حکومەتی عێراق، داواکردنی وەزارەتێك لەلایەن لیستی یەکگرتووی ئیسلامییەوە، بەشێکە لەو داخوازییانەی <u>کە لەدوای</u> ئەو مشتومڕانەوە دروستبووە.

هاولاتی

٢٠٠٧/٣/٢٨

ژ: ٣٢٥

- تا ئێستا

٩٨- جەمال عەبدوڵا سکرتێری ڕۆژنامەنوسیی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم، بەکوردستانی نوێ-ی ڕاگەیاند: سەبارەت بەو وەزارەتانەی تائێستا پەسەندکردنی ڕەشنوسی یاسای وەزارەتەکانیان لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە دواکەوتووە ئەو وەزارەتانە دەتوانن کار بەو پرۆژە یاسایە بکەن کەخۆیان ئامادەیان کردووە.

کوردستانی نوێ

٢٠٠٣/٣/٧

ژ: ٤٢١٢

- کەئێستا

٩٩- زێباری پەرلەمانتار لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان کەئێستا بەسەردانێکی ڕەسمی لەبەریتانیایە وتی "داوامان لەلەندەن کردووە کەڕەچاوی باری ئەمنی عێراق بکەن و لەناردنەوەی پەنابەرانی عێراق پەلە نەکەن" ...

ڕۆژنامە

٢٠٠٧/٧/٢٦

ژ: ١٠

- پێویستە بوترێت، ئامرازی گەیەنەری "کە" لەڕستەی ئاوێتەشدا، بەگشتی لەگەڵ پارستەی ئاوەڵکرداری کاتدایە، وەك چەمکی کات لەو ئامرازەدا هەیە، وەك:

١٠٠- کەمن چووم ئەو نانی دەخوارد.

- بەستن بەبێ ئامراز

دەق بەگشتی ئامرازی بەستنی تێدایە، بەڵام دەشێت بەشەکانی هەواڵێك بەبێ ئامراز بەیەکەوە بلکێنرێن و دەقێکی یەکگرتووش بەرهەم بێت، لەم بارانەدا "وێرگول" ئەرکی ئامرازەکان دەبینێت، وەك:

١٠١- سەرچاوەیەکی ئاگادار لەچیای قەندیل بەچاودێری ڕاگەیاند: بەمەبەستی دروستکردنی چەند مەفرەزەیەکی بەسیج، هێزەکانی ئێران نزیکەی ١٥٠٠ پارچە چەکیان لەچەند شارێکی کوردستان ڕۆژهەڵات دابەشکردووە.

چاودێر

٢٠٠٧/١/١٥

ژ: ١١٠

ئەو جۆرە هەواڵانەی ئامرازی بەستنیان تێدا نییە، زۆر کورتن.

- هاوتایی: ڕێگایەکی تری لکاندنی ڕێزمانییە، "بەدووبارەکردنەوەی ڕۆنانێکی زمانی وشە، گرێ، لەڕستەیەکدا پێکدێت" ((شحده: ٢٠٠٦: ٢٠٥))
١٠٢- ئێمە وەك ئیدارەی قەزاکە ئەو فۆرمانە ڕادەگرینو داباشی ناکەین ...
ئاسۆ
٢٠٠٧/٣/١٥
ژ: ٣٨٩

## لکاندنی وشەیی

یەکێك لەو ڕێگایانەی کە لەبەرهەم هێنانی دەقێکی پتەودا بەشدارە، لکاندنی وشەییە، کەدووبارەکردنەوەی وشە گرنگەکانە، بەم شێوەیە:

**یەکەم: هاوواتایی:** دیاردەیەکی واتاسازییەو بەهۆی پێوەندی شوێنەوە دروستدەبێت. بەگشتی زۆر پێناسەی بۆ کراوە، هەندێك لەسەر بنەمای شوێن، "دوو کەرەستە هاوواتا ئەبن ئەگەر هەمان شوێنیان هەبێت" ((بێخاڵ: ١٩٨٩: ٧٦))نمونە

١٠٣- کچێك هات.

١٠٤- کیژێك هات.

هەردوو وشەی "کچو کیژ" لەهەمان شوێندا دەرکەوتوون، هیچ لەواتای ڕستەکان نەگۆڕاوە، بۆیە ئەو دوو وشەیە هاوواتای یەکترن.

هەندێکی تر لەسەر بنەمای سیمای واتاییو واتای هۆشەکی بۆ دیاردەکە چوون، "هاوواتا بریتییە لەپێوەندی نێوان وشەکان، بەمەرجێك ئەم وشانە سیما واتاییەکانیان لەبنەڕەتدا هاوواتابن، بەڵام هەندێك جار سیما لاوەکییەکان لەگەڵ یەکتردا جیاواز دەبن" ((پەروین: ٢٠٠٨: ٨١))، بۆ نموونە:

ژن : زەعیفە

لەواتای هۆشەکیدا یەکن، هەردوکیان خاوەنی سیماکانی "+مرۆڤ، +هەراش، +زیندوو"ن، بەڵام لەسیمای لاوەکیدا جیاوازن، بۆ نموونە "زەعیفە" لای هەندێ کەسی کۆمەڵ سیمای "+لاواز"، وەك واتای بارکراو وەردەگرێت.

دووبارەکردنەوەی وشە گرنگەکان بەڕێگای بەکارهێنانی هاوواتایی، وادەکات دەقێکی پتەو دروستبێت، واتە "لەجیاتی دووبارەکردنەوەی وشە، هۆیەکی تری لکاندنی دەق بەکاردێت، کەهاوواتایە" ((salkie: 1997: 3)). لەڕاستیدا دۆزینەوەی دوو وشە، کەتەواو هاوواتابن، کارێکی ئاسان نییە، ئەمەش وا دەکات، بوونی هاوواتای

تــەواو، لەزمانــدا کــارێکی گــران بێــت، یــان هــەر نــەبێت. ((أحمــد: ١٩٩٨: ٢٢٦))
هەرچەندە هاوواتایی بواری واتاسازی وشەیە، بەڵام لەچیرۆکە هەواڵدا مـەرج نییـە، هەموو کات لەنێوان دوو وشەدا بێت، بەڵکو بەم شێوانە دەبێت:

١- **دوو وشەی هاوواتا: وەك:**

١٠٥- بــە پێــی ڕونکردنەوەیــەکی کەتیبــەی کوردســتانی ئەلقاعیــدەو دەوڵــەتی ئیـسلامی عێـراق، کـە لەسـەر ماڵپەڕەکەیان بڵاوکراوەتـەوە، چالاکیەکەی شـەوی سێشەممەیان بەبەرنامە بووەو بەبەرنامەش هاتونەتە ناوچەی شارباژێرەوە.
بــەپێی بەیاننامەکــە کۆپیــەکی دەســت هــاوڵاتی کــەوتووە، ســریەی شــارەزوورو سریەی شارباژێرو سـریەی گـەرمیانی کەتیبـەکانی کوردسـتانی سـەر بەدەوڵـەتی ئیسلامی عێراق، بەنەخشەیەك دابەزینە ناوچەی شارباژێر ...

هاوڵاتی

٢٠٠٧/٥/٩

ژ: ٣٥٢

وشەکانی "بەرنامە : نەخشە" "هاتن : دابەزین"، هاوواتایی یەکترن و لەدوو شوێنی جیـاوازدا لـەبری یـەکتری بـەکارهاتوون. جگـە لەمـەش وشـەی "بەرنامـە" دووبـارە کراوەتــەوە، وەك لەهەواڵەکــەدا هــاتووە "بەبەرنامــە بــووەو بەبەرنامــەش ...." مەبەست لەم شێوازە جەختکردن و گەیاندنی کاریگەری زیاتری هەواڵەکەیـە، گوایـە کەتیبــەکانی کوردســتانی قاعیــدە بەهەڕەمــەکی نــەهاتوون، بــەڵکو بەشــێوەیەکی ڕێکخراوو بەبەرنامە کارەکەیان کردووە.

١٠٦- بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ئاوێنە کەوتوون "لەدوای هێرشەکەیان بۆ سەر بنکـەی گـومرکی باشمـاخ، چـەکدارەکانی ئەنـسار ... کاتێـك بـەرەو سـنووری ئێـران پەڕیونەتەوە، لەلایەن میکزەمینی ئیتیلاعاتەوە دور خراونەتەوە.
ئەم زانیارییانە ئاماژەیەوەش دەکەن، کەبەرەبەیانی ئەو ڕۆژە کەسـێکی بـەجێماوی مەفرەزەکەی ئەنسار لەگەوڕێکی نزیك شوێنی ڕووداوەکە دەستگیرکراوە ..."

ئاوێنە

٢٠٠٧/٣/٢٧

ژ: ٦٢

وشەکانی "هێرش : ڕووداو"، وەك هاوواتا، لەجیاتی یەکتر بەکارهاتوون.

**ب - دوو گرێی هاوواتــا:** هەرچەندە هاوواتـایی دیاردەیـەکی فەرهەنگییـەو لەسـەر بنەمای وشە دەبێت، بـەڵام مـەرج نییـە ئەمـە هـەموو کاتێـك بـەڕێکوپێکی بـڕوات. بەگشتی لەدەقدا ، هاوواتایی لەوانەی سەروو وشەوە دەبینرێت، وەك:

١٠٧- باڵیۆزخانـەی عێـراق لەئەنکـەرە ڕێگـەی نـەداوە وەفـدێکی پەرلـەمانی تورکیـا بێتە عێراقەوە بەهۆی ئەوەی، کە داوایانکردبوو ڕاپرسی لەسەر چارەنووسی شاری کەرکوك دوابخرێت.

- لەو بارەیەوە ڕۆژنامەی "زەمان" بڵاویکـردەوە، کەباڵۆیێزخانـەی عێـراق لـەتورکیا ڤیـــزای نـــەداوە بـــەو وەفـــدە، کەســـەر بـــەپارتی عەدالـــەتو گەشـــەپێدانی دەسەڵاتداربوون...

کوردستانی نوێ

٢٠٠٧/٣/٢٧

ژ: ٤٢٢٦

هەردوو گرێی بەندی ئاوەڵکرداری "لەئەنکەرە : لەتورکیا" هاوواتان.

هەر لەو هەواڵەدا، گرێی کرداری "ڕێگـەی نـەداوە : ڤیـزای نـەداوە"، لـەدوو شـوێنی جیادا لەبری یەکتری بەهاوواتا بەکارهاتوون.

**پ- دوو ڕستەی هاوواتــا:** جگـە لـەگرێ، دوو ڕسـتەش لەدەقـدا دەتـوانن هاوواتـابن، وەك:

١٠٨- وەزیــری هــەرێم بــۆ کاروبــاری دارایــی لەلێدوانێکـدا بـەهاوڵاتی وت "هـیچ بڕیارێکی ڕەسمی بۆ زیادکردنی موچە تائێستا نەگکەیشتۆتە دەستمان"

- بـایز تاڵـەبانی وەزیـری هـەرێم بـۆ کاروبـاری دارایـی، وتـی "بڕیـاری زیـادکردنی مووچـە لەئەنجومـەنی وەزیرانـی عێراقـەوە دەردەچێت، تائێـستا هـیچ بڕیـارێکی زیادکردنی مووچە نەدراوە ...

هاوڵاتی

٢٠٠٧/٣/٤

ژ: ٣١٧

ڕستەکانی :

- هـیچ بڕیـارێکی ڕەسمـی بـۆ زیـادکردنی مووچـە تائێـستا نەگەیـشتۆتە دەستمان.
- تائێستا هیچ بڕیارێکی زیادکردنی مووچە نەدراوە.

دوو ڕستەی هاوواتان.

وەك وتمان هاوواتایی، کەزیاتر لەوشەدایە، بەلاّم هەموو کاتێك دوو ڕۆنانی چوون یەك، مەبەستمان درێژیو کورتی پێکهاتەکانە، هاوواتا نابن. لەدەقدا زۆرجار، گرێ هاوواتای وشە دەبێت، وەك:

١٠٩- لەپەراوێزی بەستنی کۆنگرەی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال "SI" بڕیاربوو مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانێکی فەڕەنسا بکاتو لەگەڵ بێرنارد کۆشنەر وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتەدا کۆبێتەوە.

- د.فوئاد حسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم بەکوردستانی نوێ-ی ڕاگەیاند: سەردانەکە لەچوارچێوەی گەشتەکەی بۆ بەشداریکردنی لەکۆنفرانسی "SI"ی جنێف بوو، بەلاّم وادیارە بەهۆی سەرقاڵیی هەردوو لاوە بۆ کاتێکی نادیار دواخرا، سەردانەکەش لەسەر بانگهێشتی بێرنارد کۆشنەر وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا بووەولەکاتێکی گونجاوی هەردوولا ئەنجام دەدرێت، کەبتوانن دیدارەکە ڕێکبخەن.

کوردستانی نوێ

٢٠٠٧/٧/٦

ژ: ٤٣١٣

گرێی کرداری "دیدارەکە ڕێکبخەن" هاوواتای "کۆبێتەوە"یە.

لەلایەکی ترەوە "SI" هاوواتای "سۆسیالیست ئینتەرناسیونال"ە ئەم ڕێگایە، یەکێك لەڕێگاکانی وشەڕۆنانەو بە "ئەکرۆنیمی - Acronym" دادەنرێت.

١١٠- سەر لەبەیانی ڕۆژی ٨/١١ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بەگوللەی قەناسە کاسبکارێکی کورد لەناوچەی هەوارەبەفرەی حاجی ئۆمەران دەکوژن، ئەو قاچاخچییە ناوی خالید برایمە ڕووتەو خەڵکی کوردستانی عێراقە، بەلاّم دانیشتوی کوردستانی ئێرانەو خاوەنی (٥) منداڵەو پاش کوشتنی تەرمی لەلایەن هاوڕێکانیەوە دەگەڕێنرێتەوە، کاسبکارانی سەر سنور ناوبەناو ڕووبەڕووی هەڕەشەی لەم جۆرە دەبنەوە.

ئاوێنە

٢٠٠٧/٨/١٤

ژ: ٨٢

هەڕەشەی لەئەم جۆرە ⟵ هەڕەشەی لەم جۆرە

ئەم گرێ ناوییە، هاوواتای "دەکوژن" بەکارهاتووە، جگە لەمەش لەهەواڵەکەدا وشەکانی "قاچاخچی : کاسبکار" هاوواتای یەکن.

پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، هەندێ جار دوو وشەی دژواتا، بەهۆی دەوروبەرەوە لەدەقێکدا، دەبن بەهاوواتا، واتە "هەندێ جار دوو وشە، تەواو دژی یەکن لەدەرەوەی چوارچێوەیەکی بەکارهێناندا، بەڵام لەچوارچێوەی بەکارهێنانی دیاریکراودا هاوواتا ئەبن" ((بێخاڵ: ١٩٨٩: ٨٠)) وەك:

١١١- چاکم لێدا

١١٢- خراپم لێدا

١١٣- پیس ئیسلامییەکی لێ دەرچووە.

١١٤- ئیسلامییەکی باشی لێ دەرچووە.

وشەکانی "چاك × خراپ" و "پیس × باش"، لەدەرەوەی ئەو ڕستانەدا دژواتان، بەڵام بەهۆی هاتنیان لەو دەوروبەرەداو لەسەر هێڵێکی ئاسۆیی، بوون بەهاوواتا. با سەیری ئەم چیرۆکە هەواڵەش بکەین:

١١٥- کییر، کەتەمەنی ٥٤ ساڵە دوێنێ لەمەراسیمەکەدا گوتی: کەرەنگ کە بەهۆی کەوتنە خوارەوەی هێلیکۆپتەرێك گیانی لەدەستدا، نەمردووەو تائێستاش لەعەقڵو دڵی ملیۆنان کەسدا زیندووەو پێویستە هەرگیز نەمرێت کوردستانی نوێ ١٢ /٨/ ٢٠٠٥

ژ: ٣٧٤٧

وشەکانی "زیندوو × مردوو" دژواتان، بەڵام لەدەقەکەدا، بەهۆی دەوروبەرەوە، لەو بەکارهێنانەدا، بەتایبەتی کرداره کە بەفۆرمی نەرێ "نەمردووە" دەرکەوتووە، بۆیە بەهاوواتا دادەنرێن. دیاردەیەکی تری ئەو هەواڵە، بەکارهێنانی گرێی کرداریی "گیانی لەدەستدا" کە لەڕاستیشدا ڕستەیەکی تەواوە، لەشوێنی "مرد" بەکارهاتووە. ئەمەش یەکێکە لەڕێگاکانی پەیدابوونی هاوواتا، "هەندێ جاریش، هۆی هاتنە کایەی هاوواتایی بۆ خۆشکردنی هەندێ دیاردە دەگەڕێتەوە، کەخۆیان ناخۆشن، وەك: مردن ، نەخۆش ..." ((سەرچاوەی پێشوو: ١٩٨٩: ٨٢))

ئەمەش پێوەندی بەلایەنی دەروونیو ڕێزدانانەوە، بۆکەسی کۆچکردوو، هەیە.

**دووەم: دژواتا** : ڕێگایەکی تری لکاندنی وشەیی، بەکارهێنانی دژواتایە، وەك هۆیەك بۆ گرێدانی بەشەکانی چیرۆکە هەواڵو بەرهەمهێنانی دەقێکی پتەو. مەرجیش نییە هەموو کات دوو وشەی دژواتا، بەرانبەر یەك بوەستن، واتە دەگونجێت دوو وشە، یان دوو گرێ

لەماندا دژیەکبن، بەم شێوەیە ئەگەر "دوو وشە لەواتادا دژبوون بەدژواتا دادەنرێن" ((Yele: 2006: 104)) دەتوانین بڵێین، ئەم پێناسە بەگشتی کۆدەنگی لەسەرە، وەك:

١١٦- دوێنێ هاوڵاتیانی فنلندا ڕوویان کردە سندوقەکانی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکێکی نوێ بۆ وڵاتەکەیان کەشوێنی مارتی ناهیتساری سەرۆکی ئێستا بگرێتەوە.

هەرێمی کوردستان

٢٠٠/١/١٧

ژ: ١٧٣

وشەکانی "دوێنێ × ئێستا" دژواتان.

## دژواتا سێ جۆری هەیە :

١- **بەرانبەری:** ئەم جۆرەیان لەنێوان دوو وشەدایە، پەسەندکردنی یەکێکیان ڕەتدانەوەی ئەوی تریانە، ". بەم جۆرە هەریەك لە وشەکان جەمسەرێك دەگرێتو لەنێوانیاندا پلەی تر نییە" ((محەمەد: ١٩٩٠: ١٦٥))، وەك:

١١٧- لەدواین گۆڕانکاریدا سەبارەت بەهەنگاوەکانی جێبەجێکردنی مادەی "١٤٠"ی دەستور هەفتەی داهاتوو دەست بەدابەشکردنی فۆرمی قەرەبووکردنەوەی ئاوارەکانو هاوردەکان دەکرێت ..."

کوردستانی نوێ

٢٠٠٧/٤/٢٤

ژ: ٤٢٥٠

١١٨- " ... سەرچاوەکە لەبارەی ڕێژەی ئێستای سەربازانی سوپای عێراق بە pukmedyaی ڕاگەیاند: ڕێژەی ئێستای سوپای عێراق "٤٣٪"ی شیعەو "٤٠٪"ی سوننەو "١٠٪"ی کوردەو ئەوی دیکەش نەتەوەکانی تر پێکدەهێنێت"

کوردستانی نوێ

٢٠٠٧/٥/٢

ژ: ٤٢٥٧

وشەکانی "ئاوارە × هاوردە" "شیعە × سوننە" دژواتای بەرانبەرین.

خاڵی گرنگی ئەم جۆرە لەوەدایە، کە "هەر یەکێك لەتاکەکان جەمسەرێك دەگرنو پلەکردن لەنێوانیاندا نییە" ((لاینز: ١٩٨٠: ٩٦)) بۆ نموونە، کە یەکێك سونی بوو، ناکرێت هەر ئەو کەسە شیعە بێت، بەپێچەوانەشەوە، ئەمە بۆ نموونەی "ئاوارەو هاوردە"ش ڕاستە.

٢- **پێچەوانەیی :** ئەم جۆرەی دژواتایی. لەنێوان وشەکانی "باش × خراپ، زیرەك × تەمەڵ ....دا" بەدیدەکرێت، بەشێوەیەکی ڕێکوپێك توانای پلەکردنو بەراوردکردنیان هەیە، وەك:

١١٩- " ... هەر ڕاگەیاندنەکانی خودی کیری بوونەتە هۆی شێواندنی بارودۆخەکە، کەبەم دواییانە گوتبوی، ئەگەر لەکاتی خۆیدا لەدەسەڵاتدا بوایە هێزی سەربازی ڕەوانە دەکرد بۆ بەرگریکردن لە جان برتراند ئەرستیو-ی سەرۆکی هەڵبژێردراو نەك بۆ دژایەتیکردنی ..."

ئاڵای ئازادی

٢٠٠٤/١٠/١٨

ژ: ٥٨٦

١٢٠- ئازاد چالاك ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەپەیوەندییەکدا لەگەڵ کوردستانی نوێ، ئاشکرایکرد: بڕیاربوو دوێنێ کوتلەی صەدری بگەڕێنەوە بۆ کۆبوونەوەکانی پەرلەمانی عێراق، بەڵام لەبەڵێنی خۆیان پاشگەز بوونەوەو ..."

کوردستانی نوێ

٢٠٠٧/٧/٦

ژ: ٤٢١٣

وشەکانی "بەرگریکردن × دژایەتیکردن" "بگەڕێنەوە × پاشگەزبوونەوە"، بەشێوەیەکی ڕێکوپێك پلە دەکرێن، ناکردنی یەکێکیان، ڕەتدانەوەی ئەوی تریان نییە.

بۆ نموونە، بەرگریکردنو دژایەتیکردن، ڕێژەیینو توانای بەراوردیان تێدایە، هەروەك چۆن گەڕانەوەو پاشگەزبوونەوەش بەو شێوەیەن. بۆ نموونە دەگونجێت پاشگەزبونەوەکە، کاتی بێتو وەك کارتێکی فشاری سیاسی بەکاربێت. ئەم ڕایەش ڕستەکانی دوای کرداری "پاشگەزبونەوە" دەیسەلمێنێت:

١٢١- " ... پاشگەزبوونەوەو هۆکارەکەشی وەك لەزاری کوتلەی صەدرییەوە بڵاوکرایەوە، نایانەوێت پرۆژەیاسای نەوتو گاز پەسەند بکرێت، هەر بۆیە لەبڕیاری خۆیان پاشگەزبوونەوە"

کوردستانی نوێ

٢٠٠٧/٧/٦

ژ: ٤٢١٣

٣- **تەواوكــەری** : ئـەم پێوەندییـە، لـەنێوان وشـەكانی "شـەووڕۆژ ، دوێنـێ ، سبەی ، هـاتن ، ڕۆشـتن ..."دا بەدیـدەكرێت، واتاكـان بەرانبـەر دەوەسـتنو یـەكتری تەواو دەكەن، وەك:

AFP: سەرچاوە حكوومیە ئێراقیەكان دوێنێ ڕایانگەیاند:

١٢٢- كـەوا سـبەی دووشـەممە ٢٠٠٧/٣/١٩ تـەها یاسـین ڕەمـەزانی جێگـری سـەرۆكی لەسێدارەدراوی ئێراق سەدام حوسێن لەسێدارە دەدرێت ...

خەبات

٢٠٠٧/٣/١٨

ژ: ٢٤٤١

١٢٣- لەم ماوەیەی دواییدا، دامودەزگا سەر كوتكارەكانی ڕژێمی بەعس خەڵكی گونـدی (عەوێنە)یان ئاگادار كردووە كەگوندەكەیان چۆڵ بكەن، هاوكات ژمارەیەك عەشرەتی عەرەبیشیان هێناوەتە ناوچەكەوە ...

هاوڵاتی

٢٠٠١/١٠/٢١

ژ: ٤٥

وشـەكانی "دوێنـێ × سـبەینێ" "چـۆڵ كـردن × هێنـان"، دژواتـای تەواوكـەرینو یەكتری تەواو دەكەن، بەهۆی بەراوردكردنیانەوە، ئەو پێوەندییەیان دەردەكەوێت. پێویستە سـەرنج لـەخاڵێك بـدەین، كەئـەم دیـاردە واتاییانـە، لەدەقـدا دەگۆڕێن، بـا سەیری ئەم نموونانە، بكەین:

١٢٤- ناوبراو ئاماژەی بەوەشـدا كەئێـستا لـەتوركیاو بێجییـەوە ڕۆژانـە تـەنها ٣٥٠ هـەزار لـیتر نـەوت دەگاتـە سـلێمانیو ئەمـە جگـە لـەوەی كەهەندێك ڕۆژیش نەوت نایەت، تائێستاش ١ ملیۆن لیتر لەئێرانـەوە هاتووە ...

ئاوێنە

٢٠٠٧/١/٩

ژ : ٥١

کـرداری "نایــەت" لەگــەڵ گرێــی ئــاوەڵکرداری "لەئێرانــەوە هــاتووە"، دژواتــای تەواوکــەرین، هەرچەنـدیـشە لـەڕووی فۆرمــەوە نابەرانبــەرن، لێکـسێمێك بەرانبــەر گرێیەك وەستاوە.

**ســێیەم: گرتنــەوە :** جۆرێکـە لەپێوەنـدی واتـایی نێـوان وشـەی تایبـەتیو گـشتی، پێوەنـدی بەفەرهـەنگی مێـشکی مرۆڤـەوە هەیـە. بەواتایـەکی تـر "ڕەنگدانــەوەی تایبەتیەتی مێشکە، توانای پۆلکردن، یان دابڕینی هەیە" ((محمـد: ١٩٩٠: ١٦٣)) وەك بابەتە زمانەوانییەکانی تر، زۆر پێناسەی بۆ کراوە، لەوانـە "پەیوەنـدی گـشتییەوە بەتایبەتەوە" ((عبداللە: ٢٠٠٥: ١٢)) بۆ نموونە، کەدەڵێین "ئەمە گوڵە" مـەرج نییـە "گوڵە دەمەشێر بێت، بەڵام کەوترا "ئەمە دەمەشێرە" مەرجە "گوڵ بێت"*، بۆیـە زمانەوانەکان وای بۆ دەچن، کە "گرتنەوە چەمکی پێویـستیایەتی تێدایـە" ((پـالمر: ١٩٨٥: ١٠٢))گرتنەوەش وەك دیاردە زمانییـەکانی تـر، لەزمانێکـەوە بـۆ زمـانێکی تـر دەگۆڕێت، واتە مەرج نییە لەهەموو زمانەکاندا بەیەك شێوە دووبـارە بێتـەوە. ئـەم لایەنــەی واتاسـازی وشـەش، وەك ڕێگایـەك لەداڕشـتنی هەواڵـدا ڕۆڵ دەبینێـت، بـۆ نموونە:

١٢٥- محمەد مەهـدی ساڵحی وەزیـری بازرگانی عێـراق ڕایگەیانـد، کەوڵاتەکـەی بـۆ قۆناغی ئێستا بەرنامەی نەوت بەخۆراك بایی (٤٠٠) ملیۆن دۆلار کەلوپەل لەمیسر دەکڕێ ...

هەرێمی کوردستان

٢٠٠٥/٥/١

ژ: ٢٠١

وشـەکانی "خـۆراك ، کەلوپـەل" نـاوی گـشتینو پێوەنـدی گرتنـەوە پێکـدێنن، چـونکە هەریەکەیان دەتوانن چەند ناوێکی تایبەتی لەژێر چەتری خۆیاندا ڕیز بکەن:




* پێویستە چوارچێوەی قسەکردن، باسی گوڵو باخچە بێت، بۆ ئەوەی لێڵی دروست نەبێت، بەپێچەوانەوە لێڵی دروست دەبێت، بۆ نمونە بووترێت "ئەمە هێرۆیە" ڕەنگە مەبەست کەسێك بێت، یان گوڵ بێت.

بـەم شـێوەیە دەبیـنین نـاوە گـشتییەکان دووبـارە دەبنـەوە بەسـەری هـەرەم‌و دابەشدەبنەوە، هەر بۆیـە "نـاوە گشتییەکان" کـە بـەپۆلێکی سـەرەکیی کەرەسـتەی لێکسیکی دادەنرێن، زۆربەی کات هێزی لکاندنیان هەیە" ((ساجدە: ٢٠٠٣: ١٣٣))

١٢٦- ئێران چەك بەسەر بەسیجەکاندا دابەش دەکات

سەرچـاوەیەکی ئاگـادار لەچـیای قەنـدیل بـە "چـاودێری ڕاگەیانـد: بەمەبەسـتی دروستکردنی چەند مەفرەزەیـەکی بەسـیج هێزەکـانی ئێـران نزیکـەی ١٥٠٠ پارچـە چەکیان لەچەند شارێکی کوردستانی ڕۆژهەلأت دابەشکردووە .

چاودێر

٢٠٠٧/١/١٥

ژ: ١١٠

وشەی "چەك"، ناوێکی گشتییەو دەتوانێت پێوەنـدی گرتنـەوە دروسـت بکـات، بـۆ نموونە:




جۆرێکی تری گرتنەوە بە "نیمچە گرتنەوەیە"، وەك:

١٢٧- ناوچــەی ســالەیی کەدەکەوێتــە نێــوان پــردێ‌و کەرکوکــەوە، ناوچــەیەکی بەرفراوانی کشتوکاڵییەو زیاتر لە ٤٠ گوندی بەخۆ گرتووە، ماوەیەکە ڕژێمی بەغدا خـەریکی تـەعریب کردنیـەتی کۆبونەوەیـەکی بـەرفراوانی بـە شـێخە عەرەبـەکان کردووەو داوای لێ کـردوون کـەزەوی یـەکانی ناوچـەی سـالەیی بـۆ خۆیـان بـچێت‌و هەموو پێداویستیەکی بۆ ئامادەکردوون ...

ڕێگای کوردستان

١٩٩٧/٣/٢٦

ژ: ٥٢

وشەی "پێداویستی"، بە "نیمچە گرتنەوە" دادەنرێت.

جۆرێکی تر لەپێوەندیی گرتنەوە، کە بەشێوەیەکی بڵاو لەچیرۆکە هەواڵدا دەبینرێت، بەکارهێنانی ناوی وڵات، وەك ناوێکی گشتیو پایتەختەکەی، کەناوێکی تایبەتییە، وەك:

١٢٨- سەرەڕای ئەوەی کەپێرێ شەو لەعەممانی پایتەختی ئەردەن، دبلۆماتکاری عێراق حیکمەت هەجۆو (٦) کەسی دیکە تیرۆرکران، لەگەڵ ئەوەشدا عێراق بڕیاری ئازادکردنی هەموو گیراوە ئەردەنییەکانی لەبەغدا دەرکرد.

برایەتی

١٩٩٨/١/٢٠

ژ: ٢٥٠٩

پێوەندی گرتنەوە لەنێوان وشەکانی "عەممان - ئەردەن"، "عێراق - بەغدا" دروستبووەو ئەمەش لکاندنی وشەیی پێکهێناوە.

## چوارەم: دووبارەکردنەوەی وشە گرنگەکان :

نووسەر، یان هەواڵنوس، زۆرجار بۆ دوورکەوتنەوە لەدوبارەکردنەوە، پەنا بۆ بەکارهێنانی هاوواتا دەبات، وەك لە "٢-٥-١"دا ڕونمانکردەوە. بەڵام هەندێ کاتی تر لەبەر گرنگی وشەیەك، جا بەهەر هۆیەکی "سیاسی، کەلتوری، پیشەسازی..."بێت، هەواڵنوس وشەکە دوبارە دەکاتەوە، بۆیە ئەم ڕێگایەش لەگەڵ ئەوانی تردا، شێوازێکی لکاندنی وشەیی پێکدێنێت. هەرچەندە لەدەقەکاندا ئەوە بەدیدەکرێت کە "وشەی ئەرکی لەچاو وشەی فەرهەنگیدا زیاتر دووبارە دەبێتەوە" ((salkie:1997:3)). بەڵام ئەمە پێوەندی بەچالاکی ئەو وشانەوە هەیە، چونکە لەپۆلە داخراوەکانن، واتە بەژمارە کەم، بەئەرك چالاك. وەك:

١٢٩- پارێزگاری کەرکوك :

دیاردەی زیادەڕۆیی ناهێڵێت زۆربەی پرۆژەکان ئەنجامبدەین :

کەرکوك عیماد زەنگەنە :

لەمیانی چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کوردستانی نوێ، کە لەژمارەکانی داهاتوودا بڵاویدەکەینەوە، عەبدولڕەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکوك ڕایگەیاند: بەبەراورد بەو کارە تیرۆریستیانەی لەکەرکوك ئەنجامدەدرێت، پرۆژەی زۆرباش لەشارەکە ئەنجامدراون، بەڵام ئەمەش یەکسان نییە بەقەوارەی پێداویستیەکانی کەرکوك،

لەبارەی ئاوارەکانی کەرکوکیشەوە، کە تا ئێستا چییان بۆکراوە، پارێزگاری کەرکوك بەکوردستانی نوێی ڕاگەیاند: توانیومانە خزمەتگوزارییەکانی ئاوو کارەباو تەندروستیان بۆ دابینبکەین‌و چەند قوتابخانەیەکیشیان بۆ دروستکراوەو پرۆژەی زیاتریشمان هەبووە، بەڵام دیاردەی زیادەڕۆیی وایکرد نەتوانین زۆربەی ئەو پرۆژانە ئەنجامبدەین‌و بنبڕکردنی کێشەی ئاوارەکانی کەرکوك خۆی لەجێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)دا دەبینێتەوە، سەبارەت بەپرۆژەکانی داهاتووی کەرکوکیش عەبدولڕەحمان مستەفا ئاماژەیدا بەوەی کەهەوڵدەدەین پرۆژەی گەورە ئەنجامبدەین، بەڵام ئەمە پێویستی بەدابینکردنی بودجە هەیە.

کوردستانی نوێ

٢٠٠٧/٤/٢٣

ژ: ٤٢٤٩

وشەی "کەرکوك"، کەناوی شارێکی کوردستانەو ئێستاو بەدرێژایی شۆڕشەکانی کورد لەنیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوودا، بووەتە جێی ناکۆکی‌و ڕەهەندێکی سیاسی ناسنامەیی وەرگرتووە، بۆیە (٩) جار لەهەواڵەکەدا دووبارە بۆتەوە، کەچی ناوی پارێزگاری شارەکە تەنیا دووجار بەکارهاتووە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە هەواڵنووس ناوی شارەکەو مەسەلە سیاسییەکەی مەبەست بووە.

١٣٠- وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی، لەلێدوانێکدا بەهاوڵاتی وت "هیچ بڕیارێکی ڕەسمی بۆ زیادکردنی مووچە تائێستا نەگەیشتۆتە دەستمان"

بایز تاڵەبانی - وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی، وتی "بڕیاری زیادکردنی مووچە لەئەنجومەنی وەزیرانی عێراقەوە دەردەچێت، تائێستا هیچ بڕیارێکی زیادکردنی مووچە نەدراو" سەبارەت بەسلفەی خانووبەرەش، بایز تاڵەبانی وتی "چاوەڕێی میزانیە ئەکەین لەبەغداوە دیاریبکرێت‌و بگاتە دەستمان بەڵام تائێستا میزانیە دیاری نەکراوە ...

هاوڵاتی

٢٠٠٧/٣/١٤

ژ: ٣١٧

گرێی ناوی "وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی‌و بایز تاڵەبانی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی، (٣) جار لەهەواڵەکەدا دوبارە بووەتەوە.

هەر لەو دەقەدا گرێی ناوی "زیادکردنی مووچە"، سێ جار دوبارە بووەتەوە، ئەمەش گرنگی ئابوری ناوەڕۆکی دەستەواژەکە دەردەخات.
لەلایەکی ترەوە، زۆرجار لەمیدیای ڕۆژهەڵاتداو لەعێراق و کوردستانیشدا بەتایبەتی، چەند جار ناوی سەرۆکی پارت و وڵات دوبارە دەبێتەوە.
بۆ نموونە:
١٣١- جەلال تاڵەبانی - سەرۆکی کۆماری عێراقی فیدراڵ
١٣٢- نوری ئەلمالکی - سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق
١٣٣- ڕێزدار سەرۆك مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان یان زۆرجار دەوترێت "سەرۆکی کوردستان"
ئاشکرایە، ئەمە پێوەندی بەلایەنی سیاسی و کەلتوری هێزسالاری ڕۆژهەڵاتەوە هەیە. ئەم نموونانە، بەشێوەیەکی بلاو لەمیدیای عێراق و کوردیدا، بەتایبەتی "میدیای بینراو" و "بیستراو" بەدیدەکرێن. دەگونجێت ئەمە لەگەڵ ئەوانی تردا، ڕێگایەکی بەلوتکەکردن بێت.

## دەقایەتی:

چەمکی دەقایەتی "پێکەوە گونجانی بەشەکانی دەقێك لەڕووی لۆژیکەوە دەگرێتەوە" ((Yule: 2006: 126)). ئەمەش شتێك نییە بەهۆی وشەکانەوە دەربکەوێت، بەڵکو نووسەر/ قسەکەر، لەڕێی ڕیزکردنی گونجاوی بەشەکانی دەقەوە دەینوێنێت. دەقایەتی بەرجەستە نابێت، ئەگەر "هەریەك لەڕستەکانی دەق ڕۆڵیان لەبەرەو پێشبردنی بیرۆکەی سەرەکیی دەقەکەدا نەبێت" ((شحدە، جهاد، موسی، محمد: ٢٠٠٦: ٢٠٦)). لایەنێکی تری دروستبوونی دەقایەتی پێوەندی بەزانیاریی ناوکۆیی هەردوولا "نوسەر/خوێنەر" یان "قسەکەر/گوێگر"ەوە، هەیە، وەك:
١٣٤- زیاتر لە ٣٠ خۆپیشاندەری عێراقی توانیان دەست بەسەر باڵیۆزخانەی عێراق لە لاهای دا بگرن بەمەبەستی ناڕەزایی دەربڕین دژ بەسیاسەتی ڕژێمی صدام حسێن، بەتایبەتی سیاسەتی ئەو ڕژێمە دژ بەخەڵکی کوردستان خۆپیشاندەرەکان داوایان کرد، شوێنی ئەو باڵیۆزخانەیە ببێتە ناوەندێکی ئاشتی نێودەوڵەتی.

ڕێگای کوردستان

١٩٩٦/٧/٩

ژ: ٥٢

جگە لەوەی هەر یەکێك لەڕستەکانی ئەو هەواڵە، بەپێی لۆژیك و بەزنجیرەیی ڕۆڵیان لەپێکهێنانی دەقایەتی هەواڵەکەدا بینیووە. گرێی ناوی "بەتایبەت سیاسەتی ئەو ڕژێمە دژ بەخەڵکی کوردستان"و"سیاسەتی ڕژێمی سەدام حسێن" بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەیان، پێویستە زانیاریی هاوبەش لەنێوان هەواڵنووس و خوێنەردا هەبێت. لەبارەی ئەو تاوانانەی ڕژێمی سەدام بەرانبەر گەلانی عێراق بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی کردوونی لەبابەتی "جینۆسایدو ئەنفال و تەعریب-ە" ئەمانەش دەچنە چوارچێوەی دەوروبەری نازمانی و زانیاریی هاوبەشی نێوان نووسەرو وەرگرەوە، بەمەش دەقایەتی پێکدێت و پەیامی نووسەریش بەخوێنەر دەگات. بنەمای دەقایەتی لەداڕشتنی دەقێکی پتەودا، گرنگی تایبەتی هەیە، چونکە دەق پێکەوە لکاندنی هەڕەمەکی کۆمەڵێك دەستەواژەو ڕستە نییە، هەربۆیە دەقایەتی جێی بایەخی زۆر لەتیۆرە زمانییە نوێباوەکانە، کە لەسەدەی ڕابردوودا سەریانهەڵداوە.

## جیاوازی نێوان پتەوی دەق و دەقایەتی

داڕشتنی زمانی چیرۆکە هەواڵ، کەهەردوو بنەمای پتەوی دەق و دەقایەتی دەگرێتەوە، وەك بەشەکانی تری زمانەوانی خاڵی هاوبەش و جیاوازیان هەیە. هاوبەشن وەك دوو مەرج و بنەما بۆ بەرهەمهێنانی دەقێکی تۆکمە، بەلام وەك لەم بەشەداو لەڕێی نموونەکانەوە، ڕونبۆتەوە پتەوی دەق زیاتر لایەنی ڕێزمانی و وشەیی دەگرێتەوە، واتە لەناو زماندایە، کەچی دەقایەتی ئەو مەرجە لۆژیکی و واتاییانە دەگرێتەوە، کەبەشەکانی دەق بەیەکەوە دەلکێنن و بەدەوروبەرەوە بەندیدەکەن. بەم پێیە دەقایەتی جگە لەزمان بۆ لایەنی دەرەوەی زمانیش "لۆژیك" درێژ دەبێتەوە، هەربۆیە زمانەوانیی دەروونیش گرنگی پێدەدات. دەقایەتی نووسەر، نەك بەشەکانی دەق پێکدێنێت، لەگەڵ ئەمانەشدا، هەردوو بنەمای "پتەوی دەق و دەقایەتی" پێکەوە، وەك دانەیەکی لێکدانەبڕاو، کاردەکەن و لەئەنجامدا دەقێکی تەواو دروستدەکەن. بەپێچەوانەشەوە پێڕەوکردنیان، یان بوونی یەکێکیان بەتەنیا، شتێك بەرهەم دێت، کەناچێتە خانەی دەقەوە، بەڵکو بەنادەق وەك کۆمەڵە ڕستەیەکی ڕیزکراو دەمێنێتەوە. چیرۆکە هەواڵیش، وەك گوتاری نوسراو، پێویستە هەردوو بنەماکەی تێدابێت، تا وەك دەقێکی تۆکمە، پردی پێوەندی لەنێوان خۆی و وەرگردا بنیاتبنێت.

**دەقی ژمارە (( ١ ))**

- سەرۆکی وەقفی سوونە داوای ڕابوون لەدژی تیرۆریستانی ئەلقاعیدە دەکات ...
ڕۆیتەرز: ئەحمەد عەبدولغەفوری سەرۆکی وەقفی سوونە لەوتاری دوێنێ هەینی لەمزگەوتی نەبی حەنیفەی نوعمان لەگەڕەکی ئەعزەمیە، داوای لەئێراقییەکان کرد، یەکبگرن و بەرگری لەناوچەکانی خۆیان بکەن، دژی ڕێکخراوی تیرۆریستی قاعیدەو میلیشیاکانی دیکە(١) هەروەها داواشی لەحکوومەت کرد بۆ سەرخستنی پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانی ئەو خەڵکانە ئازاد بکات کەگیراون و هیچیان بەسەردا ساغ نەبۆتەوە(٢)، ناوچەی ئەعزەمییە کەناوچەیەکی مەترسیداربوو بەهۆی بوونی تیرۆریستانی قاعیدە تیایدا دوای ئەوەی خەڵکەکەی لێیان هەستانەوە ئێستا ئارامەو گۆڕانکاریەکی بەرچاو بەخۆیەوە دیوە(٣) شایانی باسە بەر لەنزیکەی دوو مانگ خەڵکی ئەعزەمیە لەناو خۆیاندا ئەنجومەنێکی ڕابوونیان پێکهێناوە تیرۆریستانی قاعیدەو گروپەکانی سەر بەئەو ڕێکخراوەیان لەگەڕەکەکەیان وەدەرنا(٤).

خەبات

شەممە ٢٤-١١-٢٠٠٧

ژ: ٢٦٨٥

## خشتەی ژمارە (١)

| ژ | ژمارەی لکاندن | شێوەی لکاندن | جۆرەکەی | لق | کەرەستە | کەرەستەی پەیوەندیدار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٥ | کرتاندن<br>کرتاندن<br>بریتیخستن<br><br>بەستن | ڕێزمانی-ناوی<br>ڕێزمانی-ناوی<br>ڕێزمانی-ناوی<br><br>ڕێزمانی | بکەر<br>بکەر<br>بەرکار<br><br>ئامراز | Ø<br>Ø<br>دیکە | ئێراقییەکان<br>ئێراقییەکان<br>ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدە |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | بەستن | ڕێزمانی | ئامراز | و<br>و | |
| ٢ | ٤ | بریتیخستن<br>بەستن<br>بەستن<br>بریتیخستن | ڕێزمانی-ناوی<br>ڕێزمانی<br>ڕێزمانی<br>ڕێزمانی-ناوی | بکەر<br>ئامراز<br>ئامراز<br>بەرکار | ی<br>هەروەها<br>و<br>یان | سەرۆکی وەقفی سوننە<br>ئەو خەڵکانە |
| ٣ | ٦ | بریتیخستن<br>ئاماژە<br>ئاماژە<br>ئاماژە<br>بەستن<br>کرتاندن | ڕێزمانی-ئاوەڵکرداری<br>ڕێزمانی دەقە ئاماژە<br>ڕێزمانی-دەرە ئاماژەی هێمایی<br>ڕێزمانی دەقە ئاماژە<br>ڕێزمانی<br>ڕێزمانی-ناوی | ئاوەڵکردار<br>ناوی گشتی<br>ئاوەڵکرداری کات<br>جێناوی کەسی<br><br>ئاوەڵکردار | تیایدا<br>ەکە<br>ئێستا<br>یان<br>و<br>Ø | ناوچەی ئەعزەمییە<br>خەڵکی ئەعزەمییە<br><br>تیرۆریستان<br><br>ناوچەی ئەعزەمییە |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤ | ٧ | بەستن<br>بریتیخستن<br>بەستن<br>ئاماژە<br><br>بریتیخستن<br>هاوواتا<br>بریتیخستن | ڕێزمانی<br>ڕێزمانی-ناوی<br>ڕێزمانی<br>ڕێزمانی دەقەئاماژە<br><br>ڕێزمانی-ناوی<br>وەشەیی ناو<br>ڕێزمانی-ناوی | بکەر<br>شوێن<br><br>بکەر<br>تەواو<br>بکەر | شایانی باسە<br>یان<br>و<br>ەکە<br><br>یان<br>ڕێکخراو<br>یان | خەڵکی ئەعزەمییە<br>ئەعزەمیە<br><br>خەڵکی ئەعزەمییە<br>قاعیدە<br>خەڵکی ئەعزەمییە |

## ئاماری دەقی ژمارە (( ١ ))

| | ناوی شێوەکان | ژمارەی شێوەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١. | ئاماژە | ٤ | ٪١٨,١٨ |
| ٢. | هاوواتا | ١ | ٪٤,٥٥ |
| ٣. | بریتیخستن | ٧ | ٪٣١,٨٢ |
| ٤. | کرتاندن | ٣ | ٪١٣,٦٣ |
| ٥. | بەستن | ٧ | ٪٣١,٨٢ |
| | **کۆی گشتی** | **٢٢** | **٪١٠٠** |

## هێڵکاری ژماره (١)




**دەقی ژمارە (( ٢ ))**

- سەلاح شێخلی: پەیوەندی عێراق و بەریتانیا بەکەسێك یان پارتێکەوە نەبەستراوە..

کوردستانی نوێ:

باڵیۆزی عێراق لەبەریتانیا تەئکیدیکردەوە، پەیوەندی عێراق و بەریتانیا بەکەسێك یان پارتێکەوە نەبەستراوەو لەبنەڕەتدا مەسەلەیەکی مەبدەئییە.(١)

گوتیشی: ئەگەر تۆنی بلێر بڕواتو گریمان گۆردن براون جێگەی گرتەوە، ئەوا ئەویش پەیوەستە پەیوەستە بەهەمان سیاسەت(٢). باڵیۆز سەلاح شێخلی ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، کەهەفتە تێپەڕ ناکات، ناو کۆمپانیایەکی بەریتانیا تۆمار دەکەن بەمەبەستی ڕۆشتنی بۆ کارکردن لەعێراق و کاتێکیش گلەیی نەبوونی ئاسایش دەکەن پێیان دەڵێن فەرموون بۆ کوردستان.(٣) (چاوپێکەوتنەکە لەژمارەکانی داهاتوودا بڵاو دەکەینەوە)

کوردستانی نوێ

شەممە: ٢٠٠٧/٤/٩

ژ: ٤٣٣٧

## خشتەی ژمارە (٢)

| ژ | ژ. لکاندن | شێوەی لکاندن | جۆرەکەی | لق | کەرەستە | کەرەستەی پەیوەندیدار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١ | بەستن | ڕێزمان | ئامراز | یان | |
| ٢ | ٢ | بەستن<br>کرتاندن | ڕێزمانی<br>ڕێزمانی-ناوی | ئامراز<br>بکەر | Ø | |
| ٣ | ٦ | بەستن<br>بەستن<br>ئاماژە<br>ئاماژە<br>ئاماژە<br>ئاماژە | ڕێزمانی<br>ڕێزمانی<br>ڕێزمانی<br>ڕێزمانی<br>ڕێزمانی<br>ڕێزمانی | ئامراز<br>ئامراز<br>دەرەئاماژە<br>دەرەئاماژە<br>دەقەئاماژەی پێشەوە<br>دەقەئاماژەی دواوە | یش<br>و<br>کەس/پارت<br>هەمان<br>ئەو<br>ئەوە | گۆڕدن براون<br>کەهەفتە نابات ناوی کۆمپانیا تۆمار دەکەن |
| ٤ | ٨ | بریتیخستن<br>بەستن<br>بریتیخستن<br>بریتیخستن<br>بریتیخستن | ڕێزمانی-ناوی<br>ڕێزمانی<br>ڕێزمانی-ناوی<br>ڕێزمانی-ناوی<br>ڕێزمانی- | بکەر<br>ئامراز<br>بکەر<br>ئاوەڵکردار<br>بکەر | ن<br>و<br>ن<br>یان<br>ین | ئەوان<br>ئەوان<br>بەئەوان<br>ئێمە"باڵیۆزی عێراق"<br>ئەوان |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | بریتیخستن | ناوی | بکەر | ن | |
| | | ئاماژە | ڕێزمـــانی- | دەرەئاماژەی هێمایی | کوردستان | |
| | | ئاماژە | ناوی ڕێزمانی | دەقەئاماژەی چاولەدوا | چاوپێکەوتنەکە لـــەژمارەکانی داهـاتوودا بـڵاو دەکەینەوە | |
| | | | ڕێزمانی | | | |

## ئاماری دەقی ژمارە (( ٢ ))

| | ناوی شێوەکان | ژمارەی شێوەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| .١ | ئاماژە | ٦ | ٪٣٥,٣٠ |
| .٢ | بریتیخستن | ٥ | ٪٢٩,٤١ |
| .٣ | کرتاندن | ١ | ٪٥,٨٨ |
| .٤ | بەستن | ٥ | ٪٢٩,٤١ |
| | **کۆی گشتی** | **١٧** | **٪١٠٠** |

## هێڵکاری ژمارە (٢)



# بەشی سێیەم

# داڕشتنی ڕەگەزی هەواڵ لەڕۆژنامەی کوردیدا

# دارشتنی ڕەگەزی هەواڵ لەڕۆژنامەی کوردیدا

## ✵ سەرەتا:

بابەتەکانی ڕۆژنامە زۆرو فرەچەشنن هەریەکەیان تایبەتیو بۆتەی دارشتنی خۆیان، هەیە، وەك لەبەشی یەکەمدا، بۆتەکانی دارشتنی چیرۆکەهەواڵمان خستەڕوو، لەم بەشەدا لەئەنجامی شیکردنەوەی چیرۆکەهەواڵەکاندا، ڕەگەزەکانو زمانی دەربڕینیان، پەسن دەکەین، کەرەستەی گەیاندنی ڕەگەزەکانو ڕێڕەوی ڕیزبوونو بەدواییەکدا هاتنیان، لەبۆتەی چیرۆکە هەواڵدا، شیدەکەینەوە.

## ✵ دارشتنی ڕەگەزی چییە؟

ڕەگەزەکانی چیرۆکەهەواڵ، (( کێ ، لەکوێ ، کەی ، چی ، لەبەرچی ، چۆن )) کە لەزمانی کوردیدا، بەوشەکانی پرسیار دادەنرێن، ((ابوبکر: ١٩٩٣: ٤٢)) هەریەکەیان وەك کەرەستەیەکی زمانی، لەڕۆنانی چیرۆکەهەواڵدا، بەشدارن، بەم پێیە، دارشتنی ڕەگەزی، فۆرمو نواندنە سینتاکسییەکانی ڕەگەزە تازەکان دەگرێتەوە، ئەم ڕەگەزانە، کە لەبواری میدیای ئینگلیزیدا، بە((6wh-question)) ((Rasul:2006:38)) ناسراون، وەڵامدانەوەیان، چیرۆکەهەواڵەکە تەواو دەکەن، کەواتە ئەم جۆرە لەدارشتنی چیرۆکەهەواڵ، پشت بەدەرکەوتنو دەرنەکەوتنی ڕەگەزەکانو ڕێڕەوی ڕیزبوونیان دەبەستێت.

## ✵ دارشتنی چیرۆکەهەواڵە کامڵەکان:

مەبەست لەو چیرۆکە هەواڵانەیە، کە هەر شەش ڕەگەزەکە، لەدارشتنیدا دەردەکەون، هەندێ سەرچاوە، بە "سەختەهەواڵ" ناویاندەبات، ((یونس: ٢٠٠٧: ٢٣)) ئەم جۆرە لەکاری ڕۆژنامەوانیدا، گرنگی پێدەدرێتو بایەخی خۆی هەیە، ئێمە دەمانەوێت، لەئەنجامی پەسنکردنو شیکردنەوەی چیرۆکە هەواڵی ڕۆژنامەی کوردی، وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە، ئایا هەواڵنووسی ڕۆژنامەی کوردی، چەند بایەخ بەم جۆرە دارشتنە دەدات؟ ڕێژەی چەندی چیرۆکە هەواڵەکان هەموو کەرەستەکان دەدەن؟ دەربڕینی ڕەگەزەکان، بەهۆی کام کەرەستەی زمانییەوە دەبێت؟ ڕێڕەوی ڕیزبوونی کەرەستەکان چۆنە؟ لێرە بەدواوە، بۆ وەرگرتنی وەڵامی ئەو پرسیارانە نمونەکان شیدەکەینەوە.

١- توركيا
دواخستنی مانۆڕی سەربازی ساڵانە
تۆڕی (محیط)
دوێنێ سەرۆکایەتی ئەرکانی گشتیی توركیا، دواخستنی مانۆڕی سەربازی ساڵانەی ڕاگەیاند، کەبڕیاربوو لەخۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا ئەنجام بدرێت.
لەم بارەیەوە سەرۆکایەتی ئەرکانی گشتیی توركیا لەبەیاننامەیەکدا ڕوونی کردەوە، کەدواخستنی ئەو مانۆڕەی بڕیاربوو ئەمڕۆ "چوارشەممە" دەست پێیبکاتو تا "٩"ی مانگی داهاتوو بخایەنێت بەهۆی بارودۆخی سیاسیو سەربازیی نێودەوڵەتییەوە هاتووەتە ئاراوە.
هەروەها بەیاننامەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کەبڕیاری دواخستنی ئەو مانۆڕە کە لەژێر ناوی (باربارۆس ٢٠٠١)دا بەبەشداریی یەکەکانی هێزی دەریاییو ئاسمانی توركیا بەڕێوە دەچێت، تا کاتێکی نادیارە.

کوردستانی نوێ
٤شەممە ٣١-١٠-٢٠٠١
ژ: ٢٥٩٨

ناونیشان
توركیا
دواخستنی مانۆڕی سەربازی ساڵانە
ئەم ناونیشانە، دوو ڕەگەزی شوێنو چی تێدا دەربڕاوە، هەردووکیان بەگرێی ناوی دەربڕاون، بەپێی بۆچوونی ڕێزمانی بەرهەمهێنانو گوێزانەوە، "گرێ، ڕۆنانێکی ناوەندییەو دەکەوێتە نێوان وشەو ڕستەوە" ((Fattah: 1997: 188)) واتە وشەو لەوشە گەورەتر، تادەگاتە ڕستە، بۆیە، دەڵێن "گرێ، زۆربەی کات لەتاکە وشەیەك پێکدێت" ((Crystal: 2003: 216)) بەم پێیە:

١. ڕەگەزی شوێن وشەیەکی سادەیە "توركیا" گرێیەکی ناوی پێکهێناوە.
٢. ڕەگەزی "چی"ش، هەر بەگرێی ناوی دەربڕاوە:
- دواخستنی مانۆڕی سەربازی ساڵانە*

* ئەم ناونیشانە ڕستەیەو بەگرێ کراوە "توركیا، مانۆڕی سەربازی ساڵانەی دواخست".

ئـەم گـرێ ناوییـە فراوانكـراوە، چـونكە "یـەكێك لەخاسـییەتەكانی فرێـز ئەوەیـە، كورتدەكرێتەوە بۆ تاكە وشـەیەك یـان فراوانـدەكرێت، بـەهۆی كەرەسـتەی تـرەوە" ((حاتەم: ٢٠٠٠: ٢٨)) واتە، ڕۆنانی گرێكە، بەم شێوەیە:

ف.ن ◄—— ن ی (ن) ی (ن)** ((دیار: ٢٠٠٢: ٣٩))

بەر لەوەی دەست بەشیكردنەوەی بەشەكانی چیرۆكە هەواڵەكە بكەین، بەپێویـستی دەزانین، بڵێین، لەبەر ئەوەی هیچ ڕستەیەك لەپێكهاتـەی چیرۆكەهەواڵدا، بەتـەنیا نییـە، پەیوەنـدی بـەكۆی ڕسـتەكانی تـرەوە هەیـە، بۆیـە لەڕوانگـەی هالیدەیـەوە، زاراوەی "كەڵەڕستە" ڕستەی ئاڵۆز بەپەسـەند دەزانـین، كەبریتییـە لـەدوو پاڕسـتە یان زیاتر، پەیوەندیی سەرەو دەرخەر لەنێوانیاندا هەیە، لێرەدا جیـاوازی لـەنێوان ڕستەو پاڕستەدا نامێنێ، هەردووكیان لەگرێیەكی كاریو گرێیـەكی نـاوی پێكـدێن، واتە پاڕستە تەنیا لەو كاتەدا بەكاردێت، كەڕستەكە بەتەنیا نـەبێو لەگـەڵ ڕسـتەی تردابێت، لەكاتی وادا زاراوەی كەڵەڕستە بۆ كۆی پاڕسـتەكان یـان ڕسـتەكە هـەمووی بەكاردێت.((بەكر: ٢٩:١٩٩٢))

"دوێنێ، سەرۆكایەتی ئەركانی گشتی توركیا دواخستنی مانۆڕی سەربازی ڕاگەیانـد، كەبڕیاروو لەخۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا ئەنجام بدرێت"

ئـەم بەشـەی چیـرۆكەهەواڵەكە، ڕەگـەزەكانی كـاتو كـەسو شـوێنو چـی تێـدا دەركەوتووە، بەم شێوەیە:

جۆری ڕستەكە، كەڵەڕستە، هەواڵی، ئەرێیە، لەدوو پاڕستە پێكهاتووە:

١. دوێنێ سەرۆكایەتی گشتی ئەركانی توركیا
دواخستنی مانۆڕی سەربازی ساڵانەی ڕاگەیاند (پاڕستەی سەرە)

٢. كەبڕیاربوو لەخۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا
ئەنجام بدرێت (پاڕستەی دیارخەری)

یەكەم ڕەگەزەكانی كاتو كەسو چی تێدایە، بەم شێوەیە:

١. ڕەگەزی كات بەهۆی ئەدڤێربلی "دوێنێ"وە دەربڕاوە:

"ئــەدڤێرب زاراوەیــەكی فەرهــەنگی "مۆرفۆلۆژیــە" واتــە وشــەیە، ئــەدڤێربلێش زاراوەیەكی سینتاكسییە، واتە فرێزە ((ئازاد: ٢٠٠١: ٢٦))

---

** هێمای (ن) پۆلی ناوو ئەو پۆلانەش دەگرێتەوە، كە دەتوانن ئەركی دەرخەر ببینن و بكەونە دوای سەرەی گرێكەوە، وەك "ساڵانە" كە بەئاوەڵكردار دادەنرێت.

٢. ڕەگەزی کەس، بریتییە لەگرێی ناوی:
- سەرۆکایەتی ئەرکانی گشتی سوپای تورکیا
ئەم گرێیەش بۆ ناوەوە فراوانکراوە، پێویستە بوترێت گرێی ناوی بەدوو شێوە فراواندەکرێت، "ئەو کەرەستانەی دەکەونە پێش سەرەوە، "ئەم دوو منداڵە"، ئەو کەرەستانەی دەکەونە دوای سەرەوە "ژنی پیر" ((طالب: ١٩٩٨: ١٨و١٩)) یەکەمیان بەفراوانکردن بۆ دەرەوەو دووەمیشیان بەفراوانکردن بۆ ناوەوە، دادەنرێت.
فراوانکردن بۆ دەرەوە مۆرفیمی خستنەپاڵی ناوێت، بەپێچەوانەوە فراوانکردن بۆ ناوەوە، دەیەوێت.
٣. ڕەگەزی چی بریتییە لەگرێی کرداری.
- دواخستنی مانۆڕی سەربازیی ساڵانەی ڕاگەیاند
٤. ڕەگەزی شوێن، کەپارستەی دووەمی پێکهێناوە:
- لەخۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا
بەپێی ڕێزمانی دەسەڵاتو بەستنەوە، ئەم گرێیانە، کە سەرەکەیان وشەی ئەرکی وەك "لە ـــ دا" بێت، بەگرێی ئەرکی ناودەبرێن، چونکە ناتوانرێت "لە ـــ دا" لاببرێت ((د.محەمەد، ٢٠٠٦، وانەکانی دکتۆرا)). "سەرۆکایەتی ئەرکانی گشتی تورکیا لەبەیاننامەیەکدا، ڕوونی کردەوە کەدواخستنی ئەو مانۆڕەی بڕیاربوو ئەمڕۆ "چوارشەممە" دەست پێبکاتو تا "٩"ی مانگی داهاتوو، بخایەنێت، بەهۆی بارودۆخی سیاسیو سەربازیو نێودەوڵەتییەوە، هاتۆتە ئاراوە"
ئەم کەڵە ڕستەیە، هەواڵی، ئەرێیە، دوو ڕەگەزی چۆنو لەبەرچی، تێیدا دەرکەوتووە، بەم شێوەیە:
١. ڕەگەزی چۆن، بریتییە لە ئەدڤێربڵی هۆیی وەسیلە:
لەبەیاننامەیەکدا
"ئەدڤێربڵی وەسیلە، زانیاری دەربارەی ئامێرە یان شتێك نیشان دەدات، کەکارێکی پێ ئەنجام بگەیەنرێت" ((ئازاد: ٢٠٠١: ٤٦))
لێرەدا کرداری "دواخست" بەهۆی "بەیاننامەکە"وە بووە.
کەرەستەکەی لەپارستەی "سەرۆکایەتیی ئەرکانی گشتی تورکیا لەبەیاننامەیەکدا ڕوونی کردەوە" دا، هاتووە.

٦. ڕەگەزی لەبەرچی، بەهۆی پاڕستەی "ئەدڤێربڵی هۆیی"یەوە، دەربڕاوە: بەهۆی بارودۆخی سیاسیو سەربازیو نێودەوڵەتییەوە ڕێڕەوی ڕیزبوونی کەرەستەکانیش، بەم جۆرەیە:

کات ⟵ کەس ⟵ چی ⟵ شوێن ⟵ چۆن ⟵ لەبەرچی

٢- سەرۆکی وەقفی سوونە داوای ڕابوون لەدژی تیرۆریستانی ئەلقاعیدە دەکات ...

ڕۆیتەرز: ئەحمەد عەبدولغەفوری سەرۆکی وەقفی سوننە لەوتاری دوێنێ هەینی لەمزگەوتی نەبی حەنیفەی نوعمان لەگەڕەکی ئەعزەمیە، داوای لەئێراقییەکان کرد، یەکبگرنو بەرگری لەناوچەکانی خۆیان بکەن، دژی ڕێکخراوی تیرۆریستی قاعیدەو میلیشیاکانی دیکە هەروەها داواشی لەحکوومەت کرد بۆ سەرخستنی پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانی ئەو خەڵکانە ئازاد بکات کەگیراونو هیچیان بەسەردا ساغ نەبۆتەوە، ناوچەی ئەعزەمییە کەناوچەیەکی مەترسیداربوو بەهۆی بوونی تیرۆریستانی قاعیدە تیایدا دوای ئەوەی خەڵکەکەی لێیان هەستانەوە ئێستا ئارامەو گۆڕانکاریەکی بەرچاو بەخۆیەوە دیوە شایانی باسە بەر لەنزیکەی دوو مانگ خەڵکی ئەعزەمیە لەناو خۆیاندا ئەنجومەنێکی ڕابوونیان پێکهێناوە تیرۆریستانی قاعیدەو گروپەکانی سەر بەئەو ڕێکخراوەیان لەگەڕەکەکەیان وەدەرنا.

خەبات

شەممە ٢٤-١١-٢٠٠٧

ژ: ٢٦٨٥

ناونیشان

سەرۆکی وەقفی سوننە داوای ڕابوون لەدژی تیرۆریستان دەکات

ناونیشانەکە، بریتییە لەڕستەیەکی سادەی هەواڵی ئەرێ، دوو ڕەگەزی کەسو چی تێدا دەربڕاوە، بەم شێوەیە:

کەس چی

١) ڕەگەزی کەس بەکەرەستەی گرێی ناوی، گەیەنراوە:

سەرۆکی وەقفی سوننە

٢) ڕەگەزی چی بەگرێی کرداری، دەربڕاوە:

دوای ڕابوون لەدژی تیرۆریستان دەکات

گرێی کرداری ← گرێی ناوی + گرێی پێشبەندی + کردار ((چومسکی : ١٩٨٧: ٣٧))

سەرەی گرێی کردارییەکە، کردارێکی لێکدراوە لە "ناو + کردار" دروستبووە، بۆیە تەواوکەرەکەی لێی جیابووەتەوە، دەتوانرێت ڕستەکە لەم هێڵکارییەدا نیشان بدرێت:




"ئەحمەد عەبدولغەفوری سەرۆکی وەقفی سوننە، لەوتاری دوێنێ هەینی لەمزگەوتی ئەبی حەنیفەی نوعمان لەگەڕەکی ئەعزەمییە، داوای لەئێراقییەکان کرد، یەکبگرنو بەرگری لەناوچەکانی خۆیان بکەن دژی ڕێکخراوی تیرۆریستی قاعیدەو میلیشیاکانی دیکە"

ئەم بەشەی چیرۆکە هەواڵەکە، کە سەرەتاکەی پێکدێنێت، بریتییە لە کەڵە ڕستەیەکی هەواڵی ئەرێ، هەموو ڕستەیەکی لەم جۆرەش، ڕستەی ئاوێتەیە، کە "لە ژمارەیەك ڕستەی سادە پێکدێت" ((عیرفان: ٢٠٠٣: ١٢٠))

بەم شێوەیە:

١. ئەحمەد عەبدولغەفوری سەرۆکی وەقفی سوننە، لەوتاری دوێنێ ڕۆژی هەینی لەمزگەوتی ئەبی حەنیفەی نوعمان لەگەڕەکی ئەعزەمییە، داوای لەئێراقییەکان کرد. "پاڕستەی سەرە"
٢. کە یەکبگرن "پاڕستەی دیارخەری"
٣. پارێزگاری لەناوچەکانی خۆ یان بکەن "پاڕستەی دیارخەری"
٤. لەدژی ڕێکخراوی تیرۆریستی قاعیدەو میلیشیاکانی دیکە "پاڕستەی هۆیی"

ئەم چیرۆکە هەواڵە، هەموو ڕەگەزەکانی تێدا دەرکەوتووە، بەم شێوەیە:

١) ڕەگەزی کەس گرێی ناوی پێکدێنێت:

ئەحمەد عەبدولغەفوری سەرۆکی وەقفی سوننە

ئەم گرێ ناوییە، بەپێی دەستوری پێوەلکاندنی مرۆڤناو، لەدوو ناوو لەقەب پێکهاتووە، کە لەم بارەدا "لەقەبەکە دەبێت بەدەرخەر بۆ مەبەستی نیشاندانی جۆرو چۆنیەتی دەرخراوەکە" ((محمد فاروق: ١٩٩٠: ٣١))

جا کارو پیشەی دەرخراوەکە بێت، وەك لەنموونەکەدا هاتووە، یان شوێنی نیشتەجێبوونی، دەرخراوەکەبێت.

٢) ڕەگەزی چۆن بەهۆی ئەدڤێربلی وەسیلەوە، دەربڕاوەکە پێکهاتووە:

لە + ناو ⟵ لە وتار

بەهۆی مۆرفیمی "ی" خستنەپاڵ بەڕەگەزی کاتەوە بەستراوە.

"لە وتاری دوێنێ هەینی"

٣) ڕەگەزی کات لەئەدڤێربلی کات پێکهاتووە:

دوێنێ هەینی

٤) ڕەگەزی شوێن، بەکەرەستەی زمانی ئەدڤێربلی شوێن، دەربڕاوە:

لەمزگەوتی ئەبی حەنیفە لەگەڕەکی ئەعزەمییە

٥) ڕەگەزی چی بریتییە لەدوو ڕستەی سادە یان دوو پاڕستە، کەڕستەیەکی لێکدراوی هەواڵییان، پێکهێناوە:

یەکبگرنو بەرگری لەناوچەکانی خۆیان بکەن

٦) ڕەگەزی لەبەرچی، پاڕستەی هۆییە:

لەدژی ڕێکخراوی تیرۆریستی قاعیدەو میلیشیاکانی دیکە

ڕێڕەوی ڕیزبوون، ڕەگەزەکانیش، بەم جۆرەیە:

کەس ⟵ چۆن ⟵ کات ⟵ شوێن ⟵ چی ⟵ لەبەرچی

٣- خاتەمی، لەهەڵوێستی خۆی بەرامبەر ئەمەریکا پاشگەز دەبێتەوە ...
تەلەفزیۆنی، جەزیرە:
محەمەد خاتەمی، سەرۆکی ئێرانی، دوای ئەوەی لەهەڵوێستی خۆی، کەبەر لەدوو هەفتە ڕایگەیاندبوو سەبارەت بەئەمەریکا پاشگەزبۆتەوە، دوێنێ هێرشێکی توندی بردۆتە سەر ئەمەریکا، بۆ ئەو سیاسەتەی کەپەیرەوی دەکاتو گوتوویەتی:
ئێران بەوە ڕازی نابێت کەبکەوێتە ژێر هیچ جۆرە دەسەڵاتێکەوە، خاتەمی کە لەسەر گۆڕەکەی ئایەتوڵڵا خومەینی قسەی کردووە، ئەوەشی گوتووە کەئێران زۆر ئازار بەدەست سیاسەتی ئەمەریکاوە چەشتووەو، سیاسەتمەدارەکانی ئەمەریکاش هەوڵی ئەوەیان داوە بەو جۆرە مامڵەت لەگەڵ ئێراندا بکەن کەدەوڵەتێکی تابیعی ئەوانە.
خاتەمی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کەتاران سیاسەتی کۆیلەو پاشایەتی ڕەت دەکاتەوە لەمامڵەت کردنیدا لەگەڵ واشنتۆن، بەڵکو بۆ ئەوە کۆشش دەکات کەپەیوەندییەکانی هاوسەنگبنو لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی هاوبەش دابمەزرێن نەوەك لەسەر بنەمای سیاسەتی هێز، کەئەمریکا دەیەوێ پەیڕەوی بکات.

برایەتی

٤شەممە: ٢١-١-١٩٩٨

ژ: ٢٥١٠

ناونیشان:

خاتەمی لەهەڵوێستی خۆی بەرامبەر ئەمەریکا پاشگەز دەبێتەوە.

ڕستەیەکی سادەی هەواڵی ئەرێیە، دوو ڕەگەزی کەسو چی پێکیان هێناوە بەم شێوەیە:

کەس ←—— چی

١- ڕەگەزی کەس بەهۆی گرێی ناوی "خاتەمی" پێکهاتووە
٢- ڕەگەزی چی لەرێگەی گرێی کرداری
- لە هەڵوێستی خۆی پاشگەز دەبێتەوە.

"محەمەد خاتەمی سەرۆکی ئێران، دوای ئەوەی لەهەڵوێستی خۆی کە بەر لەدوو هەفتە ڕایگەیاندبوو سەبارەت بەئەمەریکا پاشگەز بۆتەوە"
جۆری ئەم ڕستەیە، کەڵە ڕستەی هەواڵی ئەرێیە، دوو ڕەگەزی (کەسو چی) تێدا، دراوە، بەم شێوەیە:

١- ڕەگەزی کەس، بریتییە لەگرێی ناوی:
محەمەد خاتەمی سەرۆکی ئێران

٢- ڕەگەزی چی هەموو بەشەکانی تری ڕستەکەیە، کە پاڕستەیەکی سەرەو یەکێکی دیارخەرە، بەم شێوەیە:

- دوای ئەوەی لەهەڵوێستی خۆی، کەبەر لەدوو هەفتە ڕایگەیاندبوو سەبارەت بەئەمەریکا پاشگەز بۆتەوە.

"دوێنێ هێرشێکی توندی بردۆتە سەر ئەمەریکا"

٣- ڕەگەزی کات بەهۆی ئەدڤێربی (دوێنێ)ەوە، لەڕستەیەکی سادەی هەواڵی ئەرێدا گەیەنراوە، هەرچەندە بکەری ڕستەکە لەفۆڕمی کەرەستەیەکی سەربەخۆدا دەرنەکەوتووە، بەڵکو بەجێناوی لکاوی (ی) بۆ کەسی سێیەمی تاکە، کە لکاوە بەبەرکاری ڕستەکەوە.

گرێی ناوی (بەرکار) هێرشێکی توندی

↓

جێناوی لکاوی"ی" ئاماژەیە بۆ بکەر، کە لەسەرەتای دەقەکەدا، بەگرێی ناوی ((خاتەمی سەرۆکی ئێران)) دەبڕاوە.

لەڕاستیدا، ئەگەر کاری ڕستە ڕابردووی تێپەڕبوو، بەرکاریش لەڕستەدا دەرکەوتبوو، ئەوا ئەو جێناوە لکاوەی، ئەرکی ڕێککەوتنی لەنێوان بکەرو کاردا دەبێت، بەبەرکارەوە دەنووسێت، ((نوری: ١٩٨٥: ١١٠)) جێی ئاماژەیە ئەم جێناوە لکاوانەی دەستەی((م – مان)) لەدیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا، لەبەر ئەوەی، بەگوێرەی بوونی جێگە لەڕستەدا دەجوڵێن، واتە بەگوێرەی ڕەگ دەجوڵێن، بەنووسەك، دادەنرێت. ((Fattah: 1999: 35))

٤- ڕەگەزی چۆن، لەڕستەی سادەی هەواڵی ئەرێدا، بەهۆی گرێی ئاوەڵناوی "هێرشێکی توند" دەربڕاوە.

"خاتەمی کە لەسەر گۆڕەکەی ئایەتوڵا خومەینی قسەی کردووە، ئەوەشی گوتووە، کەئێران زۆر ئازاری بەدەست سیاسەتی ئەمریکاوە، چەشتووە"

٥- ڕەگەزی شوێن لەم کەڵە ڕستەیەدا، بەهۆی پاڕستەی ئەدڤێربڵی شوێنەوە گەیەنراوە:

- کە لەسەر گۆڕەکەی ئایەتوڵا خومەینی قسەی کردووە.

٦- ڕەگەزی لەبەرچی لە کەڵە ڕستەیەکدا، بەهۆی دوو پاڕستەوە دەربڕاوە:

١) کە دەوڵەتێکی تایبەتی ئەوانە.

٢) نەوەك لەسەر بنەمای سیاسەتی هێز، کەئەمریکا دەیەوێ پەیڕەوی بکات.

ڕێڕەوی ڕیزبوونی ڕەگەزەکانیش بەم جۆرەیە:

کەس ⟵ چی ⟵ کات ⟵ چۆن ⟵ شوێن ⟵ لەبەرچی

٤- دیسان تورکیا

سنوری هەرێمی کوردستان دەبەزێنێ

ڕۆژی ٩٩٧/١/٣، بەبیانووی لێدانی بنکەکانی "pkk" سنوری هەرێمی کوردستانیان بەزاند، لەئەنجامی ئەو هێرشەی تورکیا زەرەرو زیانێکی زۆر بەناوچەکە کەوتووە، هەرچەندە ئەمریکا ڕایگەیاند، تورکیا وتویەتی هێرشەکە ماوەیەکی کورت دەخایەنێ، بەڵام ئەمە پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکانە، بۆیە ئەم کارە بێجگە لەئاڵۆزبوونی باری ناوچەکە هیچی تری لەدواوە نی یە.

ڕێگای کوردستان

٥شەممە، ١٩-١-١٩٩٧

ژ: ٣٣٤

ناونیشان

دیسان تورکیا

سنوری هەرێمی کوردستان دەبەزێنێ

ئەم ناونیشانە، سێ ڕەگەزی کەس و شوێن و چی، تێدا دەربڕاوە، بەم شێوەیە:

کەس ⟵ شوێن ⟵ چی

١. ڕەگەزی کەس بەگرێی ناوی (تورکیا) دەربڕاوە، ناونیشانی چیرۆکە هەواڵ بەزۆری بەگرێی ناوی دەست پێدەکات و دواتر بۆ ڕستە دەگۆڕێت، ((Brawn and yule: 1983:71))

٢. ڕەگەزی شوێن گرێی ئەدڤێربڵی شوێن:

سنوری هەرێمی کوردستان

٣. ڕەگەزی چی ڕستەیەکی سادەی هەواڵییە، کە ناونیشانەکە دەگەیەنێت:

دیسان تورکیا سنوری هەرێمی کوردستان دەبەزێنێت.

"ڕۆژی ٣-١-١٩٩٧ بەبیانوی لێدانی بنکەکانی pkk، سنوری هەرێمی کوردستانیان بەزاند، لەئەنجامی ئەو هێرشەی تورکیا زەرەرو زیانێکی زۆر بەر ناوچەکە کەوتووە"

ئەم بەشە ڕستەیەکی ئاوێتەی هەواڵی ئەرێیە، ئەم ڕەگەزانەی تێدا دەربڕاوە:

١) ڕەگەزەکانی کات، بەهۆی گرێی ئەدڤێربڵی "کات" دەربڕاوە:
"٣-١-١٩٩٧، لەڕاستیدا "دەگونجێت ڕەگەزی کات، لەسەرەتاوە بێت، ئەگەر بەلای هەواڵنوسەوە گرنگ بوو" ((محمد: ١٩٨٠: ٢٨)) هەر لەم بارەوە، (ئاواز حمە صدیق) لەنامەی ماجستێرەکەیدا، دەڵێت:"ئەگەر لەڕستەیەکدا دوو ئاوەڵگوزارە هەبوو، ئاوەڵگوزارەیەکی کاتو ئاوەڵگوزارەیەکی شوێن، ئاوەڵگوزارەی کات پێش ئاوەڵگوزارەی شوێن دەکەوێت" ((ئاواز: ١٩٩٦: ٦٣))
٢) ڕەگەزی "لەبەرچی" لەفۆرمی گرێی ئەدڤێربڵی هۆییدا، گەیەنراوە:
- بەبیانووی لێدانی بنکەکانی pkk
٣) ڕەگەزی "شوێن"، بەهۆی گرێی ئەدڤێربڵی شوێنەوە، دەربڕاوە:
- سنوری هەرێمی کوردستان
٤) ڕەگەزی "چی" بەهۆی گرێی کردارییەوە دەربڕاوە:
- بەزاند
٥) ڕەگەزی "کەس" لەڕێگەی گرێی ناوی "تورکیا"وە، گەیەنرۆاوە
"هەرچەندە ئەمەریکا ڕایگەیاند، تورکیا وتویەتی، هێرشەکە ماوەیەکی کورت دەخایەنێ"
٦) ئەم کەڵە ڕستەیە، ڕەگەزی چۆنی تێدایە، کە بریتییە لەپاڕستەی
- هێرشەکە ماوەیەکی کورت دەخایەنێ
ڕستەی سێیەم بریتیە لە ڕەگەزی "چۆن"
ڕێڕەوی ڕیزبوونی ڕەگەزەکانیش بەم شێوەیە:

کات ← لەبەرچی ← شوێن ← چی ← کەس ← چۆن

٥- هەولێر
ئەفسەرێکی فەرماندەیی دەکوژرێت
ڕۆژی ٤/٢٣ ، ئەفسەرێکی فەرماندەیی هەولێری هێزی کۆیە بەنێوی ڕزگار مەنتك، لەشەقامی ١٠٠ مەتری نزیك گۆڕستانی شێخ ئەحمەد لەشاری هەولێر، لەنێو ئۆتۆمبێلەکەی لەلایەن چەند چەکدارێك کوژرا.
سەرچاوەیەکی نزیك لەکوژراوەکەوە کەنەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات بەئاوێنەی ڕاگەیاند: "هۆی کوژرانی ئەو ئەفسەرە دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی کێشەی کۆمەڵایەتی کۆنو خوێنداریی لەنێوان دوو بنەماڵەدا".

ئاوێنە

٣شەممە: ٢٤-٤-٢٠٠٧

ژ: ٦٦

هەولێر

ئەفسەرێکی فەرماندەیی دەکوژرێت

ئەم ناونیشانە، کەڵە ڕستەیەکی سادەی هەواڵی ئەرێیە، هەردوو ڕەگەزی شوێن و چی، تێدا دەربڕاوە:

شوێن ←—— چی

١. ڕەگەزی شوێن بەهۆی ناوی تایبەتی "هەولێر" کەگرێی ناوی پێکهێناوە، دەربڕاوە.

٢. ڕەگەزی "چی" لەفۆڕمی ڕستەیەکی سادەی بکەر نادیاردا، دەربڕاوە:

- ئەفەسەرێکی فەرماندەیی دەکوژرێت




"ڕۆژی ٤/٢٣ ئەفسەرێکی فەرماندەیی هەولێری هێزی کۆیە، بەنێوی ڕزگار مەنتك، لەشەقامی ١٠٠ مەتری نزیك گۆڕستانی شێخ ئەحمەد لەشاری هەولێر لەنێو ئۆتۆمبیلەکەی خۆی، لەلایەن چەند چەکدارێك کوژرا"

سەرەتا چیرۆکە هەواڵەکە، لەڕستەیەکی سادەی هەواڵی ئەرێ پێکهاتووە، کەئەم ڕەگەزانەی، تێدا، دەربڕاوە:

١) ڕەگەزی کات، بریتییە لە، ئەدڤێربڵی کات:

- ڕۆژی ٤/٢٣

دوای سەرنجدان لەڕۆژی دەرچوونی ڕۆژنامەکەو ئەو ساڵەی کەتێیدایین، ئاشکرا دەبێت، ڕۆژی ٢٠٠٧/٤/٢٣ دەڵێت.

٢) ڕەگەزی چی بریتییە لەڕستە بکەر نادیارەکە:

- ئەفسەرێکی فەرماندەیی هەولێری هێزی کۆیە بەنێوی ڕزگار مەنتك کوژرا.

٣) ڕەگەزی شوێن، بریتییە لەگرێی ئەدڤێربڵی شوێن:

- لەشەقامی ١٠٠ مەتری نزیك گۆڕستانی شێخ ئەحمەد لەشاری هەولێر

٤) ڕەگەزی چۆن، لەم چیرۆکە هەواڵەدا، بەدوو شێوەیە، ڕووندەبێتەوە:

أ- بەهۆی ئەدڤێربڵی شوێن:

- لەناو ئۆتۆمبیلەکەیدا

لەبەر ئەوەی لەپێشەوە، وەڵامی پرسیاری "لەکوێ" دراوەتەوە، کەبریتی بوو لەگرێی ئەدڤێربڵی "لەشەقامی ١٠٠ مەتری نزیك گۆڕستانی شێخ ئەحمەد لەشاری هەولێر" بۆیە لەم بەشەداو لەوەڵامی پرسیاری "چۆن"دا، دەتوانرێت بوترێت "لەناو ئۆتۆمبیلەکەی خۆی لەلایەن چەند چەکدارێکەوە کوژرا".

ب- لەلایەکی ترەوە، بە لەبەرچاو گرتنی دەوروبەر بەواتا فراوانەکەی وەك "زانیاری دنیایی، پلەو پایەی هاوبەشەکان، باری قسەکردن..."((بەکر: ٢٠٠٠: ٧٦)) لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی کۆتەکانی هەڵبژاردن، کەکار دیاریدەکاتو دەتوانێت تەواوکەر هەڵبژێرێت ((صباح: ٢٠٠٦: ٧٥)) بۆیە لەم ڕستەیەدا، کاری "کوشت ـــ کوژرا"دۆخی ئامێر ((یوسف: ١٩٩٠: ١٢)) دەدات، بەپێش خۆی، واتە دۆخی بێ گیان دەبەخشێت، کەبێگومان، بەهۆی زانیاریی دنیاییەوە، کەبەشێك لەدەوروبەر، دەردەکەوێت مەبەست ئامێری "تفەنگ"ە، بەم شێوەیە، لەئەنجامی لێکدانی ئەمانەو بوونی کارا لەفۆڕمی کەرەستەیەکی زمانی تردا "لەلایەن چەند چەکدارێکەوە" لەناو ڕستەکەدا، ڕووندەبێتەوە، کەرەگەزی چۆن، بریتییە لەئەدڤێربڵی وەسیلە:

- بەتفەنگ یان بەدەمانچە

٥) ڕەگەزی کەس بریتییە لە:

- لەلایەن چەند چەکدارێك

هەرچەندە کرداری ڕستەکە بکەر نادیارە، بەڵام بکەر هاتۆتەوە ناو ڕستەکەوە چونکە "هەندێ جار بەتایبەتی لەڕستەی (توانایی)دا، کارا لەناو ڕستەکەدا، لەشێوەی کەرەستەی تردا، دەردەکەوێت وەك: ئەم دیارییە لەلایەن شێرکۆوە نێررا" ((فەرەیدون: ١٩٨٨: ٩٦)) جگە لەمەش گرنگیی کارا، لەدووبارە گەڕانەوەی بۆ ناو ڕستەکە، ڕۆڵدەبینێت، وەك لێرەدا کارا لەفۆڕمی ئەدڤێربڵدا هاتۆتەوە ناو ڕستەکەوە.

"هۆی کوژرانی ئەو ئەفسەرە، دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی کێشەی کۆمەڵایەتی کۆنو خوێنداریی لەنێوان دوو بنەماڵەدا"

٦) ئـەم ڕسـتەیە ئاوێتـەی هـەواڵی ئەرێیـە، ڕەگـەزی "لەبەرچـی" بریتییـە لەپاڕستەی هۆیی:

- هەبوونی کێشەی کۆمەڵایەتیو خوێنداریی لەنێوان دوو بنەماڵەدا

شێوەی ڕیزبوونی ڕەگەزەکانیش، بەم جۆرەیە:

کات ⟵ چی ⟵ شوێن ⟵ چۆن ⟵ کەس ⟵ لەبەرچی

سیلفاکییر، بوو بەجێگری یەکەمی سەرۆکی سودان

ئاژانسەکان:

دوێنێ، لەکۆشکی کۆماریی لەخەرتوم، سیلفاکییر سەرکردەی بزووتنەوەی میللی ڕزگاریخوازی سودان، لەشوێنی د.جۆن گەرەنگ وەك جێگری یەکەمی سەرۆکی سودان، سوێندی یاسایی خوارد.

کییر لەکاتی سوێندخواردنەکەدا دەستی خستە سەر دەستوری سودانو بەڵێنیدا دڵسۆزبێت بۆ حکومەتی سودانو پاراستنی سیادەی یاسا، تەئکیدیشی کردەوە کەکاردەکات لەپێناو یەکێتی سوداندا.

جێی ئاماژەیە ڕێوڕەسمی دانانی کییر ڕێوشوێنی توندی ئەمنی بەخۆوە بینی. کییر کەتەمەنی "٥٤" ساڵە دوێنێ لەمەراسیمەکەدا گوتی: گەرەنگ کە بەهۆی کەوتنە خوارەوەی هێلیکۆپتەرێك گیانی لەدەستدا، نەمردووەو تائێستا لەعەقڵو دڵی ملیۆنان کەسدا زیندووەو پێویستیشە هەرگیز نەمرێت.

کوردستانی نوێ

هەینی ٢٠٠٥/٨/١٢

ژ: ٣٧٤٧

ناونیشان

سیلفاکییر، بوو بەجێگری یەکەمی سەرۆکی سودان

دوو ڕەگەزی کەسو چی لەم ناونیشانەدا دەربڕاون، کەبریتییە لەڕستەیەکی سادەی هەواڵی ئەرێ، بەم شێوەیە، ڕیزبوون:

کەس ⟵ چی

١)ڕەگەزی کەس، بریتییە لەگرێی ناوی:

- سیلفاکییر

٢)ڕەگەزی چی، بەهۆی گرێی کردارییەوە دەربڕاوە، کە لەڕاستیدا هەموو ڕستەکەیە:

- سیلفاکییرکییر بوو بەجێگری یەکەمی سەرۆکی سودان

کرداری ناتەواوی "بوو" سەرەی ئەم گرێ کردارییەی پێك هێناوە، ئەم جۆرە کردارە "بەتەنیا ناتوانێت فریزێکی کاری ساز بکات" ((شێرکۆ: ٢٠٠٢: ٨٨)) بۆیە تەواوکەری وەرگرتووە، هەر کاتێکیش "بوون" بەواتای گۆڕان بەکاردێن، "گرێی ناوی و گرێی بەند، بەندەکات" ((ساجدە: ١٩٩٤: ٧٤)) کەرەستەکانیش بەیەك جۆر ڕیزدەبن:

گرێی ناوی + بوو + گرێی بەند

وەك: <u>سیلفاکییر</u> ← گرێی ناوی، <u>بوو</u> ← کرداری ناتەواو بەواتای گۆڕان، <u>بەجێگری یەکەمی سەرۆکی سودان</u> ← گرێی بەند

"دوێنێ لەکۆشکی کۆماریی لەخەرتوم، سیلفاکییر سەرکردەی بزوتنەوەی میللی ڕزگاریخوازی سودان، لەشوێنی د.جۆن گەرەنگ وەك جێگری یەکەمی سودان سوێندی یاسایی خوارد"

ئەم بەشەی چیرۆکە هەواڵەکە، بریتییە لەڕستەیەکی سادەی هەواڵی ئەرێ، لەم ڕەگەزانە "کات، شوێن، کەس، چی، چۆن" پێکهاتووە، بەم شێوەیە:

١. ڕەگەزی کات، بریتییە لە ئەدڤێربلی "دوێنێ"

٢. ڕەگەزی شوێن، بریتییە لەگرێی ئەدڤێربلی شوێن.

لەکۆشکی کۆماری لەخەرتوم

٣. ڕەگەزی کەس، بەکەرەستەی زمانی، گرێی ناوی، دەربڕاوە:

- سیلفاکییر سەرکردەی بزوتنەوەی میللی ڕزگاریخوازی سودان

٤. ڕەگەزی چی لەفۆڕمی گرێی کرداریدا دەربڕاوە:

- لەشوێنی د.جۆن گەرەنگ وەك جێگری یەکەمی سەرۆکی سودان سوێندی یاسایی خوارد

٥. ڕەگەزی چۆن، بریتییە لەکرداری لێکدراوی "سوێندی خوارد"

کە بەم شێوەیە، دروستبووە:

<u>سوێند</u> (تەواوکەر) <u>خوارد</u> (سەرە)

"بەگشتی ئەو کردارە لێکدراوانەی، تەواوکەرەکانیان ناون، دەشێت لەسەرەکانیان بترازێن، چونکە ئەم ناوانە دەتوانن، وەك هەر ناوێکی کوردی ئەرکی دەرخراو ببینن‌و دەرخەر لەدوایانەوە بێت"((محەمەد: ٢٠٠١: ٩٧)).

وەك: سوێند + ی + یاسایی
دەرخراو        دەرخەر

بەم شێوەیە ڕەگەزی چۆن، بوو بەگرێی کرداری "سوێندی یاسایی خوارد" کەسەرەی فرێزی کرداری، تەنیا (ڕەگی کردارە)، نەك کرداری لێکدراو ، تەواوکەرەکەشی ناوە، بۆیە دەرخەری وەرگرتووە.

"کییر، کەتەمەنی "٥٤" ساڵە دوێنێ لەمەراسیمەکەدا، گوتی:
گەرەنگ، کە بەهۆی کەوتنە خوارەوەی هێلیکۆپتەرێك گیانی لەدەستدا، نەمردووەو...."

٦. ڕەگەزی لەبەرچی، لەم بەشەی چیرۆکە هەواڵەکەدا، دەربڕاوە، کەبریتییە لە کەڵە ڕستەیەك‌و لەناویدا پاڕستەی هۆیی، بووە بە ڕەگەزی لەبەرچی:

- گەرەنگ کە بەهۆی کەوتنە خوارەوەی هیلیکۆپتەرێك گیانی لەدەستدا

ڕێڕەوی، بەدوایەکداهاتنی ڕەگەزەکانیش، بەم جۆرەیە:

کات ← شوێن ← کەس ← چی ← چۆن ← لەبەرچی

## ❋ داڕشتنی چیرۆکە هەواڵە ناکامڵەکان:

مەبەست لەو چیرۆکە هەواڵانەیە، کەوەڵامی هەر شەش پرسیاری"کێ ، لەکوێ ، کەی ، چی ، چۆن ، لەبەرچی" نادەنەوە، واتە ئێمە دەمانەوێت لەڕێگەی شیکردنەوەو پەسنکردنی نموونەکانەوە، وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە، ئایا کام لەم کەرەستانە "ڕەگەزانە"دەکرێت لابرێت؟ یان کامیان کەمترین دەرکەوتنی هەیە؟ واتە لەکاتێکدا هەواڵنووس پێویستی بەکورتکردنەوە دەبێت. کام ڕەگەز، لەوانەیە فرێ بدرێت؟ لەڕاستیدا پێویستە خاڵێکی گرنگ فەرامۆش نەکرێت، ئەویش نابێت هەواڵنووس ناوەڕۆکی چیرۆکە هەواڵەکە، بکاتە قوربانی لایەنی دەست گرتنەوە لەوشەدا، واتە دەبێت زانیارییەکان بەتەواوی وەکو خۆیان بەخوێنەر بگەن، لێرە بەدواوە لەئەنجامی شیکردنەوەو پەسنکردنی نموونەکانەوە، وەڵامی پرسیارەکانی سەرەوە دەدەینەوە:

٦- ئەلقاعیدە

هەڕەشە لەئیتالیا دەكات

گروپێكی سەر بەڕێكخراوی ئەلقاعیدە لەسەر ڕووپەڕی سایتێكی ئەنتەرنێت ڕایگەیاند، ئەگەر ڕۆما لەماوەی پانزە ڕۆژدا پاشەكشە لەعێراق نەكات ئەوا سەرلەبەری ئیتالیا دەبێتە ئامانجیان.

بەگوتەی گروپەكە ئامانجەكانیان لەئێستاوە دیاریكردوەو چاوەڕێی تەواوبوونی مۆڵەتەكە دەكەن تابزانن حكومەتی ئیتالیا چ بڕیارێك دەردەكات.

ئاڵای ئازادی

٢شەممە ٢٠٠٤/٨/٩

ژ: ٥٧٦))

ناونیشان

ئەلقاعیدە

هەڕەشە لەئیتالیا دەكات

ناونیشانەكە، لەڕستەیەكی سادەی هەواڵی ئەرێ پێكهاتووە هەردوو ڕەگەزی كەس و چی تێدا، دەربڕاوە بەم شێوەیە:

كەس ←—— چی

١- ڕەگەزی كەس بریتییە لەناوی تایبەتی "ئەلقاعیدە" كە بەتەنیا گرێی ناوی پێكهێناوەو لەڕۆنانی سەرەوەدا، دەركەوتووە، چونكە "بەوشەیەك یان زیاتر، دەستەواژە گرێ پێكدێت ((وریا: ١٩٨٩: ٧٣)) لێرەدا سەرە دەركەوتووەو تەواوكەر دەرنەكەوتووە، واتە ڕۆنانی ژێرەوەی گرێ ناوییەكە، بەم جۆرەیە:

| ڕێكخراوی | ئەلقاعیدە |
| --- | --- |
| تەواوكەر | سەرە |
| دەرخراو | دەرخەر |

وەك دیاردەیەكی ئابووری، كەرەستە فڕێدان لەزماندا كارێكی ئاساییە، بەڵام زمان كەرەستەیەك فڕێنادات، نەتوانێت دووبارە، بۆ ناو پێكهاتەكە بیگێڕێتەوە جگە لەمانەش، ئەمڕۆ لەئەنجامی زۆر بەكارهێنان و كارەكانی ڕێكخراوی ئەلقاعیدەدا، بووەتە ناوێكی مەترسیداری ناسراوی جیهانی.

٢- ڕەگەزی چی، بریتییە لەگرێی كرداری:

- هەڕەشە لەئیتالیا دەكات

لـەم نموونەیەشـدا، لەبـەر ئـەوەی سـەرەی گـرێ کردارییەکـە، کردارێکـی لێکـدراوە، پێکهاتووە لە "ناو + کـردار" واتـە کـەرتی یەکـەمی کـردارە لێکدراوەکـە نـاوە، بۆیـە لەکردارەکــە "ســەرە" جیابووەتــەوەو ئــەدڤێربلی شــوێنی "لــەئیتالیا" چــووەتە نێوانیانــەوە، کـەوەك ڕەگـەزی شـوێنی نییـە، دیـاردەی ترازانـی سـەرەو تەواوکـەری کرداری لێکدراو لەکوردیدا، کردارە لێکدراوەکانی کردووە بـەدوو بەشـەوە "بـەواتای ئەوەی لەکاتێکدا هەندێ لەم کارانە ڕێگە دەدەن کەرەسـەی تـر بـچێتە نێوانیانـەوە، هەنـدێکی تـر جگـە لـەڕاناوی کـەس ڕێگـەی ئـەوە نـادەن کەرەسـەی تـر لەیـەکتریان بترازێنێ‌و بچێتە نێوانیانەوە" ((محەمەد: ١٩٨٩: ٥٠)) لەبەر ئـەوەی کـردار بەشـێکی گرنگی ڕستەی زمانی کوردی پێکدەهێنێت‌و لەفێربوونی زماندا، بۆ کەسانی بیـانی، کەبیانــەوێت زمانەکــە فێــربن، دەبێتــە کێــشە، لــەم بــارەوە بــەکر عومــەر دەڵێت"جیابوونەوەی تەواوکەرو سەرەی کرداری لێکدراو بـەم شـێوەیە، بەلایـەنێکی گرنگی زمانی کـوردی دادەنرێـت، بەتایبـەتی بـۆ کەسـێکی بیـانی بیـەوێت زمانەکـە فێربێت"((بەکر: ١٩٩٩، ١٨٨))

"گروپێکـی سـەر بـەڕێکخراوی ئەلقاعیـدە لەسـەر ڕووپـەڕی سـایتێکی ئـەنتەرنێت ڕایگەیاند"

لـەم ڕسـتە سادە هەواڵییـە ئەرێیـەدا، دوو ڕەگـەزی کـەس‌و شـوێن دەربـڕاوە ، بـەم شێوەیە:

١- ڕەگەزی کەس، بەکەرەستەی زمانی گرێی ناوی دەربڕاوە، لێرەدا بەپێچەوانەی ناونیشانەکەوە، هەموو کەرەستە بەشدارەکانی گرێ ناوییەکە دەرکەوتون:

- گروپێکی سەر بەڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدە

٢- ڕەگەزی شوێن لەفۆرمی ئەدڤێربلی شوێندا، دەربڕاوە:

- لەسەر ڕووپەڕی سایتێکی ئەنتەرنێت

"ئەگـەر ڕۆمـا لـەماوەی پـانزە ڕۆژدا پاشەکـشە لـەعێراق نـەکات، ئـەوا سـەرلەبەری ئیتالیا دەبێتە ئامانجیان"

ڕستەیەکی ئاوێتەی هەواڵی ئەرێیـە، دوو ڕەگـەزی لەبەرچی‌و چـی تێـدا دەربـڕاوە، بەم شێوەیە:

١) ڕەگەزی لەبەرچی بریتییە لەپاڕستەی ئەدڤێربلی مەرجی:

- ئەگەر ڕۆما لەماوەی پانزە ڕۆژدا لەعێراق پاشەکشە نەکات

"ئەدڤێربلی هەروەك چۆن لەشێوەی فرێزدا بەرچاوکەوتن، جار هەیە لەشێوەی ڕستەیەکی سادەیشدا دەبینرێت، کە لەچوارچێوەی ڕستەیەکی ئالۆزدا کاردەکات" ((ئازاد: ٢٠٠١: ٦٩))

٢) ڕەگەزی چی، شارستەیەو وەلامی مەرجە:

- ئەوا لەماوەی پانزە ڕۆژدا سەرلەبەری ئیتالیا دەبێتە ئامانجیان کرداری ئەم ڕستە شوێنکەوتووەش، کردارێکی ناتەواوە "دەبێت" کە بەواتای گۆڕان بەکارهاتووە، وەك دەردەکەوێت لەهەردوولاوە تەواوکەری وەرگرتووە، چونکە "دەتوانرێ کاری (بوون) لەپێشەوە بەهەموو کەرەستەکانی زمان لەشێوەی تەواوکەری ڕاستەوخۆو بەیاریدەدا تەواو بکرێت، لەشێوەی تاکە وشە یان کۆمەڵە وشەدا، بەلام تەواوکەری دوای کاری هەبوون هەمیشە لەشێوەی تەواوکەری بەیاریدەدایە، بەشێوەی پریپۆزیشن + ناو، پریپۆزیشنی بەیان ە، لەهەموو پریپۆزیشنەکانی تر چالاکترە" ((مەحمود: ١٩٨٨: ٨٨)) وەك:

| سەر لەبەری ئیتالیا | + | دەبێت + | ە | + ئامانجیان |
|---|---|---|---|---|
| تەواوکەری پێش کرداری بوون | | کرداری بوونی گۆڕا | پریپۆزیشن | ناو |
| | | | تەواوکەری دوای کرداری بوون | |

پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کەئەم جۆرە ڕستە شوێنکەوتووانە بۆ لەڕوانگەی واتای ڕستەکەوە. "بەڕستەی شوێنکەوتووی ئاگادار کردنەوە، دانراوە"((بەکر: ٢٠٠٣: ١٣))

(بەکر عومەر) دەڵێت "لەزمانی کوردیدا ئاساییە ئەگەر دوو ئامرازی جیا لەڕستەیەکی ناسادەدا پێکەوەبێن" ((سەرچاوەی پێشوو: ٢٠٠٣: ١٥)).

وەك: نەوەکوو دڵیان بیەشێ باسەرێکیان لێ بدەین.

هەرچەندە (بەکر عومەر) ئاماژە بۆ ئامرازەکانی "با - نەك - نەوەك - نەوەکوو" دەکات، کەئەم جۆرە ڕستە شوێنکەوتووانە، بەڕستەی سەرەکی دەگەیەنن، بەلام وەك لەنموونەکەدا دیارە، ئامرازی گەیەنەری "ئەوا"ش، دەتوانێت ئەرکی گەیاندنی ئەم جۆرە ڕستە شوێنکەوتووانە بەڕستەی سەرەکی ئەنجامبدات، لەڕاستیدا ڕستەکە، لەڕوانگەی تیۆری کردە قسەییەکانەوە، وەك کردەیەکی ناڕاستەوخۆ، بۆ هەڕەشەکردن، دادەنرێت، چونکە مەرجەکانی کردەی ناڕاستەوخۆی بەمەبەستی هەڕەشەکردن، تێیدا، دەبینرێت، وەك بەدەسەلاتی قسەکەر، خراپی کاری گوێگر

لەڕوانگەی قسەکەرەوە، ئاگادارکردنەوە بەمەبەستی سزاو تۆڵە کردنەوە .....هتد، بڕوانە ((قەیس: ١٩٩٥: ٧٠))

ڕێڕەوی ڕیزبوونی ڕەگەزەکانیش، بەم جۆرەیە:

کەس ←── شوێن ←── لەبەرچی ←── چی

هەردوو ڕەگەزی چۆن و کات لەچیرۆکە هەواڵەکەدا نەدراون.

٨- سەلاح شێخلی: پەیوەندی عێراق و بەریتانیا بەکەسێك یان پارتێکەوە نەبەستراوە..

کوردستانی نوێ:

باڵیۆزی عێراق لەبەریتانیا تەئکیدیکردەوە، پەیوەندی عێراق و بەریتانیا بەکەسێك یان پارتێکەوە نەبەستراوەو لەبنەڕەتدا مەسەلەیەکی مەبدەئییە.

گوتیشی: ئەگەر تۆنی بلێر بڕوات و گریمان گۆردن براون جێگەی گرتەوە، ئەوا ئەویش پەیوەستە پەیوەستە بەهەمان سیاسەت. باڵیۆز سەلاح شێخلی ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، کەهەفتە تێپەڕ ناکات، ناو کۆمپانیایەکی بەریتانیا تۆمار دەکەن بەمەبەستی ڕۆشتنی بۆ .

(چاوپێکەوتنەکە لەژمارەکانی داهاتوودا بلاو دەکەینەوە)

کوردستانی نوێ

شەممە: ٢٠٠٧/٤/٩

ژ: ٤٣٣٧

ناونیشان

سەلاح شێخلی: پەیوەندی عێراق و بەریتانیا بەکەسێك یان پارتێکەوە نەبەستراوە.

ناونیشانەکە، بریتییە لەڕستەیەکی ئاوێتەی هەواڵی ئەرێ، دوو ڕەگەزی کەس و چی تێدا دەربڕاوە:

کەس ←── چی

١. ڕەگەزی کەس، گرێی ناوی "سەلاح شێخلی" کە لەڕستەی سەرەکی "شاڕستە"دا، ئەرکی کارای بینیوە، هەرچەندە کرداری ڕستەکە دەرنەکەوتووە، بەلام دانانی نیشانەی دوو خاڵ لەسەریەك لەدوای ناوەکەوە، بەواتا "دەڵێت یان وتی"

بەم شێوەیە ڕستەکە دەبێتە:

- سەلاح شێخلی دەڵێت / وتی.

٢. ڕەگەزی چی پاڕستەی دیارخەرییە:

- پەیوەندی عێراق و بەریتانیا، بەکەسێك، یان پارتێکەوە نەبەستراوە بەوردبونەوە لەناونیشانەکەو بەراوردکردنی بەنموونەیەکی تری لەم چەشنە:

٩- دارا وتی ناچم بۆ زانکۆ.

١٠- دارا وتی کەناچم بۆ زانکۆ.

بۆمان دەردەکەوێت پەیوەندی نیشاندانی "دیارخەری" لەنێوان، "سەلاح شێخلی"و پاڕستەی "پەیوەندی عێراق و بەریتانیا بەکەسێك یان پارتێکەوە نەبەستراوە" هەیەو ئامرازی گەیەنەری "کە" لەڕستەکەدا دەرنەکەوتووە، ئەم شێوازی گێڕانەوەش دەبێتە قاڵبی گوتنی ناڕاستەوخۆ.

"باڵیۆزی عێراق لەبەریتانیا تەئکیدی کردەوە، پەیوەندی عێراق و بەریتانیا بەکەسێك یان پارتێکەوە نەبەستراوەو لەبنەڕەتدا مەسەلەیەکی مەبدەئی یە"

سەرەتای چیرۆکە هەواڵەکە، بریتییە لەکەڵە ڕستە، کەڕەگەزەکانی کەس و چی و لەبەرچی تێدا دەربڕاوە، بەم شێوەیە:

١- ڕەگەزی کەس، پاڕستەی سەرکی پێکیدێنێت :

- باڵیۆزی عێراق لەبەریتانیا تەئکیدیکردەوە.

٢- ڕەگەزی چی، پاڕستەی بەند، دەریبڕیوە:

- {کە} پەیوەندی عێراق و بەریتانیا، بەکەسێك، یان پارتێکەوە نەبەستراوە.

٣- ڕەگەزی لەبەرچی ، بەپاڕستەی بەندی هۆییەوە گەیەنراوە:

- {و} لەبنەڕەتدا مەسەلەیەکی مەبدەئییە.

لەم نموونەیەدا، پەیوەندیی پاڕستەی (( ٢ و ٣ بە ١))ەوە، پێیدەوترێت، درێژکردنەوە، یەکێك لەپاڕستەکان، کە ژمارە (٣)یە زانیاریی نوێی داوە.

"لەم شێوەیەدا ئامرازی تایبەتی هەیە، کەجیای دەکاتەوە، وەك و، جگە لەوە، تەنانەت، تومەز" ((بەکر: ١٩٩٢: ٣٦)) وەك لە نموونەکەدا دیارە پاڕستەی (٣) بەهۆی ئامرازی {و} بەپاڕستەکانی پێشخۆیەوە، بەستراوە.

"گوتیشی: ئەگەر تۆنی بلێر بڕوات و گۆردن براون جێگەی گرتەوە، ئەوا پەیوەستە بەهەمان سیاسەت".. ئەم کەڵە ڕستەیەش، لەچوار پاڕستە پێکهاتووە، بەم شێوەیە:

١- گوتیشی "باڵیۆزی عێراق لەبەریتانیا گوتی"

پاڕستەی "گوتیشی" لەکردەیەکی مۆرفۆسینتاکسدا بەرهەمهاتووە، جێناوی لکاوی بکەر، چووەتە دوای کرداری "گوت" لەبەر ئەوەی بەرکار، لەدواوە دەرکەوتووە، بەم شێوەیە:

گوت + ی + Ø

جێناوی لکاوی بکەر      جێناوی لکاوی بەرکار

"مۆرفۆسینتاکس، بریتییە لەو پرۆسەی زمان، کەنواندنی تایبەتێتی سیفاتی - سینتاکسی لەڕێی کەرەسەی مۆرفۆلۆژییەوە دێننە کایەوە، واتە لەڕێگەی مۆرفیمی بەندی وەکو (flexives) یان کلیتیك" ((ئەبوبەکر: ٢٠٠٣: ١٨)) واتە گەیاندنی ئەرکی سینتاکسی بەهۆی مۆرفیمی بەندی ڕێزمانییەوە، ئاشکرایە "ی" جێناوی لکاوی کەسی سێیەمیش مۆرفیمی بەندی ڕێزمانییە وە کلیتیکە "نووسەك" ئامرازی "یش" ئەرکی بەستنی پاڕستەکەی بەڕستەکانی پێش خۆیەوە ، بینیووە، " ئەو ئامرازە دوو ڕستەی هاوشان بەیەکەوە دەبەستێتەوە" ((قەیس: ٢٠٠٢: ٢١٧))

٢- ئەگەر تۆنی بلێر بڕوات

٣- {و} گۆردن براون جێگەی گرتەوە

٤- ئەوا پەیوەستە بەهەمان سیاسەتەوە.

پاڕستەی دووەمو سێیەم دەبنە مەرجو چوارەمیش وەڵامی مەرج، کۆی زانیارییەکانی ئەم کەڵە ڕستەیە، دەبنە وەڵامی پرسیاری "چۆن" واتە:

- چۆن پەیوەندی عێراقو بەریتانیا بەکەسێك یان پارتێکەوە نەبەستراوە؟

بەمانایەکی تر کەڵە ڕستەکە بریتییە لەڕەگەزی چۆن.

ڕێڕەوی ڕیزبوونی ڕەگەزەکانیش، بەم شێوەیە:

کەس ←—— چی ←—— لەبەرچی ←—— چۆن

ڕەگەزەکانی کاتو شوێن لەم چیرۆکە هەواڵەدا نەدراون.

١١- دەستگیرکردنی چوار گومانلێکراوی سەر بەجەبهەی تورکمانی

سەرچاوەیەکی نزیك لەپۆلیسی کەرکوك بە "هەواڵ"ی ڕاگەیاند:

سەرلەبەیانی ٢٠٠٦/١٢/٧، هێزێکی پۆلیسی بنکەی عەدالە، توانیان (٤) گومانلێکراو، لەناو گەراجێکی ناوچەی پیشەسازی کەرکوك، کەچەند گوللە هاوەنێکیان لەحەشارگەیەکدا شاردبۆوە دەستگیر بکەن.

سەرچاوەکە تەئکیدی کردەوە کەئەو (٤) گومانلێکراوە ناسنامەی تایبەتی جەبهەی تورکمانیان پێبووە، وەتا نوسین ئەم هەواڵەش لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا بەردەوامە.

هەواڵ

٢٠٠٦/١٢/٩

ژ: ٢٠٩

ناونیشان

دەستگیرکردنی چوار گومانلێکراوی سەر بەجەبهەی تورکمانی

ئەم ناونیشانە، لەڕستەیەکی سادەی هەواڵی بکەر نادیاری ئەرێ پێکهاتووە، تەنیا ڕەگەزی "چی" دەربڕیوە.

"سەر لەبەیانی ٢٠٠٦/١٢/٧، هێزێکی پۆلیسی بنکەی عەدالە، توانیان "٤" گومانلێکراو، کە لەناو گەراجێکی ناوچەی پیشەسازی کەرکوك، کەچەند گوللە هاوەنێکیان لەحەشارگەیەکدا شاردبۆوە، دەستگیر بکەن"

ئەم بەشەی چیرۆکە هەواڵەکە، کەڵە ڕستەیەو لەچەند پارستەیەك پێکهاتووە، یەکێکیان سەرەیەو ئەوانی تر بەندی، هەر یەکەیان ڕەگەزێکی دراوی چیرۆکە هەواڵەکە دەردەبڕن، بەم شێوەیە:

١- سەر لەبەیانی ٢٠٠٦/١٢/٧، هێزێکی پۆلیسی بنکەی عەدالە، توانیان

پارستەی سەرەکییە، دوو ڕەگەزی کاتو کەسی تێدایە:

أ- گرێی ئەدڤێربڵی کات: سەرلەبەیانی ٢٠٠٦/١٢/٧ ڕەگەزی کات

ب- گرێی ناوی : هێزێکی بنکەی پۆلیسی عەدالە ڕەگەزی کەس

٢- "٤" گومانلێکراو دەستگیر بکەن. ڕەگەزی چی

ئەم پارستەیە ، ئەرکی بەرکار دەبینێت، چونکە لەگەڵ پارستە سەرەکی ئاوێتە دروستدەکەن، بەم شێوەیە:

سەر لەبەیانی ٢٠٠٦/١٢/٧ هێزێکی پۆلیسی عەدالە توانیان "٤" گومانلێکراو دەستگیر بکەن.

"لەڕستەی ئالۆزیشدا دەشێ بەرکار بەلا ڕستە دەربڕێ" ((شلێر: ٢٠٠٤: ٧١))

٣- کە لەناو گەراجێکی ناوچەی پیشەسازی کەرکوك

ئەم پارستە بەندەش، کە ڕەگەزی "شوێن"ی دەربڕیوە، دوو کەرەستەی کرتێنراوە "دا"ی پاشبەندی "لە" کە لەبنەڕەتدا بەم شێوەیە "لە ـــ دا" لەگەڵ کرداری ناتەواوی "بوو" بەوپێیە فۆرمە بنەڕەتییەکەی پارستەکە، بەم جۆرەیە:

- کە لەناو گەراجێکی ناوچەی پیشەسازی کەرکوکدا بوون.

بەکر عومەر عەلی لەنامەی ماجستێرەکەیدا، بوونی کەرەستەی ناوکۆ، بەپێشمەرجی کردەی کرتاندن دادەنێت ((بەکر: ١٩٩٢: ٥٢))

بەڵام لەم نموونەدا وانییە، چونکە نموونەکانی ناوبراو لەسنوری ڕستەی لێکدراودان.

٤- کەچەند گولله هاوەنێکیان لەحەشارگەیەکدا شاردبۆوە.

پارستەی بەندە، ڕەگەزی لەبەرچی دەربڕیوە.

ئەو ڕەگەزانەی دەرکەوتووە، بەم ڕێڕەوە ڕیزبوون:

کەس ←—— کات ←—— چی ←—— شوێن ←—— لەبەرچی

تەنیا ڕەگەزی چۆن لەچیرۆکە هەواڵەکەدا نەدراوە.

١٢- کەماڵ خەڕازی

داوا دەکات پەیوەندی تاران بەوڵاتانی کەنداوەوە پتەو بکرێت

تەلەفزیۆنی، جەزیرە، ئەبو زەبی، شاریقە:

کەماڵ خەرازی، وەزیری دەرەوەی ئێران ئارەزووی ئێرانی بۆ چاك کردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی کەنداوی عەرەبی تازە کردەوەو گوتی: پاراستنی ئارامیو ئاسایشی ناوچەکە پێویستو گرنگەو، ناوچەکە لەبواری سیاسەتی دەرەوەی تاران بایەخێکی تایبەتی هەیە.

برایەتی

٢شەممە: ١٩٩٨/٣/٩

ژ: ٢٥٤٢

ناونیشان

کەمال خەڕازی

داوا دەکات پەیوەندی تاران بەوڵاتانی کەنداوەوە پتەو بکرێت

ئەم ناونیشانە ڕستەیەکی ئاوێتەی هەواڵی ئەرێیە، دوو ڕەگەزی کەسو چی تێدا دەربڕاوە، بەم شێوەیە:

کەس ←—— چی

١) ڕەگەزی کەس بەهۆی گرێی ناوییەوە دەربڕاوە:

- کەمال خەڕازی
دەرخراو دەرخەر

ئەم جۆرە گرێ ناوییە، کە لەدوو تا چوار ناوی زنجیرەیی مرۆڤ پێکدێت، "لەئیشو کاری دەوڵەتیو ڕەسمیدا بەکاردەهێنرێت، لەچوارچێوەی دەستەواژەی کراوەدا لەیەك دراون، لەنێوانیاندا پەیوەندیی خاوەنێتیان، هەیە" ((محمد فاروق: ١٩٩٠: ٣٨)) مەبەست لە "دەستەاوژەی کراوە" واتە دەتوانرێت فراوانبکرێت، ئەمەش لەکوردیدا، سیمایەکی دیاری گرێی ناوییە،

وەك: ئالان دارا ڕەشیدعەبدوڵا مەحمود فەتاح ...

٢) ڕەگەزی چی بریتییە لەپاڕستەی ناوی:

- پەیوەندی تاران بەوڵاتانی کەنداوەوە پتەو بکرێت.

لەبەر ئەوەی کرداری شاڕستە "داوا دەکات" تێپەڕە، پاڕستەکە دەبێتە بەرکارو ئامڕازی گەیەنەری "کە"ی لێ کرتێنراوە، ئەمەش تایبەتییەکی ئەم ئامرازەیە، وەك:

١٣- دیاکۆ نووستبوو [کە] دەریا هات.

١٤- دیاکۆ نووستبوو، دەریا هات.

لەم بارانەدا، بەگشتی لەشوێنی ئامرازەکە یۆرگول (،) دادەنرێت.

"کەمال خەڕازی وەزیری دەرەوەی ئێران، ئارەزووی ئێران بۆ چاك کردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی کەنداوی عەرەب تازە کردەوەو گوتی: پاراستنی ئارامیو ئاسایشی ناوچەکە پێویستو گرنگەو ناوچەکە لەبواری سیاسەتی دەرەوەی تاران بایەخێکی تایبەتی هەیە"

ڕستەی سادەی هەواڵی ئەرێی:

- کەمال خەڕازی وەزیری دەرەوەی ئێران ئارەزوی ئێران بۆ چاك کردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی کەنداوی عەرەبی تازە کردەوە.

دوو ڕەگەزی کەسو چی تێدا دەربڕاوە، بەم شێوەیە:

١) ڕەگەزی کەس، بریتییە لەگرێی ناوی، کەبۆ نا وەوە فراوانکراوە:

- کەمال خەرازی وەزیری دەرەوەی ئێران

٢- ڕەگەزی چی، بریتییە لەگرێی کرداری:

- ئارەزووی ئێرانی بۆ چاك كردنەوەی پەیوەندییەكان لەگەڵ وڵاتانی كەنداوی عەرەبی تازە كردەوە

سەرەی ئەم گرێ كرداریيە، كرداری لێكدراوی "تازەكردەوە"یە، كە تێپەڕ ئەو كرداره لێكدراوانەی لە "ئاوەڵناو + كردار" دروستبوون، پێچەوانەی ئەوانەن، كە لە "ناو + كردار" سازبوون، بواری لێكترازان نادەن، واتە سەرەو تەواوكەر لەیەكتری جیا نابنەوە ، واتە "لەو بارانەشدا كەبەركاری تیان یان هەر بەشێكی دی ناسەرەكی ڕستە بەشداری دارشتنی ڕستە بكات، هەر بەیەكگرتوویی دەمێنێتەوە، بەشێوەیەكی گشتی لێك دانابڕێن" ((كوردستان: ٢٠٠٠: ٤٠))

"كەمال خەرازی گوتی: پاراستنی ئارامیو ئاسایشی ناوچەكە پێویستو گرنگەو ناوچەكە لەبواری سیاسەتی دەرەوەی تاران بایەخی تایبەتی هەیە"

ئەم كەڵە ڕستەیە لەچەند پارستەیەك پێكهاتووە، بریتییە لەرەگەزی لەبەرچی ، بەم شێوەیە:

١- كەمال خەرازی گوتی پارستەی سەرەكی

٢- پاراستنی ئارامیو ئاسایشی ناوچەكە پێویستو گرنگە (پارستەی بەند)

- ناوچەكە لەبواری سیاسەتی دەرەوەی تاران بایەخی هەیە. (پارستەی بەند)

ڕێڕەوی ڕیزبوونی ڕەگەزەكانیش بەم شێوەیە:

كەس ←── چی ←── لەبەرچی

ڕەگەزەكانی كاتو شوێنو چۆن، نەدراون.

١٥- كەتیبەكانی كوردستانی قاعیدە، خەندەق لێدەدەن

ڕۆژنامە - تایبەت

ژمارەیەك چەكداری كەتیبەكانی كوردستانی ڕێكخراوی قاعیدە، لەناو خاكی ئێرانداو لەنزیك مەرزی سەیرانبەن بنكەو بارەگا دروستدەكەنو خەندەق لێدەدەن، ڕۆژانەش خەریكی مەشقو ڕاهێنانی سەربازیین، سەرچاوەیەك ئاشكرایكرد: نزیكەی ٣٠ - ٣٥ كەس كەجلوبەرگی كوردییان لەبەردایەو لەو شوێنەدا كاردەكەن.

ڕۆژنامە

٢شەممە: ٢٠٠٧/٧/٣٠

ژ: ٢٦

ناونیشان

کەتیبەکانی کوردستانی قاعیدە خەندەق لێدەدەن

ناونیشانی چیرۆکە هەواڵەکە، بریتییە لەڕستەیەکی سادەی هەواڵی ئەریّو دوو ڕەگەزی کەس‌و چی، بەشداری ڕۆنانیان کردووە، بەم شێوەیە:

کەس ←—— چی




١- ڕەگەزی کەس، بریتییە لەگرێی ناوی :
   - کەتیبەکانی کوردستانی قاعیدە

٢- ڕەگەزی چی، گرێی کرداری:
   - خەندەق لێدەدەن

ئەم گریّ کردارییە بریتییە لەکردارێکی لێکدراو "ناو + کرداری تێپەڕ" پەیوەندی نێوان سەرەو تەواوکەر لەم جۆرە کردارانەدا "لەبنەڕەتدا لەئەرکی ڕستەسازی نێوان بەرکاری ڕاستەوخۆو کرداری تێپەڕی ئاسایی دەچێت" ((محەمەد: ٢٠٠١: ٧٢)).

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتریش، ئەم ڕستەیە بەراورد دەکەین:

١- کەتیبەکانی کوردستانی قاعیدە خەندەق لێدەدەن.

٢- کەتیبەکانی کوردستانی قاعیدە پاسەوانی سنور دەکوژن.

ڕستەی دووەم کردارەکەی داڕژاوی تێپەڕە*، لەڕووی کاتەوە ڕانەبردووە، وەك کرداری ڕستەی یەکەم، کەچی بەرکار وەك کەرتی یەکەمی کرداری ڕستەی یەکەم ڕەفتاری کردووە، یان تەواوکەری کرداری لێکدراوی ڕستەی یەکەم ، وەك بەرکاری ڕستەی دووەم "پاسەوانی سنوری، ڕەفتاری کردووەو لەئاستی ستونیشدا، لەژێر یەکدانو لەیەك شوێندا دەرکەوتوون.

"ژمارەیەك چەکداری کەتیبەکانی کوردستانی ڕێکخراوی قاعیدە، لەناو خاکی ئێرانداو لەنزیکی مەرزی سەیرانبەن بنکەو بارەگا دروستدەکەنو خەندەق لێدەدەن"

ئەم بەشەی چیرۆکە هەواڵەکە، کەسەرەتایەو سەرە پێکدێنێت، بریتییە لەڕستەیەکی لێکدراوی هەواڵی ئەرێ، بەم شێوەیە:

١- ژمارەیەك چەکداری کەتیبەکانی کوردستانی ڕێکخراوی قاعیدە لەناو خاکی ئێرانداو لەنزیك مەرزی سەیرانبەن بنکەو بارەگا دروستدەکەن.

٢- ژمارەیەك چەکداری کەتیبەکانی کوردستانی ڕێکخراوی قاعیدە لەناو خاکی ئێرانداو لەنزیك مەرزی سەیرانبەن خەندەق لێدەدەن.

لەبەر ئەوەی بکەرو بەرکارو ئەدڤێربلی شوێن، کەرەستەی ناوخۆن، لەڕستەی دووەمدا، دووبارە نەبونەتەوەو کرتێنراون، لەڕاستیدا کرتاندن دیاردەیەکی ڕێزمانی سەر پشکی نییەو مەرجو بنەمای تایبەتی خۆی هەیە، بڕوانە ((بەکر: ١٩٩٢: ٥٢))

هەردوو کرداری ڕستە سادەکان لێکدراونو لەیەك کاتو ڕێژەدان، "ڕانەبردووی ئیخباری - ئەرێ" واتە ڕێککەوتوون، ڕەگەزەکانی کەسو شوێنو چی، ناو ڕستەکەش، بەم شێوەیە، جیادەکرێنەوە:

١- ڕەگەزی چی، بریتییە لەگرێی ناوی:

- ژمارەیەك چەکداری کەتیبەکانی کوردستانی قاعیدە

ئەم گرێ ناوییە، لەلای ڕاستو چەپەوە، بەهۆی ڕادەی "ژمارەیەك"ەوە فراوانکراوە. هەرچەندە لەم بارانەشدا ژمارەکە دیاریکراو نییە، وەك ڕادە وەڵامەکە

---

* ئێمە لەگەڵ ئەو بۆچوونەداین، کەدەڵێت کاری سادە لەزمانی کوردیدا نییە، چونکە هەموو کارێك بەلای کەمەوە لەئەنجامی لێکدانی مۆرفیمەکانی ڕەگو کاتو کەس، دروستدەبێت، بڕوانە: محمد معروف فتاح: ١٩٨٩: ٤١.

دراوەتـەوەو چـەمکی (چـەندێتی) ڕادەی تێـدا بـەدی دەکـرێ" ((قـەیس: ٢٠٠٣: ٢٤)) لای چەپیش بەهۆی ناوەوە فراوانکراوە.

٢- ڕەگەزی شوێن، بەهۆی کەلەگرێی ئەدڤێربلی شوێن، دەربڕاوە:

- لەناو خاکی ئێرانداو لەناو مەرزی باشماخ

مەبەست لەکەلە گرێ، دوو گرێی هاو ئەرکە، لەگەڵ یەکتر، بڵاوترین ئامراز بۆ لێکـدانی گرێکـان لـەم بـوارەدا "و"ە ((بـەکر: ١٩٩٢: ٧٠)) ئـەم جـۆرە لـەگرێ پێچەوانەی، ئـەو گرێیانـەی بـەهۆی مـۆرفیمی "ی" خـستنە پـاڵ فـراوان دەکـرێن، پەیوەندی دەرخەرو دەرخراوی لەنێوان کەرتەکانیاندا دروست نابێت.

٣- ڕەگەزی چی، بەکەرەستەی زمـانی "گرێی کـرداری" هـەردوو ڕسـتە سـادەکە، دەربڕاوە:

- بنکەو بارەگا دروستدەکەنو خەندەق لێدەدەن

ڕێڕەوی ڕیزبوونی کەرەستەکانیش، بەم جۆرەیە:

کەس ←——— شوێن ←——— چی

ڕەگەزەکانی کات، چۆن، لەبەرچی، لەم چیرۆکە هەواڵەدا دەرنەبڕاون.

### ❋ چیرۆکە هەواڵ لەنێوان کەرەستەی دراو و لابراودا:

دوای شـیکردنەوەی نموونـەکان، دەردەکـەوێت هـەموو کـات، تـەواوی ڕەگـەزەکانی چیرۆکە هەواڵ نـادرێن، واتـە کورتکردنـەوەو لابردنـی، دیاردەیـەکی بـاوی داڕشـتنی چـیرۆکە هـەواڵی ڕۆژنامـەی کوردییـە، بـۆ ڕاسـتی ئـەم بۆچـوونە، بـا لـەم ئامـارە وردبینەوە:

**خشتەی ژمارە (١)**

چیرۆکە هەواڵ بەپێی دەرکەوتنی ڕەگەزەکان

| هەموو ڕەگەزەکان | پێنج ڕەگەزی | چوار ڕەگەزی | سێ ڕەگەزی | دوو ڕەگەزی | یەك ڕەگەزی | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦٪ | ٣٣٪ | ٤٤٪ | ١٧٪ | - | - | ١٠٠ |

دوای وردبوونەوە، لەئامارەکە، دەگەینە ئەو ڕاستییەی، چل لە سـەدی ٤٠٪، چیرۆکە هـەواڵی ڕۆژنامـەی کـوردی لـەجۆری کـاملن، واتـە هـەموو ڕەگـەزەکان دەدەن، واتـە ڕێژەی شەست لە سەدی ٦٠٪، نا کاملنو هەموو ڕەگەزەکان نادەن.

### ❋ ڕەگەزەکان "کەرەستەکان" لەنێوان دەرکەوتن و دەرنەکەوتندا :

خشتەی ژمارە یەك، وەڵامی پرسیاری ڕێژەی چەندی چیرۆکە هەواڵی کوردی هەموو ڕەگەزەکان دەدەن؟ دایەوە، لەم خشتەیەدا، وەڵامی ئەو پرسیارە دەدرێتەوە، ئەگەر هەواڵنووس لەبەر هەر هۆیەك، پێویستی بەکورتکردنەوە بوو، کام ڕەگەز لادەبات و کامیان ناکرێت، لابدرێت؟

**خشتەی ژمارە ( ٢ )**

کەرەستە لابراوەکان

| لەبەرچی | چۆن | کەی | لەکوێ | کێ | چی | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥٠٪ | ٤٩٪ | ٤٦٪ | ٢٤٪ | ١٪ | - | ١٠٠ |

بەپێی خشتەکە، ڕەگەزی "چۆن" کەمترین دەرکەوتنی هەیەو پاشان "لەبەرچی" دواتر "کەی - کات"و دوای ئەویش "لەکوێ - شوێن". لەڕاستیدا ڕەگەزەکانی "چی و کێ" ناکرێت لابرێت، بەتایبەتی "چی" ناوەڕۆکی چیرۆکە هەواڵەکە پێکدێنێت، بەڵام ڕەگەزی "کێ" لەو چیرۆکە هەواڵانەدا، کە ڕووداوی سروشتین، بەتایبەتی لەو کاتانەدا، کەدیاردەکە، دەبێتە ڕەگەزی "چی" دەکرێت دەرنەکەوێت، وەك:

١٦- گێژەڵووکەیەکی گەورە تایوانی گرتەوە.

کوردستانی نوێ

٤شەممە: ٢٠٠١/٩/١٩

ژ: ٢٥٩٢

بە ژمارەکانی خشتەکەدا، دەردەکەوێت، لەکاتی کورتکردنەوەو لابردندا، هەواڵنووس، لەڕەگەزی "چۆن"ەوە دەستپێدەکات بۆ لەبەرچیو کات و شوێن، واتە ئەم چوارە لەوانەن لادەدرێن، "چی و کێ"ش لەوانەن لانادرێن و زۆرترین دەرکەوتنیان هەیە.

### ❋ ڕێڕەوی ڕیزبوونی ڕەگەزەکان :

ڕەگەزەکانی چیرۆکە هەواڵ لەکاتی دەرکەوتن و نواندنیان بەکەرەستەی زمانی، ڕێڕەوێك وەردەگرن، بەپێی ئامارەکان. لەئەنجامی شیکردنەوەی نموونەکانەوە، ڕۆژنامەی کوردی، بەگشتی بەڕەگەزی "کێ - کەس" دەستپێدەکات و بەدوایدا "چی" دێت و "لەبەرچی" کۆتایی دێت، با سەیری ئامارەکە بکەین.

**خشتەی ژمارە (٣)**

**کەرەستەی سەرەتا**

| کـــــێ "کەس" | چی | کـــەی "کات" | کــــوێ "شوێن" | چۆن | لەبەرچی | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٪٥٥ | ٪١٤ | ٪٢١ | ٪٥ | ٪٣ | ٪٢ | ١٠٠ |

ئەم ئامارە ئەوە دەردەخات، کەڕۆژنامەی کوردی، بەگشتی بەڕەگەزی "کێ - کەس" دەست پێدەکات. با لەم خشتەیەی خوارەوە وردبینەوە، بزانین کام ڕەگەز ڕێژەی زۆری دەرکەوتنی دوای ڕەگەزی کێی هەیە، واتە دوای "کێ" کام ڕەگەز زیاتر دەردەکەوێت، یان لەڕەگەزی "کێ"وە بۆ کام ڕەگەز دەڕوات.

**خشتەی ژمارە (٤)**

**ڕێڕەوی ڕەگەزەکان**

| کەس ←چی | کەس ←شوێن | کەس ←کات | کەس ←چۆن | کەس ← لەبەرچی | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣٠ | ١٢ | ٨ | ٣ | ٢ | ٥٥ |

دوای خستنەڕوی ئامارەکان، کە لەئەنجامی شیکردنەوەی نموونەکانەوە دەستمان کەوتوون، بەگشتی ڕێڕەوی ڕیزبوونی ڕەگەزەکان لەبۆتەی چیرۆکە هەواڵدا، بەم شێوەیە:

کێ ← چی ← لەکوێ ← کەی ← چۆن ← لەبەرچی

### ✵ ڕەگەزە پێکهێنەکانی ناونیشانی چیرۆکە هەواڵ:

ناونیشانی بەشێکی گرنگی چیرۆکە هەواڵ پێکدێنێت، ئەم بەشە "یەکەم پردی پەیوەندی لەگەڵ خوێنەردا دروستدەکات" ((ادیب: ٢٠٠٠: ٨٣)) چونکە گرنگترین لایەنی چیرۆکە هەواڵەکە، لێرەدا دەردەبڕرێت، هەواڵنووس گرنگی زۆری پێدەدات، تا لەم ڕێگەیەوە خوێنەر بۆ لای ڕۆژنامەکە کێش بکات، ڕەگەزەکانی چیرۆکە هەواڵ مەرج نییە، هەموویان لەناونیشاندا دەربکەون، پێکهاتی ناونیشان بەگشتی لەنێوان "یەك تا سێ" ڕەگەزدایە، واتە لەیەك کەمتر نییەو لەسێش زیاتر نییە، بڕوانە ئەم خشتەیە:

**خشتەی ژمارە ( ٥ )**

ناونیشان بەپێی ڕەگەزە پێکهێنەکانی

| سێ ڕەگەزی | دوو ڕەگەزی | یەك ڕەگەزی | سەرجەم |
|---|---|---|---|
| ٪٣٨ | ٪٥٦ | ٪٦ | ٪١٠٠ |

### ✵ ڕەگەزەکان بە پێی ڕێژەی دەرکەوتنیان لەناونیشاندا :

ڕەگەزەکانی چیرۆکە هەواڵ بەپێی گرنگییان بەڕێژەی جۆراوجۆر لەناونیشاندا دەردەکەون، ڕەگەزەکانی "چی ، کێ ، شوێن" لەپلەی یەکەمداو "کات و چۆن و لەبەرچی" لەپلەی دووەمدا دێن، بەگشتی هەردوو ڕەگەزی "چی و کەس" ناونیشانی چیرۆکە هەواڵی کوردی پێکدێنن، بەتایبەتی "چی" کەبابەتی چیرۆکە هەواڵەکە دیاری دەکات، ناکرێت لابرێت، بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر، بڕوانە خشتەی ژمارە "٦".

**خشتەی ژمارە ( ٦ )**

ڕێژەی دەرکەوتنی ڕەگەزەکان

| چی | کەس | شوێن | کات | چۆن | لەبەرچی | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٪١٠٠ | ٪٦٦ | ٪٥٠ | ٪٣ | ٪٤ | ٪٢ | ١٠٠ |

خشتەکە ئەوە دەردەخات، کە هەواڵنووس ناتوانێت ڕەگەزی "چی" لەناونیشاندا لاببات، بەپێچەوانەوە ڕەگەزەکانی "لەبەرچی ، چۆن ، کات" لەپلەی یەکەمی کرتاندان، هەردوو ڕەگەزی "کێ و کوێ "کەسو شوێن" بەپلەی کەمتر ئەگەری لابردنیان هەیە.

### ✵ پەیوەندی نێوان کەرەستەو جۆری ڕستەکە :

کۆمەڵێك ڕستەی زنجیرەیی بەشداری لەپێکهاتەی چیرۆکە هەواڵدا دەکەن، واتە کۆمەڵێك هاوپەیوەند پێکەوە.

لەزمانی کوردیشدا، لەسەر بنەمای ئەرك‌و واتا، دابەشکردنی جۆراوجۆر بۆ ڕستە کراوە:

١- ڕستەی هەوالگەیاندن

٢- ڕستەی پرسیاری
٣- ڕستەی فەرماندان
٤- ڕستەی سەرسوڕمان

لەبەر ئەوەی "جۆرەکانی تری ڕستە بەگشتی لەڕستەی هەواڵگەیاندن دادەتاشرێن، لەبەر ئەوە زیاتر بایەخی پێدراوەو زۆرتر لێی کۆڵدراوەتەوە، ڕستەی هەواڵگەیاندن هەموو ئەو ڕستانە دەگرێتەوە کەهەواڵ، یان زانیاری دەگەیەنن‌و باسی دیاردەکانی دەوروبەر دەکەن"((قەیس: ١٩٩٥: ١)) وەك:

١٧- ڕۆژانە هەزار هاوڵاتی ئێراقی دەگەڕێنەوە وڵاتەکەیان

خەبات

٢٠٠٧/١١/٢٣

ژ: ٢٦٨٤

ئەگەر سەیری ئەو ڕستەیەی سەرەوە بکەین، کەناونیشانی چیرۆکە هەواڵێك پێکدێنێت، بریتییە لەڕستەیەکی سادەی هەواڵ گەیاندن، کەڕەگەزەکانی "چۆن، کێ، چی" پێکیانهێناوە:

١- ڕەگەزی "چۆن": ڕۆژانە
٢- ڕەگەزی "کێ": هەزار هاوڵاتی ئێراقی
٣- ڕەگەزی "چی": دەگەڕێنەوە وڵاتەکەیان

لەم نموونەیەو نموونەکانی پێشتردا دەردەکەوێت کەڕستەی هەواڵگەیاندن بەگشتی لەداڕشتنی چیرۆکە هەواڵدا بەکاردێت. چونکە ئەم جۆرە ڕستەیە، وەك پێشتر پێناسەمان کرد، هەواڵ‌و زانیاری دەگەیەنن‌و باسی ڕوداوو دیاردەکانی دەوروپشت دەکەن، جۆرەکانی تری ڕستە وەك "پرسیار، فەرماندان، سەرسوڕمان" لەئاستی نەبوونداو بەرچاو ناکەون، پێویستە ئەو ڕاستییە بوترێت، ڕستەی هەواڵگەیاندنی ئەرێ بەگشتی بەکاردێت، لەڕووی ڕۆنانیشەوە، بەتایبەتی لەزمانی گەیاندنی ڕەگەزەکانی "چۆن و لەبەرچی"دا، ڕستەی ئاوێتە یان کەڵە ڕستە ئەرکێکی فراوان دەبینێت.

### ❋ پەیوەندی نێوان کەرستەو چۆنیەتی دەربڕینی:

ئاشکرایە ڕستە لەچەند بەشێك پێکدێت، بەگشتی وەك زاراوەیەکی سینتاکسی، گرێی کرداری‌و ناوی بەشداری ڕۆنانی دەکەن، وەك:

١٨- سەرۆك تاڵەبانیو نوری ئەلمالیکی لەسلێمانی کۆ دەبنەوە.

کوردستانی نوێ

٢٠٠٧/٣/١٦

ژ: ٤٢٢٠

١- سەرۆك تاڵەبانی و نوری ئەلمالیکی گرێی ناوی - بکەر ڕەگەزی کێ

٢- لەسلێمانی کۆ دەبنەوە گرێی کرداری ڕەگەزی چی

ڕستە وەك بەشێك لەپێکهاتەی چیرۆکە هەواڵ، کەرتە پێکهێنەکانی دەبنە هۆی دەربڕینی ڕەگەزەکان. "کەرەستەکان"ی چیرۆکە هەواڵ، واتە "وشە - گرێ - پاڕستە" هەریەکەیان، وەك فۆرمێکی زمانی بەڕێژەی جۆراوجۆر، دەبنە هۆی دەربڕینی کەرەستەکانی چیرۆکە هەواڵ. ئامارەکانی خوارەوە، ئەم ڕاستییەمان زیاتر بۆ ڕووندەکەنەوە، ئەوەشمان پێدەڵێن، کام ڕەگەز لەگەڵ کام کەرەستەدا زیاتر دەگونجێتو لەگەڵ هی تردا ناگونجێت. بەواتایەکی تر، پێمان دەڵێن کام کەرەستەی ڕستە، زیاتر دەبێتە زمانی دەربڕینی ڕەگەزەکانی چیرۆکە هەواڵ. با سەیری ئامارەکان بکەینو وەڵامی پرسیارەکان وەرگرینەوە..

## خشتەی ژمارە "٧"

زمانی دەربڕینی ڕەگەزی "کێ - کەس"

| گرێ | | | پاڕستە | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|
| ناوی | ئاوەڵناوی | ئاوەڵکرداری | | |
| ٪٩٠ | ٪٤ | ٪٣ | ٪٢ | ١٠٠ |

ئامارەکە ئەو ڕاستییەمان پێدەڵێت، کە بەگشتی زمانی دەربڕینی ڕەگەزی "کێ - کەس" بریتییە لەگرێی ناوی.

## خشتەی ژمارە "٨"

زمانی دەربڕینی ڕەگەزی "چی"

| گرێ | شاڕستە | پاڕستە | سەرجەم |
|---|---|---|---|
| ٪٧٣ | ٪٢ | ٪٢٥ | ١٠٠ |

نموونە شیکاراوەکانو نموونە چاپکراوەکانی پاشکۆی نامەکە، ئەوەمان پێدەڵێن، کە ڕەگەزی "چی" بەگشتی بەکەرەستەی زمانی گرێی کرداری دەردەبڕێت.

**خشتەی ژمارە "٩"**

زمانی دەربڕینی ڕەگەزی "کەی - کات"

| گرێ | پاڕستە |
|---|---|
| ٪٥١ | ٪٣ |

**خشتەی ژمارە "١٠"**

زمانی دەربڕینی ڕەگەزی "لەکوێ - شوێن"

| گرێ | پاڕستە |
|---|---|
| ٪٧٢ | ٪٤ |

**خشتەی ژمارە "١١"**

زمانی دەربڕینی ڕەگەزی "چۆن"

| گرێ | پاڕستە |
|---|---|
| ٪٢٧ | ٪٢٣ |

**خشتەی ژمارە "١٢"**

زمانی دەربڕینی ڕەگەزی "لەبەرچی"

| گرێ | پاڕستە |
|---|---|
| ٪١١ | ٪٤٠ |

ئامارەکان، کە ئەنجامی شیکاری نموونەکانن، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، کە:

١- ڕەگەزی کەس، بەگشتی بەگرێی ناوی دەگەیەنرێت.

٢- ڕەگەزی چی، بەهۆی گرێی کرداریەوە دەردەبڕێت.

٣- ڕەگەزەکانی "کەی و لەکوێ" "کات و شوێن" لەڕێگەی گرێی ئاوەڵکرداری "کات و شوێن"ەوە دەنوێنرێن.

٤- هەردوو ڕەگەزی "چۆن و لەبەرچی" زمانی دەربڕینیان بەگشتی پاڕستەیە.

# بەشی چوارەم

# دارِشتنی زانیارییانەی هەواڵ،
# یان بنەوبار لە هەواڵدا

# دارشتنی زانیارییانەی هەواڵ، یان بنەوبار لە هەواڵدا

## ☆ سەرەتا :

دارشـــتنی زانیارییانـــەی چـیرۆکە هـــەواڵ، مەبەســت لێـی چـۆنیەتی دابەشـبوونی زانیـاری کـۆنو نوێیـە لەهەواڵـدا، لـەم بەشـەدا زانیـاری کـۆنو نـوێو شێوەی دابەشبوونیانو ڕێگا سینتاکسییە جۆراوجۆرەکانی ئەنجامـدانی ئـەم کـارەو نموونە هێنانەوەو شیکردنەوەیان بەپێی دابەشـبوونی زانیـاری کـۆنو نـوێ، تـاوتوێ کراوە.

## ☆ ڕستەو پاش ڕستە لە ڕوانگەی ئەرکەوە:

ئەم بۆچوونە بۆ توێژینەوەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، لە بارەی دووانەی بـاس و خـواس لای ئەلقـەی زمانـەوانی پـراگ واتـە "شیکردنەوەی رستە و گوتە لەڕووی ڕێکخستنی زانیـاری (ڕوانگـەی ئـەرکی ڕسـتە) بـۆ یەکـەم جـار لەسـەرەتای سـەدەی بیـستەمدا بـە دەستپێـشخەری زمانـەوانانی قوتابخانەی پراگ بووە" ((Trask: 1999:70))، بە تایبـەتی (ڤیلـێم ماسـیەس) کـە ڕاکانی خۆی بە شێوەی دوالیزم و پەیوەست بە دوو بەشی ڕستە (بـاس و خـواس) و چۆنیەتی ڕێکخستنیان بە پێی ئەو ئەرکەی ڕستە دەیبینێت، دەخستە ڕوو.

ئـــەم جووتـــە زاراوەیـــە لـــە پەســـنکردنی دارشـــتنی زانیـــاری ڕســـتەدا بـەکاردەهێنرێت. بـاس و خـواس ڕێـك نیهـاد و گـوزارە ناگرێتـەوە، هەرچـەندە لێکچوونێك لە نێوانیاندا هەیە. نیهاد و گوزارە زیاتر ئاماژە بە پێکهاتـەی ڕێزمـانی ڕستە دەکەن، نەك دارشتنی زانیاری ڕستە، وەك:

١- دیاکۆ خوێندکارە

↓ ↓

نیهاد گوزارە

وەك لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، بە پێی داڕشتنی زانیاری، ڕستە بۆ باس و خواس دابەش دەبێت، بەم شێوەیە:

١. باس: ئەو بەشەی ڕستەیە کە باسی لێدەکرێ و ئاسایی زانیاری کۆن دەردەبڕێت، ئەوەی باسی لێدەکرێت، ڕەنگە کەسێك، شتێك، یان بیرۆکەیەك بێت.

٢. خواس: ئەو شتە دەگرێتەوە کە لە بارەی باسەوە دەگوترێ، یان دەدرێتە پاڵی و ئاسایی زانیاری نوێ دەدات بە دەستەوە ((محەمەد: ١٩٩٢: ٤٤))

با سەرەنج لەم ڕستەیە بدەین و بە پێی گەیاندنی زانیاری، هەردوو بەشی باس و خواس جیا بکەینەوە:

٢- سەرۆکی وەقفی سوننە داوای ڕابوون لە دژی تیرۆریستا دەکات

↓ باس (زانیاری کۆن) ↓ خواس (زانیاری نوێ)

خەبات

٢٠٠٧/١١/٢٤

ژ: ٢٦٨٥

وەك لە دابەشکردنەکەدا دیارە، گرێی ناوی (سەرۆکی وەقفی سوننە) باس و زانیاری کۆن دەگەیێنێت، بە پێچەوانەوە گرێی کرداری (داوای ڕابوون لە دژی تیرۆریستا دەکات) خواس و زانیاری نوێی دەربڕیووە، بەم پێیە ڕوانگەی ئەرکی بۆ ڕستە، بریتییە لە ڕۆنانی ڕستە بە پێی ئەو زانیارییەی دەیدات.

پشت بەستن بەو ڕاستییە، دەتوانرێت شێوەی داڕشتن و ڕۆنانی پاش ڕستەش، مەبەستمان لە یەکەی گەورەتر لە ڕستەیە (دەق، گوتار) بخرێتە ڕوو. واتا چۆنیەتی دابەشکردن و ڕێکخستنی زانیاری کۆن و نوێ، دەبێت ئەوەش بڵێین لە چوار چێوەی ڕێزمانی (هالیدای) دا جیاوازی باس و خواس، یان کۆن و نوێ، تەنیا جیاوازی زاراوەیە. ئەوەندە هەیە باس و خواس بۆ ڕستە و زانیاری کۆن و نوێش لە گوتاردا بەکاردێن ((Jwad: 2007:25 )). لە ڕاستیشدا زۆربەی توێژەرانی بواری شیکارکردنی گوتار کۆکن لە بارەی ئەوەی، کە گرنگترین پێوەر بۆ دابەشکردنی ڕستە، یا گوتە جیاوازی هەبوونی زانیاری بەخشینە، بۆیە زانیاری گەیاندن دوو لایەنی هەیە:

**ا / ڕسته ب / گوتار ( پاش ڕسته )**

یەکەی زانیارییەکانی ڕسته دوو بەشن (باس و خواس) ( Theme & Rheme ) یـان بـاس و تەواوکـەر(Topic & Comment)، هەرچـی لایـەنی گوتاریـشە زاراوەکانی کۆن و نوێ (Given & New)، یان ناوەند و گریمانـە کـراو ( Focus & Presupposition ) بۆ زانیاری گەیاندن بەکاردێت.

پێویسته بگوترێت، که جیاوازیی زاراوەکان، پێوەندی بـه کەسـەکانەوه هەیـه، هەروەك چـۆن لـه زمـانی کوردیـشدا بـەپێی زمانەوانـەکان، زاراوەکـانی کـار، کـردار، فرمان بەرامبەر (Verb)ی ئینگلیزی بەکاردێت.

### ☆ داڕشتنی زانیارییانه چییه؟

هالیدای له وتاری سالّی ۱۹٦۷ دا، بـه ناونیـشانی (هەنـدێك سـەرەنج لـه بـارەی تێپـەڕیو، بـاس لـه ئینگلیزیـدا)، باسـی ڕێکخـستنی زانیـاری لـه زمـانی ئاخـاوتن‌و نووسیندا دەکات. (( Halliday:1967 : 199 )) واتا قسەکەر – نوسـەر چـۆن و بـه چ شـێوازێك زانیارییـەکانی دابەشـدەکات، تـا بەشـێوەیەکی گونجـاو پەیامەکـەی بگەیەنێت. وەك لێکۆڵەرەوانی ئەلقەی زمانەوانیی پراگ باسیانکردووه و هالیدایش ڕێچکەی ئەوانی گرتووه، له (گوتاری زارەکی، یان زمانی ئاخاوتن) به هـۆی فۆنێمـه ناکەرتییەکانەوه زانیاری کۆن و نوێ جیادەکرێتەوه. ئەوان لەو بڕوایـەدابوون، بـەم ڕێگەیـه دەتـوانن سـنوری زانیـاریی کـۆن و نـوێ دیاریبکـەن (( Brown &Yule: 1983: 154 )) وای بۆ دەچوون هەر یەکەیەکی زانیاری، لەگەڵ فۆنێمێکی ناکـەرتی بەرامبەرە، ئەمه جگـه لـه بـەکارهێنانی ئەنـدامانی جەسـته، بـه تایبـەتی دەسـت و چـاو، کـه مـرۆڤ لـەکاتی قـسەکردندا بـەکاری دەهێنێـت. پێکهاتـەی گوتـار بـەپێی زانیاری گەیاندن بەمشێوەیه دابەشدەکرێت:

١. باس
٢. ناوەند
٣. کلك

بەڵام ئێمه کارەکەمان تایبەته به گوتاری نوسراو، بۆ نموونه چیرۆکه هـەواڵ، کەواته بـۆ ئێمـه چـۆنیەتی دابەشـکردن و ڕێکخـستنی زانیـاری لـه ڕۆنـانی چیرۆکه هەواڵدا جێی بایەخه، سەرەتا پێویسته بڵێین مەبەست له داڕشـتنی زانیارییانـه لـه ڕوانگەی ( یول و براون)ەوه، بریتییه له گرنگی دان بـه بـچوکترین یەکـەی زانیـاری بەخشین، که پارستەیه (clause ) وەك :

٣- سەرچاوەیەك لە ئاسایشەوە، بە ئاوێنـەی ڕاگەیانـد، كـە بەرپرسـی ئەم هێزەی ئەنسار، ناوی سوارە ئەحمەدە و خەڵكی گوندی دۆڵپەموە .....

ئاوێنە

٢٧ / ٣ / ٢٠٠٧

ژ: ١٦٢

ئەم بەشەی چیرۆكە هەواڵەكە كەڵە ڕستەیە و لە سێ پارستە پێك دێت:

ا / سەرچاوەیەك لە ئاسایشەوە، ← باس      بە ئاوێنەی ڕاگەیاند. ← خواس

ب / كە بەرپرسی ئەم هێزەی ئەنسار، ← باس      ناوی سوارە ئەحمەدە و* ← خواس

پ / (سوارە ئەحمەد) ← باس      خەڵكی گوندی دۆڵپەموە. ← خواس

بە پێی پێناسـەكە، هـەر یـەكێك لـەم پاڕسـتانە بـچووكترین یەكـەی زانیـاریی بەخـشی گوتارەكـە پێـك دێـنن، یەكـەمیان سەرچـاوەی زانیارییەكـە و دووەم نـاوی كەسەكە و سێیەمیان شوێنی جوگرافی دانیشتنی كەسەكە دەگەیەنن. بەم پێیـە لـە داڕشـتنی زانیارییانـەدا، ئـەو یەكـە زمانییانـەی هـەڵگری زانیـاری نـوێن، دەبنـە داینەمۆی بەرەو پێشچونی گوتار**. لـەم بارەیـەوە هەنـدێك ڕایـان وایـە گوتـار وەك

---

* ( و ) ی پەیوەست ئامرازێكی گرنگە و لە بەیەكەوە بەستنی كەرەستەی زمانی وشە، گرێ، پارستە و رستەدا ئەركی چالاك و دیارە، بڕوانە ئیبراهیم: ١٩٨٨: ٥٢.

** لەم حاڵەتەدا پێویستە زانیاریی ورد لە بەر دەستی هەواڵ نووس، یا ڕۆژنامەوان دا بێت، تا بتوانێت بە خوێنەری بگەیەنێت، بە بێ سەرچاوەی زانیاریش كارێكی لەم چەشنەش ئەستەمە، هەر بۆیە (میرابۆ) كە یەكێك بووە لە قارەمانەكانی شۆڕشی فەرەنسا دەڵێت: ( ئازادی ڕۆژنامەوانی دەرمانی گشت دەردانە، كۆت و بەندكردنیشی بە تەنیا كۆسپ لەبەردەم پیاوە شەریفەكاندا دروستدەكات ) بڕوانە محەمەد فەریق: ٢٠٠٧: ٩٠ ، هەورامان: ٢٠٠٦: ٢٧٣.

چیرۆك وایە، نوسەر، یا قسەکەر دەتوانێت بە پێی ویستو ئارەزووی خۆی زانیارییەکانی تێدا ڕیز بکات ((BÖjars: 2001: 248)).

قسەکەر، نوسەر، پەیامەکەی خۆی بۆ چەند یەکەیەکی زانیاری گەیەن دابەشدەکات، هالێدای دارشتنی زانیاری بە دوو خاڵ پێناسە دەکات:

١. چەمکی گشتی یەکە زانیارییەکان.

٢. بەرامبەری ئەم یەکە زانیاریبەخشانە، لەگەڵ فۆنێمی ناکەرتی(( Halliday:1967: 202 ))

واتە هەر یەکەیەکی زانیاریی بەخش لە بەرامبەریدا فۆنیمێکی ناکەرتی هەیە، کە بەهۆیەوە لە یەکەیەکی زانیاریی تر جیادەکرێتەوە. کەواتە چەند یەکەی زانیاری گەیێن هەبێت ئەوەندە فۆنێمی ناکەرتی دەبێت. بەمشێوەیە هەریەکەیەکی زانیاری بۆ جیاکردنەوەی لەوی تر هێز و ئاوازی تایبەتی خۆی دەبێت، بەمجۆرە فۆنێمی ناکەرتی سنوری یەکە زانیاریی بەخشەکان جیادەکاتەوە، جیاوازی نێوان ئەم دووانەش بەم شێوەیە نیشاندەدات:

ا / ڕیزبوونی کەرەستەکان، مەبەست لە چۆنیەتی ڕیزکردنی یەکەی زانیاریی بەخشە.

ب / ئاواز، واتا ئەرکی لە دیاریکردنی یەکەی زانیاری بەخشدا.

## ☆ چۆنیەتی دابەشکردنی زانیاری:

مەبەست لە دەربڕینی زانیاری کۆن و نوێیە، چونکە پێکهاتەی گوتار بۆ چەند یەکەیەکی زانیاری بەخش دابەش دەبێت، ((پێناسەی زانیاری کۆن و نوێ))

سێ ڕێگا بۆ دەربڕینی زانیاری، بە پێی ڕیزبوونی کەرەستەکان دەست نیشانکراوە: ((BÖjars: 2001: 249))

١/ باری ئاسایی: واتە زانیاریی کۆن پێش زانیاری نوێ دەکەوێت، ئەم شێوەیە ڕێگایەکە بۆ پۆلێنکردنی ڕەگەزەکانی ڕستە، بەپێی ناوەڕۆکی زانیارییانەی ڕستەکە، هیچ ڕستە و گوتەیەك بە دابڕاوی بەرهەمنایەت، بەڵکو لە دەورو بەرێکی دیاریکراودا بەرهەمدەهێنرێت، کە "پشت بەستووە بەو شتەی پێشتر باسکراوە، یان وتراوە، واتە هەندێك بەشی ئەو گوتەیە بۆ ئەوەیە، بە دەور و بەرەکەیەوە بیبەستێتەوە، بەشێکی تری بۆ زیادکردنی جۆرێك لە زانیاریی نوێیە" (( ٧٠ : ١٩٩٩ Trask: )) مەبەست لەمەش دەرخستنی زانیاریی کۆنو نوێیە، کە زۆر پێناسەیان لەبارەوە کراوە، وەك:

١. **زانیــاریی کــۆن:** باسـی ڕسـتەکە دەنوێنێـت، واتـە ڕسـتەکە لـەبارەی چـییەوەیە، هەرچی زانیاریی نوێیە خواس دەگەیـەنێت، ئـەو زانیارییـەی، کـە گفتـو گـۆ بـەرەو پێشەوە دەبات. ((Jennifer: www.ling.su.se21 ))

٢. **زانیاریی نوێ:** ئەو بەشەی گوتەیە کە خواس دەنوێنێتو نەزانراوەو جۆرێـك لـە زانیاریی نـوێ بـەوەرگر دەگەیـەنێت. ((Trask: 1999: 70 ))بەمـشێوەیە زانیـاریی نـوێ، زۆرتـرین بەشـداری، لەبـەرەو پێـشبردنی ئاخـاوتن، یـان دەقـدا دەکـات، بـەڵام زانیــاریی کــۆن کــەمترین بەشــداری هەیــە، واتــە "زانیــاریی نــوێ بــەرزترین هەڵسوڕێنەری پەیوەندیکردنی تێدایە، بـەڵام زانیـاریی کـۆن نـزمترین پلـەی هەیـە. (( Jennifer: www.ling.su.se21))

وەك:

٤- ڕژێمی ڕوخاو زیاتر لە ١٠ هەزار هاووڵاتی لە خانەقین و دەوروبەری دەرکردووە.

زانیاری کۆن ↓ ↓ زانیاری نوێ

زۆربەی گوتار شیکاران، لەوانە کۆك (Cook) لەو بڕوایەدان بەگشتی و بـە نزیکـی، گوتاری نموونەیی، بەم شێوەیە بەرەو پێشەوە دەچێت (( Cook: 1989: 64 ))

زانیاری کۆن ←———— زانیاری نوێ ......

زانیاریی نـوێ لـە گوتـاردا، وەك بزوێنـەرێك کاردەکـات، چـونکە بەشـێوەیەکی ئاسۆیی ڕەوتی گوتار بەرەو پێشەوە دەبات، بە گـشتی لـەم شـێوازەدا، (زانیـاری کـۆن ← زانیاری نوێ....) نوسەر، قسەکەر دەیەوێت شـتە گرنگـەکان بـۆ کۆتـایی بهێڵێتـەوە، لێـرەدا ڕیزبـوونی کەرەسـتەکانی ڕسـتەش بـە بـاری ئاسـایی خۆیـان ڕیـز دەبـن، لـە ڕاستیشدا دەتوانرێت زانیارییەکان بەم شێوەیەش بگەیەنرێت، وەك:

زانیاری کۆن (باس) ←—— زانیاری نوێ (خواس)←—— زانیاری نوێ (خواس).....

واتا زانیاریی کۆن یەك جار و بە دوایدا چەند جارێك زانیاریی نوێ (خواس) دەربکەوێت، ئەم شێوازە لە گوتاردا دیاردەیەکی بڵاوە، بۆ نموونە:

٥- خـەدیجە مـەنسوری خـەڵکی تەنگەوەری ورمێیە و هەڵگری بڕوانامـەی ماسـتەرە لـە یاسادا و لە وەزارەتی دادی ئێرانی کاری کردووە.

کوردستانی نوێ

٢٠٠٦/١٢/٢٥

ژ: ٤١٥٥

١. خەدیجە مەنسوری زانیاری کۆن (باس)
٢. هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە یاسادا و زانیاری نوێ (خواس)
٣. لە وەزارەتی دادی ئێرانی کاری کردووە زانیاری نوێ (خواس)

پێویستە ئەوەش بگوترێت، ئەو زانیارییە نوێیانەی دەکەونە دواوە، بۆ نموونە ژمارە ٣ لەو بەشەی چیرۆکە هەواڵەکەدا، بە زانیاری هەنوکەیی، یان نوێترین زانیاری دادەنرێن، واتە لە زنجیرەی بەرەو پێشچونی گوتاردا، ئەو یەکە زمانییەی بەرزترین ژمارە وەردەگرێت، ئەوە تازەترین زانیاری دەگەیەنێت، بە پێچەوانەوە ئەو کەرەستە زمانییەی ژمارەی بچووک وەربگرێت، ئەوا زانیاری زانراو دەگەیەنێت، وەك ژمارە ١ لە سەرەوە (( Brown & Yule: 1983:174 ))

٢/ **بەهۆی ناوەند** ( Focus ):

ناوەند لە چوارچێوەی ڕێزمانی ئەرکیدا، پێناسەی جۆرا و جۆری لەبارەوە کراوە، لەوانە: "دەستنیشانکردنی ڕەگەزێك، یان زیاتری ڕستەیەك، یان گوتەیەك، وەکو گرنگترین و نوێترین زانیاریی ئەو ڕستە و گوتەیە" ((Trask: 1999: 63 ))

یان بریتییە لە دەرخستنی ئەو پێکهاتەی ناو ڕستە، کە هەڵگری گرنگترین و بایەخدارترین زانیارییە ((حنان: ٢٠٠٦: ٧٥)). وەك :

٦- ڕۆژی هەینی ڕابردوو پۆلیسی ئەڵمانیا مەئمور دەرگزلیان دەستگیرکرد....

ئاڵای ئازادی

١٨ /٢٠٠٤/١٠

ژ: ٥٨٦

بە پێی ڕیزبوونی کەرەستە لە زمانی کوردیدا، کە بە بکەر دەست پێدەکات و بە کردار کۆتایی دێت، لێرەدا گرێی ئاوەڵکرداری (ڕۆژی هەینی ڕابردوو) دەبێت بە ناوەند، چونکە بە ڕیزبوونە ئاساییەکەی زمانی کوردیدا نەڕۆشتوە و ئاوەڵکردارەکە هاتۆتە سەرەتاوە، دیارە بە لای قسەکەرەوە، ئەمە گرنگترین زانیاری ناو چیرۆکە هەواڵەکەیە، چونکە قسەکەر لە دیدی خۆیەوە بڕیاری گرنگی و نا گرنگی زانیارییەکان دەدات.

زاراوەی ناوەند Focus لەلایەن هەندێك لە زمانەوانەکانەوە لە دوو بەشی شیکردنەوەی ڕستەدا بەکاردێت، ئەوەی کە دوو جۆر زانیاریی گریمانەکراو لەلایەن قسەکەرەوە جیا دەکاتەوە، ئەو زانیارییانەی دەبنە ناوەند لە پەیوەندیکردنەکەدا، وەکو بیرۆکەی پێچەوانەی گریمانەی پێشینە دەوەستێت. واتە ناوەند بەهۆی هێز و

ئاواز و ڕێگاکانی بەناوەندکردنەوە دەزانرێت و زانیارییەکە دەگەیەنرێت، بەڵام گریمانەی پێشینە، یان زانیاریی پێشینە، زانیارییەکی زانراوە و بەهۆی فۆرمی ڕستەکەوە، دووبارە هەڵدەهێنجرێتەوە، وەك:

٧- پێم باشبوو بۆ بازار نەچوویت.

لێرەدا بەهۆی پاڕستەی (نەچوویت)ەوە، دەزانرێت پێشتر (باسی بۆ بازار نەچوون کراوە). واتە بەرامبەرکردن لە نێوان ئەو زانیاریيانەی کەوا دراونو هەن، لە نێوان زانیارییە تازەکانی ناو ڕستەکەدا، دەبێتە پێوەری جیاکردنەوەی بیرۆکەی ناوەند و زانیاری پێشینە لە یەکتری، بۆ نموونە لە ڕستەیەکی وەك: ٨- ئەوە ئارام بوو، کە دیارییەکەی وەرگرت.

ئارام لێرەدا ناوەندی ڕستەکەیە، کە دەبێت بۆ نیشانەکردنی ئاوازە، ترپەی تایبەتی پێبدرێت. لێرەدا بەهەند هەڵگرتنی هەندێك فاکتەر بۆ پەیوەندییە ناوەکییەکانی ڕستەکان گرنگە، بۆ نموونە ئەو ڕستەیەی سەرەوە، ناکرێت وەڵامی ڕستەیەکی پرسیاری لەم چەشنە بێت:

ئارام چی وەرگرت؟

بەڵکو دەبێت وەڵامی ئەم ڕستە پرسیارییە بێت (کێ دیارییەکەی وەرگرت؟) کەواتە لە ڕستەی پرسیاریدا، ناوەند (زانیاریی نوێ) دەکەوێتە بەشی وەڵامی پرسیارەکەوە، کە نەزانراوە. دوای خستنە ڕووی ئەو زانیارییانە لە بارەی ناوەندەوە، پێویستە بڵێین لە چوار چێوەی ڕێزمانیی ئەرکیدا، بەم شێوەیە پێناسەی ناوەند کراوە: دەتوانرێت لە ڕووی واتاوە، دوو جۆرە ناوەند جیابکرێتەوە:

### ١. ناوەندی تەواو:

بریتییە لەو پێکهاتە زانیارییەی، کە لای گوێگر نەزانراوە و پەیوەندی لە نێوان قسەکەر و وەرگردا دروست ناکات.

ئەمەش پێوەندی بەوەوە هەیە ، کە زانیارییەکان نوێن و گوێگر، یان وەرگر، هیچیان لەبارەوە نازانێت، تا پێوەندی لەگەڵ پەیامنێردا پەیدا بکات، بۆ نموونە:

٩- بە پێی سەرژمێرییەکی کۆمسیۆنی باڵای کار و باری پەنابەران، عێراقیەکان لە پلەی یەکەمی ئەو کەسانەدان، کە ساڵی ٢٠٠٦ داوای مافی پەنابەری سیاسیان لە وڵاتانی پیشەسازی کردووە....

کوردستانی نوێ

٢٥ / ٣ / ٢٠٠٧

ژ: ٤٢٢٤

زانیاری نوێی ناو ئەم چیرۆکە هەواڵە، کە باس لە ژمارەی پەنابەران دەکات، وردو نوێن، بۆیە گوێگر وەکو ڕاستییە وەریان دەگرێت، چونکە ئەم هەواڵە باسی کوردستان ناکات، واتە دووری خوێنەر لە شوێنی ڕووداوەکەوە، لەگەڵ نالەباری باروو دۆخی عیراق و زۆری ژمارەی کۆچکەران بۆ ئەوروپا، هۆکاری سەلماندنی زانیارییەکانن.

### ٢. ناوەندی ناتەواو:

ئەم جۆرەیان پێویستی بە پاساو دانە، واتە لە گومان دایە و ئەگەری ڕەتدانەوە و بە ڕاست وەرنەگرتنی لەلایەن وەرگرەوە لە ئارادایە، بە گشتی ئەم چەشنە پێویستی بە جەخت کردن و پاساو هێنانەوەیە. دەگونجێت ئەمەش پێوەندی بە دەوروبەری نازمانی زانیاریی وردی خوێنەر یان وەرگرەوە هەبێت، یان سەرچاوەی گەیاندنی زانیارییەکە، گوماناوی بێت، وەك:

١٠- د. فوئاد حوسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کەوردستان، هەوڵێکی هەڵبەستراوی میدیا عەرەبییەکانی بەدرۆ خستەوە، کە گوایە سەرۆك بارزانی لە هەوڵێکی تیرۆریستیدا بریندار بوبێت....

خەبات

٢٤ /١١ / ٢٠٠٧

ژ: ٢٦٨٥

ئەم زانیارییە پێویستی بە سەلماندن و پاساو دانە، بۆیە بە ناوەندی ناتەواو دادەنرێت.

دەتوانرێت ناوەند لە فۆرمی گرێ، یان ڕستەدا دەربرِدرێت، وەك:

١١- داواکردنی وەزارەتێك لەلایەن لیستی یەکگرتووی ئیسلامیەوە

ناوەند بەهۆی گرێوە

هاولاتی

٢٨ / ٣ / ٢٠٠٧

ژ: ٣١٩

هەمان ئەم زانیارییە دەتوانرێت، بەهۆی ڕستەوە بگەیەنرێت، بەمشێوەیە:

١٢- داوامان کردووە، ئەگەر گۆڕانکاری کرا، وەزارەتێکی خزمەتگوزاری بدرێتە لیستی یەکگرتوو.....

هاوڵاتی

٢٨ / ٣ / ٢٠٠٧

ژ: ٣١٩

ناوەند بە چەند ڕێگایەك، یا شێوازێك دەردەبڕدرێت، کە ئەمانەن:

**١. بەهۆی فۆنێمە ناکەرتیەکانەوە (هێز و ئاواز):**

ڕستە بە پێی ڕێزمانی ئەرکی، بریتییە لە باس و خواس، یا زانیاری کۆن و نوێ، فۆنێمی ناکەرتی دەتوانێت ئەم دوو بەشە لە یەکتری جیابکاتەوە، ئەم دیاردەیە زیاتر لە گوتاری زارەکیدا دەبێت، وەك:

١٣- خانەخوێ: ڕەنگە میوانەکەمان چا بخواتەوە؟

میوان: من چا ناخۆمەوە، سوپاس.

خانەخوێ: هەر هیچ چا ناخۆیتەوە؟

میوان: هەر چا ناخۆمەوە.

لێرەدا هێز دەخاتە سەر مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی (نا) و بەم هۆیەوە ئەو زانیارییە دەدات، کە چا ناخواتەوە، بڕوانە ((ڕەحمان: ١٩٩٨: ١٢٩ - ١٣٠)).

**٢. گۆڕینی شوێنی کەرەستەکانی ڕستە:**

هەموو زمانێك جۆرە ڕیزبوونێکی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ نموونە زمانی کوردی، کەرەستەکانی بەمشێوەیە ڕیز دەبن: ( بکەر + بەرکار + کردار*)

وەك:

| | | |
|---|---|---|
| ١٤- کاردۆ محەمەد | هەواڵەکەی | پشت ڕاستکردەوە. |
| ↓ | ↓ | ↓ |
| بکەر | بەرکار | کردار |

ئاوێنە

٣١ / ١٠ / ٢٠٠٦

ژ: ٤٢

---

* بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ڕیزبوونی کەرەستە، لە زمانی کوردیدا، بڕوانە: ئاواز حەمە صدیق بەگی خان: ١٩٩١: ٥٣.

هەر کاتێك ئەم ڕیزبوونە ئاساییە تێکدرا و کەرەستەیەکی تر، جگە لە بکەر، هێنرایە سەرەتای ڕستەوە، ئەوا ئەو پێکهاتەیە دەبێتە ناوەند و زانیاریی نوێ دەبەخشێت، وەك:

١٥- دوێنێ لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسییەکانی کوردستاندا، سەرۆکی هەرێم پێی ڕاگەیاندین.....

کوردستانی نوێ

١٨ / ٤ / ٢٠٠٧

ژ: ٤٣٤٥

لە ڕاستیدا، دەبێت کەرەستەکانی ئەو ڕستەیە، بەم شێوەیە ڕیز بن:

سەرۆکی هەرێم دوێنی لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسییەکانی کوردستاندا، پێی ڕاگەیاندین.

بەڵام لێرەدا هەواڵنووس دەیەوێت گرنگی بەکات بدات و دەریبخات، بۆیە ئاوەڵکرداری دوێنێی هێناوەتە سەرەتای ڕستەکەوە.

٣. **دەرهاویشتن ( هەڵاوێرد کردن ):**

واتا سنور دارکردن و جیاکردنەوەی زانیاری لە هی تر، وەك :

١٦- دانیشتوانی شاری ورمێ لە هەردوو نەتەوەی کورد و ئازەر پێکهاتوون

باس ← دانیشتوانی شاری ورمێ

خواس ← لە هەردوو نەتەوەی کورد و ئازەر پێکهاتوون

کوردستانی نوێ

٢٠٠٦/١٢/٢٥

ژ: ٤١٥٥

لێرەدا بەهۆی گرێی ئەدڤێربڵی (لە هەردوو نەتەوەکانی کورد و ئازەر)ی لە کۆی نەتەوەکانی تری دانیشتوی ئێران هەڵاویرد کردووە، لەم ڕێگەیەوە ئەو زانیارییە بە خوێنەر دەدات، کە دانیشتوانی شاری ورمێ، لەم دوو نەتەوەیە پێکهاتوون و نەتەوەکانی تری وەك فارس و عەرەب و تورك و .... تاد، لە پێکهاتەی ئەو شارەدا بەشدار نین.

با لەم دەقەش وورد بینەوە، کە نمونەی ناوەندە، بەهۆی هەڵاوێرکردنەوە:

١٧- زیاتر لە ٣٠ خۆپیشاندەری عیراق توانیان دەست بەسەر باڵیۆزخانەی عیڕاق لە لاهای دا بگرن، بەمەبەستی ناڕەزایی دەربڕین دژ بە سیاسەتی ڕژێمی سەدام حسێن، بە تایبەتی سیاسەتی ئەو ڕژێمە دژ بە خەڵکی کوردستان ..

ڕێگای کوردستان

٩ /٧/ ١٩٩٦

ژ: ٢١٢

لەم زانیارییە نوێیەشدا، بەهۆی وشەی بەتایبەتییەوە سیاسەتی ڕژێمی بەعسی بەرامبەر بە گەلی کورد، لە چاو گەلانی تری عێراقدا، جیاکردۆتەوە و دەرخستوە.

**٤. گەورەکردن:**

واتە بەکارهێنانی جێناوی کەسیی کۆ لە بری تاك، یان وشەی "بەڕێز، جەناب .... تاد" لێرەدا پێویستە بگوترێت، ئەم خاڵە بە گشتی، لەگەڵ بنەمای هێز و هاوکارییو ڕەنگدانەوەی لە نوسین و ئاخاوتندا یەکدەگرێتەوە، وەك:

١٨- ئەم هەواڵە (ناوەند ١) سەرتاپای هەڵبەستراوە و هیچ ڕاستیەکی بۆ نییە، چونکە جەنابی سەرۆك بارزانی (ناوەند ٢)بە سەفەرێکی تایبەت لە دەرەوەی وڵاتە و ئەم سەفەرەش هیچ پێوەندی بە تەندروستی بەرێزیانەوە نییە....

خەبات

٢٤ / ١١ / ٢٠٠٧

ژ: ٢٦٨٥

لەم دەقەدا، بەهۆی بەکارهێنانی وشەی (جەناب) لە گرێی ناوی (جەنابی سەرۆك بارزانی)، لەگەڵ بەکارهێنانی جێناوی کەسیی سێیەمی کۆ (یان)، لەبری جێناوی کەسیی سێیەمی تاك (ی) هەواڵ نوس، سەرۆکی هەرێم وەك خەڵکێکی ئاسایی نابینێت و لە خەڵکی تری جیا دەکاتەوە، چونکە لە باری ڕاستیدا، جگە لە بەکارهێنانی وشەی جەناب، دەبوو لە بری (بەڕێزیان) (بەڕێزی)ی بەکار بهێنایە.

**٥. بەهۆی ناسیاو کردنەوە:**

واتە بەکارهێنانی مۆرفیمەکانی ناسیاری، یان بەڕێگەی دیارخەری، بەمشێوەیە:

**ا. بەکارهێنانی مۆرفیمەکانی ناسیاری، وەك :**

١٩- سەرچاوە حکومیە عێراقیەکان دوێنێ ڕایانگەیاند: کەوا سبەی دوو شەممە ٢٠٠٧/٣/١٩ تەها یاسین رەمەزانی جێگری سەرۆکی لە سێدارەدراوی عیراق سەدام

حسێن لەسێدارە دەدرێت، بەڵام سەرچاوەکان هیچ ووردەکارییەکیان ڕانەگەیاندووە تەنها ئەوەندە نەبێت کە سەر لە بەیانی ڕۆژی دوو شەممە (سبەینێ) حوکمی لە سێدارەدانەکەی جێبەجێدەکرێت

خەبات

١٨ / ٣ / ٢٠٠٧

ژ: ٢٤٤١

**ب. بەکارهێنانی دیارخەر، لە ڕستەی کەرت بوو دا، وەك:**

٢٠- ئەو کەسەی، کە شەوی ٢١ / ٧ لە گەڕەکی سەرشەقامی شاری سلێمانی (فەهیمە حەمەئەمین) و کچەکەی بە قەمە کوشت و منداڵێکیشی خنکاند، لەلایەن پۆلیسی بەختیارییەوە دۆزرایەوە....

هاوڵاتی

٢٤ / ٩ / ٢٠٠٣

ژ: ١٤٢

**٦. بەهۆی بە کارهێنانی بکەر نادیارەوە:**

دەتوانین بڵێین لە ئێستای ڕۆژنامە کوردییەکاندا، بە فراوانی دەبینرێت و زۆر جار بەبێ مەبەستێکی ڕوون دەکرێت بە بکەر نادیار، بۆ نموونە دەگوترێت:

٢١- دەستگیر کردنی گەورە تیرۆریستێکی قاعیدە.

پەلاماردانی کونسوڵخانەی ئێران لە هەولێر، کاریگەری بەسەر قەیرانی سوتەمەنییەوە دەبێت....

چاودێر

١٥ / ١ / ٢٠٠٧

ژ: ١١٠

**٣/ بەهۆی کرتاندنەوە:**

لەبەر ئەوەی زانیاریی کۆن گرنگنییە، بۆیە زۆر جار دەکرتێندرێت، ئەمەش بۆ ئەوەی زانیاریی نوێ باشتر دەربکەوێت، وەك:

٢٢- شارا چوو بۆ کوێ؟

(شارا چوو) بۆ زانکۆ.

دەتوانرێت بگوترێت (بۆ زانکۆ)، چونکە (شارا چوو) لە ڕستە پرسیارییەکەدا، وەکو زانیارییەك هاتووە، بۆیە لە وەڵامدا بە زانیاریی کۆن دادەنرێت و لەم ڕوانگەوە دەکرتێندرێت.

٢٣- بەڵام وادیارە، بەهۆی سەرقاڵی هەردوو لاوە، بۆ کاتێکی نادیار دواخرا ....

↓

(سەرۆکی هەریم و وەزیری دەرەوەی فەرەنسا)

کوردستانی نوێ

٦ / ٧ / ٢٠٠٧

ژ: ٤٣١٣

هەواڵنووس لەم بەشەی چیرۆکە هەواڵەکەدا، لە بری بەکارهێنانەوەی (مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بیرنارد کۆشنەر وەزیری دەرەوەی فەرەنسا)، دەستەواژەی هەردوولای بەکارهێناوە. لەکۆتایدا ئاماژە بەوە دەکەین، کە بەناوەندکردن بەهۆی فۆنێمی ناکەرتییەوە هەمیشە لە زمانی ئاخاوتندا دەبێت، بەپێچەوانەوە ڕێگاکانی تر، کە لەسەرەوە خستماننە ڕوو، ڕێگای سینتاکسین و لە زمانی نوسیندا بەکاردێن.

**٣. کلك:**

هەموو ڕستە و گوتارێك بە پێی شیکاری دابەشبوونی زانیاری، یان بە پێی دارِشتی زانیارییانە، دەتوانرێت زانیارییەکان بەشێکیان بە گرنگ و بایەخدار دابنرێت، وەك ناوەند، بە پێچەوانەشەوە هەندێکی تریان بەم جۆرە نەبێت، واتە وەك کەم بایەخ و زیادە سەیر بکرێن. لەم ڕووە وە کلك ئەو بەشەی ڕستەیە، کە زانیارییەکی سەربارە، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە و ئاشکراکردنی ناوەند بەکاردێت، بە گشتیش دەکەوێتە کۆتایی پێکهاتەکەوە ((حنان: ٢٠٠٦: ٧٩)). وەك:

٢٤- هەواڵێکی هەڵبەستراو لە میدیا عەرەبییەکان بلاّو بۆتەوە گوایە بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە هەوڵێکی تیرۆریستی بریندار بووبێ، ئەم هەواڵە سەرتاپای هەڵبەستراوە و هیچ ڕاستیەکی بۆ نییە، چونکە جەنابی سەرۆك بارزانی بە سەفەرێکی تایبەت لە دەرەوەی وڵاتە و ئەم سەفەرەش هیچ پێوەندی بە تەندروستی بەڕێزیانەوە نییە بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم هەواڵە بەدرۆ بخەینەوە....

خەبات

٢٤ / ١١ /٢٠٠٧

ژ: ٢٦٨٥

٢٥- له چەند مانگی ڕابردوودا، گۆڕانکاری له نێو کابینەی نوری مالکیدا، یەکێ بوو لە مشتومڕەکانی هێزه سیاسییه بەشدارەکانی ناو پەرلەمان و حکومەتی عیراق، داواکردنی وەزارەتێك لەلایەن لیستی یەکگرتوو وەوە، بەشێکه لەو داخوازیانەی کە له دوای ئەو مشتو مڕانەوە دروست بووە....

هاولاتی

٢٨ / ٣ / ٢٠٠٧

ژ: ٣١٩

بە ووردبوونەوە لەسەرەتای هەردوو دەقەکە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەم بەشانەی هەردوو چیرۆکە هەواڵەکە، تەنیا بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی زانیارییە گرنگەکان هاتووە، له هەردوو دەقەکەشدا، ئەم زانیارییانە کەوتوونەتە کۆتاییەوە، بۆیە بە کلك دادەنرێن.

بۆ دەست نیشانکردنی زانیاریی کۆن و نوێ و چۆنیەتی دابەشبوونیان، لە چیرۆکە هەواڵی کوردیدا، چەند دەقێك شیدەکەینەوە:

٢٦- بە پێی هەواڵی ماڵپەڕەکانی وەزارەتی ناو خۆی ئێران و فەرمانداری شاری ورمێ ، ژنێکی کورد بەناوی خەدیجە منسوری لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی شاری ورمێ پلەی یەکەمی بەدەستهێنا ، لەکۆی ٩ ئەندامی هەڵبـژێردراو شوهرا شەهرزاد ، کەژنێکی کوردە ، لەپلەی چوارەمدا هاتوە ، کوردێکی تریش بەناوی عابد فتاح لە پلەی شەشەم دایە ، شایەنی باسە ، ئەمە یەکەمین جارە کورد بەشداری بەڕێوەبردنی شار بکات ، ساڵانی ڕابردوو هەموو ئەندامانی بەڕێوە بردن لەنەتەوەی ئازەر بوون ،دانیشتوانی شاری ورمێ لە هەردوو نەتەوەی کورد و ئازەر پێکهاتوون ، خەدیجە منسوری خەڵکی تەنگەوەڕی ورمێ یە و هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لەیاسادا لەوەزارەتی دادی ئێران کاری کردووە.

بە پێی هەواڵی ماڵپەڕەکانی وەزارەتی ناو خۆی ئێران و فەرمانداری شاری ورمێ

↓

باس

**- ژنێکی کورد بەناوی خەدیجە منسوری لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی شاری ورمێ پلەی یەکەمی بەدەستهێنا.**

**خواس   (( زانیاری نوێ ))**

**- لەکۆی ٩  ئەندامی هەڵبـژێردراو شوهرا شەهرزاد ، کەژنێکی کوردە ، لەپلەی چوارەمدا هاتوە**

**خواس**

**- کوردێکی تریش**

**باس**

**- بەناوی عابد فتاح لە پلەی شەشەم دایە**

**خواس**

**- شایەنی باسە ، ئەمە یەکەمین جارە کورد بەشداری بەڕێوەبردنی شار بکات ، ساڵانی ڕابردوو هەموو ئەندامانی بەڕێوە بردن لەنەتەوەی ئازەر بوون .**

**خواس**

**- دانیشتوانی شاری ورمێ   لە هەردوو نەتەوەی کورد و ئازەر پێکهاتوون**

**باس   خواس**

- خەدیجە منسوری  خەڵکی تەنگەوەڕی ورمێ یە و هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لەیاسادا لەوەزارەتی دادی ئێران کاری کردووە

**باس   خواس**

**باس ← خواس ← خواس ← باس ← خواس ← خواس**

**باس ← خواس ← باس ← خواس**

**کوردستانی نوێ**

**٢٠٠٦/١٢/٢٥**

**ژ:٤١٥٥**

٢٧- سەرچاوە حکومییەکان دوێنێ ڕایان گەیاند ، کەوا سبەی دووشەممە ٢٠٠٧/٣/١٩ تەها یاسین ڕەمەزانی جێگری سەرۆکی لەسێدارە دراوی عێراق سەدام حسێن لە سێدارە دەدرێت ، بەڵام سەرچاوەکان هیچ وردەکاریەکیان ڕانەگەیاند تەنیا ئەوەندە نەبێت ، کەسەر لەبەیانی ڕۆژی دووشەممە "سبەینێ " حوکمی لە سێدارە درانەکەی جێبەجێ دەکرێت ، شایانی باسە ، دادگای تەمیز ، ڕۆژی پێنج شەمەی ڕابردوو تەئکیدی لەسەر حوکمی لە سێدارەدانی ڕەمەزان کردەوە ،کە پێشتر لە حوکمی هەتا هەتاییەوە گۆڕابوو بۆ لە سێدارەدان ،

سەرچاوە حکومییەکان دوێنێ ڕایان گەیاند

↓

باس

- کەوا سبەی دووشەممە ٢٠٠٧/٣/١٩ تەها یاسین ڕەمەزانی جێگری سەرۆکی لەسێدارە دراوی عێراق سەدام حسێن لە سێدارە دەدرێت

↓

خواس

- بەڵام سەرچاوەکان هیچ وردەکاریەکیان ڕانەگەیاند تەنیا ئەوەندە نەبێت ، کەسەر لە بەیانی ڕۆژی دووشەممە "سبەینێ " حوکمی لە سێدارە درانەکەی جێبەجێ دەکرێت ،

↓

خواس

- شایانی باسە ، دادگای تەمیز

↓ باس

- ڕۆژی پێنج شەمەی ڕابدوو تەئکیدی لەسەر حوکمی لە سێدارەدانی ڕەمەزان کردەوە ،کە پێشتر لە حوکمی هەتا هەتاییەوە گۆڕابوو بۆ لە سێدارەدان ،

↓

خواس

باس ← خواس ← خواس ← باس ← خواس

**خەبات**

**یەك شەممە ٢٠/٣/١٨**

**ژ: ٢٤٤١**

**٢٨- زیاتر لە ٣٠ خۆپێشاندەری عێراق ، توانیان دەست بەسەر باڵیۆزخانەی عێراق لە لاهایدا بگرن ، بەمەبەستی نارەزایی دەربڕینی دژ بە سیاسەتی ڕژێمی سەدام حسین ، بەتایبەتی سیاسەتی ئەو ڕژێمە دژ بە خەڵكی كوردستان ، خۆ پێشاندەرەكان داوایان كرد شوێنی ئەو باڵیزخانەیە ببێتە ناوەندێكی ئاشتی نێودەوڵەتی .**

**زیاتر لە ٣٠ خۆپێشاندەری عێراق**

**باس**

- **توانیان دەست بەسەر باڵیۆزخهانەی عێراق لە لایدا بگرن**

**خواس**

- **بەمەبەستی نارەزایی دەربڕینی دژ بە سیاسەتی ڕژێمی سەدام حسین**

**خواس**

- **بەتایبەتی سیاسەتی ئەو ڕژێمە دژ بە خەڵكی كوردستان**

**خواس**

- **خۆ پێشاندەرەكان** ← **باس**

**داوایان كرد شوێنی ئەو باڵیزخانەیە ببێتە ناوەندێكی ئاشتی نێودەوڵەتی .** ← **خواس**

باس ←── خواس ←── خواس ←── خواس ←── باس ←── خواس

رێگای کوردستان

٢٩- د. نوری رۆژ شاوەیسی – ی جێگری سەرۆکی عێراق رایگەیاند ، کە حکومەتی عێراق ئێستا کار بۆ ئەوە دەکات هەڵبژاردنە گشتییەکانی وڵات لە وادەی دیاریکراودا بەرێوە بچن و دوانەخرێت ئەگەر چی هەندێك کەم و کورتی لە ئارادایەو ئەو کەم و کورتیانە کاریگەری خۆیان دەبێت .لەسەر بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان ، نا ئارامی هەندێك ناوچە ڕەنگە ببێتە ڕێگر لەبەردەم بەشداریکردنی ئەو ناوچانە لە پرۆسەی دەنگداندا ، بەلام نابێتە هۆی دواخستنی .

- د. نوری رۆژ شاوەیسی – ی جێگری سەرۆکی عێراق رایگەیاند

↓

باس

- کە حکومەتی عێراق ئێستا کار بۆ ئەوە دەکات هەڵبژاردنە گشتییەکانی وڵات لە وادەی دیاریکراودا بەرێوە دەچن و دوانەخرێت ئەگەر چی هەندێك کەم و کورتی لە ئارادایەو ئەو کەم و کورتیانە کاریگەری خۆیان دەبێت لەسەر بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان

↓

خواس

- شاوەیسی گوتی

↓

باس

- نا ئارامی هەندێك ناوچە ڕەنگە ببێتە ڕێگر لەبەردەم بەشداریکردنی ئەو ناوچانە لە پرۆسەی دەنگداندا ، بەلام نابێتە هۆی دواخستنی

↓

خواس

باس ←── خواس ←── باس ←── خواس

ئالای ئازادی

٢ شەممە ٢٠٠٤/١١/٨

ژ:٥٨٩

٣٠- رۆژی هەینی ڕابردوو پۆلیسی ئەڵمانیا ، مەئمون دەرگزللی – یان دەستگیرکرد ، کەبەڕەچەلەك خەلکی سوریایە و بەرپرسێکی پایەبەرزی رێکخراوی ئەلقاعدەیە، پۆلیسی ئەڵمانیا ئاشکرای کرد کە دادوەرانی ئیسپانیا ناوی ئەو گومانلێکراوەیان وەك کەسێتییەکی سەرکردەی ئەلقاعدە ناوبردووەو بەیاریدەدەری بن لادن – ی دەزانن لە ئەوروپا ، بۆیە لەلایەن دادگای هامبۆرگەوە بڕیاردراوە ناوبراو تەسلیم بەدادگای ئیسپانیابکرێتەوە .

- رۆژی هەینی ڕابردوو پۆلیسی ئەڵمانیا

خواس باس

- مەئمون دەرگزللی – یان دەستگیرکرد ،کەبەڕەچەلەك خەلکی سوریایە و بەرپرسێکی پایەبەرزی رێکخراوی ئەلقاعدەیە

خواس

- پۆلیسی ئەڵمانیا،

باس

- ئاشکرای کرد کە دادوەرانی ئیسپانیا ناوی ئەو گومانلێکراوەیان وەك کەسێتییەکی سەرکردەی ئەلقاعدە ناوبردووەو بەیاریدەدەری بن لادن – ی دەزانن لە ئەوروپا

خواس

- بۆیە لەلایەن دادگای هامبۆرگەوە بڕیاردراوە ناوبراو تەسلیم بەدادگای ئیسپانیا بکرێتەوە .

خواس

باس ← خواس ← باس ← خواس ← خواس

ئاڵای ئازادی

٢ شەممە ٢٠٠٤/١١/٨

ژ: ٥٨٦

٣١- كاردۆ محمەد سەرۆكی دەزگای هەڵبژاردنی یەكێتی ، لەسەرداوای ئەندامێكی مەكتەبی سیاسی ، كەتۆمەتباری كردبوو ، بەوەی كەخۆی بەشێكە لەتەكەتول لەسەركار لابرا ، سەرچاوەیەكی ئاگادار ڕایگەیاند، كەبەبڕیاری تاڵەبانی ئەمڕۆ هێنراوەتەوە سەر كارەكەی خۆی ، لەپەیوەندییەكدا كاردۆ محمد هەواڵەكەی پشت ڕاست كردەوەو، ئاماژەی بۆئەوە كرد كەئەو كێشەی لەگەڵ مەكتەب ڕێكخستندا بووە .

- كاردۆ محمد سەرۆكی دەزگای هەڵبژاردنی یەكێتی

باس

- لەسەرداوای ئەندامێكی مەكتەبی سیاسی ، كەتۆمەتباری كردبوو ، بەوەی كەخۆی بەشێكە لەتەكەتول لەسەركار لابرا

خواس

- سەرچاوەیەكی ئاگادار ڕایگەیاند

باس

- كەبەبڕیاری تاڵەبانی ئەمڕۆ هێنراوەتەوە سەر كارەكەی خۆی

خواس

- لەپەیوەندییەكدا كاردۆ محمد هەواڵەكەی پشت ڕاست كردەوەو

باس

- ئاماژەی بۆئەوە كرد كەئەو كێشەی لەگەڵ مەكتەب ڕێكخستندا بووە

خواس

باس ← خواس ← باس ← خواس ← باس ← خواس

ئاوێنە

٣شەممە ٣١ / ١٠ / ٢٠٠٣

ژ: ٤٢

٣٢- سەرۆكی لیستی یەكگرتوی ئیسلامی لەپەرلەمانی عێراق ئاشكرایكرد ، كەلیستەكەیان لەیاداشتێكدا داوای وەزارەتێكیان كردوە لەكابینەكەی نوری مالیكی سەرۆك وەزیرانی عێراق ، محمەد ئەحمەد سەرۆكی لیستی ناوبراو ، ئاماژەی بۆئەو یاداشت دەكات ، كەئاراستەی سەرۆك وەزیرانی عێراقیان كردوەو دەڵێت : داوامانكردوە ئەگەر گۆڕن كاری پێكرا وەزارەتێكی خزمەت گوزاری بدرێتە لیستی یەكگرتوو ، لەچەند مانگی ڕابردودا گۆڕانكاری لەنێو كابینەكەی نوری مالیكیدا یەكێ بوو لەمشتومڕەكانی هێزە ساسیە بەشدارەكانی ناو پەرلەمانی حكومەتی عێراق ، داواكردنی وەزارەتێك لەلایەن لیستی یەكگرتووی ئیسلامیەوە ، بەشێكە لەو داخوازیانەی ، كەلەدوای ئەو مشتو مڕانەوە دروستبووە .

- سەرۆكی لیستی یەكگرتوی ئیسلامی لەپەرلەمانی عێراق ئاشكرایكرد

باس

- كەلیستەكەیان لەیاداشتێكدا داوای وەزارەتێكیان كردوە لەكابینەكەی نوری مالیكی سەرۆك وەزیرانی عێراق

محمەد ئەحمەد

خواس

سەرۆكی لیستی ناوبراو

باس

- ئاماژەی بۆئەو یاداشت دەكات ، كەئاراستەی سەرۆك وەزیرانی عێراقیان كردوەو دەڵێت : داوامانكردوە ئەگەر گۆڕان كاری پێكرا وەزارەتێكی خزمەت گوزاری بدرێتە لیستی یەكگرتوو

خواس

- لەچەند مانگی ڕابردودا گۆڕانكاری لەنێو كابینەكەی نوری مالیكیدا یەكێ بوو لەمشتومڕەكانی هێزە ساسیە بەشدارەكانی ناو پەرلەمانی حكومەتی عێراق .

خواس

- داواكردنی وەزارەتێك لەلایەن لیستی یەكگرتووی ئیسلامیەوە

باس

- بەشێكە لەو داخوازیانەی ، كەلەدوای ئەو مشتو مڕانەوە دروستبووە .

خواس

باس ← خواس ← باس ← خواس ← خواس ← باس ← خواس

هاولاتی

٤ شەمە٢٨ / ٣ / ٢٠٠٧

ژ: ٣١٩

٣٣- بەگوێرەی سەرچاوە تایبەتەكان ، تائێستا عیزەت دووری ئەمینداری گشتی حیزبی بەعس ، دوو نەشتەر گەری بۆكراوەو ژیانی لەمەترسیدایە و پێدەچێت بەم نزیكانە بمرێت ، سەرچاوە یەكی تایبەت بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند ، ئەو نەشتەر گەریە پێنج شەمەی ڕابردوو بۆی كراوە بۆڕیخۆڵە ئەستورەی بوەو باری تەندروستی زۆر خراپە ، پێشتر نەشتەر گەری مەعیدەی بۆكراوەو لەجێگەی ئەوشوێنانەش ، نەشتەرگەرییەكانیان بۆكراوە ئەندامی دەستكردیان بۆداناوە .

بەگوێرەی سەرچاوە تایبەتەكان

باس

- تائێستا عیزەت دووری ئەمینداری گشتی حیزبی بەعس ، دوو نەشتەر گەری بۆکراوەو ژیانی لەمەترسیدایە و پێدەچێت بەم نزیکانە بمرێت

خواس

- سەرچاوە یەکی تایبەت      بەرۆژنامەی ڕاگەیاند

باس      خواس

- ئەو نەشتەر گەریە پێنج شەمەی ڕابردوو بۆی کراوە بۆرپیخۆڵە ئەستورەی بوەو باری تەندروستی زۆر خراپە

خواس

- پێشتر نەشتەر گەری مەعیدەی بۆکراوەو لەجێگەی ئەوشوێنانەش ، نەشتەرگەرییەکانیان بۆکراوە ئەندامی دەستکردیان بۆداناوە

خواس

باس ← خواس ← باس ← خواس ← خواس ← خواس

ڕۆژنامە

٢ شەمە ٣٠/ ٧ / ٢٠٠٧

ژ: ٢٦

٣٤- دکتۆرفوئادحوسین سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ، هەواڵێکی هەڵبەستراوی میدیاعەرەبییەکانی بەدرۆخستنەوە ، کە گوایە سەرۆك بارزانی لەڕوداوێکی تیرۆرستیدا بریندار بوبێت ، هەواڵێکی هەڵبەستراوله میدیاعەرەبییەکاندا بلاّو بۆتەوە ، کەگوایە بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەهەوڵکی تیرۆرستی بریندار بوبێ ئەم هەواڵە سەرتاپای هەڵبەستراوەو هیچ ڕاستییەکی بۆنییە ، چونکە جەنابی سەرۆك بارزانی بەسەفەرێکی تایبەتی لەدەرەوەی وڵاتەو ئەم سەفەرەش هیچ پەیوەندی بەتەندروستی جەنابیانەوە نییە ، بۆیە بەپێویستمان زانی ئەم هەواڵە بەدرۆبخەینەوە .

- دکتۆرفوئادحوسین سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

باس

- هەواڵێکی هەڵبەستراوی میدیاعەرەبییەکانی بەدرۆخستنەوە ، کە گوایە سەرۆك بارزانی لەڕوداوێکی تیرۆرستیدا بریندار بوبێت

خواس

- هەواڵێکی هەڵبەستراوله میدیاعەرەبییەکاندا بلاّو بۆتەوە

باس

- کەگوایە بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەهەوڵکی تیرۆرستی بریندار بوبێ ئەم هەواڵە سەرتاپای هەڵبەستراوەو هیچ ڕاستییەکی بۆنییە ، چونکە جەنابی سەرۆك بارزانی بەسەفەرێکی تایبەتی لەدەرەوەی ولاّتەو ئەم سەفەرەش هیچ پەیوەندی بەتەندروستی جەنابیانەوە نییە

خواس

- بۆیە بەپێویستمان زانی ئەم هەواڵە بەدرۆبخەینەوە

باس خواس

باس ← خواس ← باس ← خواس ← خواس ← باس ← خواس

خەبات

٢٤ – ١١ – ٢٠٠٧

ژ:٢٦٨٥

٣٥- نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق ، بڕیاری ناردنی بڕیارەکانی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی "١٤٠ " بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵوەشاندۆتەوە ، قادر عەزیز نوێنەری سەرۆکایەتی هەرێم بۆ بەدواداچونی جێبەجێکردنی مادەی "١٤٠ " بە تایبەت بە کوردستانی – نویَ ی ڕاگەیاند ، دوێنی لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی پارتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستاندا ، سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێی ڕاگەیاندین کە شەوی ڕابردوو پەیوەندیەکی تەلەفۆنی لە لایەن موەفەق روبەیعی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیەوە پێگەیشتوە و پێی ڕاگەیاندوە ، کە ئەم بڕیارانەی لیژنەی جێبەجێ کردنی مادەی "١٤٠ " کە مالیکی دەیویست بینێرێت بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ پەسەند کردنیان ، ئەو بڕیارەی ئەو بڕیارەی خۆی هەڵوەشاندۆتەوە و ، بەوەش ئەو ئاستەنگەی هەبوو لەبەردەم جێبەجێکردنی بڕیارەکان نەماوە .

نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق

باس

- بڕیاری ناردنی بڕیارەکانی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی "١٤٠ " بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵوەشاندۆتەوە

خواس

- قادر عەزیز نوێنەری سەرۆکایەتی هەرێم بۆ بەدواداچونی جێبەجێکردنی مادەی "١٤٠ " بە تایبەت بە کوردستانی – نویَ ی ڕاگەیاند

خواس

- دوێنی لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی پارتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستاندا ، سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێی ڕاگەیاندین کە شەوی ڕابردوو پەیوەندیەکی تەلەفۆنی لە لایەن موەفەق روبەیعی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیەوە پێگەیشتوە و پێی ڕاگەیاندوە

خواس

- که ئەم بڕیارانەی لیژنەی جێبەجێ کردنی مادەی "١٤٠ " که مالیکی دەیویست بینێرێت بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ پەسەند کردنیان ، ئەو بڕیارەی ئەو بڕیارەی خۆی هەڵوەشاندۆتەوە

خواس بوو به باس

- بەوەش ئەو ئاستەنگەی هەبوو لەبەردەم جێبەجێکردنی بڕیارەکان نەماوە .

خواس

باس ← خواس ← خواس← خواس ← باس بەڵام خواس بووه← خواس

کوردستانی نوێ

٤شەممه ٢٠٠٧/٤/١٨

ژمارە / ٤٣٤٥

دوای شیکردنەوەی نمونەکان، ئەم ئامارە دەخەینەڕوو:

١) بەڕێژەی ٤٠٪ بەم ڕێرەوە زانیارییە دابەش دەبێت :

باس ←خواس ← باس ← خواس ← خواس ← باس ← خواس

٢) بەڕێژەی ٢٠٪ بەم ڕێرەوە :

باس ← خواس ← خواس ← خواس ← باس ← خواس

٣) بەڕێژەی ٢٠٪ بەم ڕێرەوە :

باس ← خواس ← خواس ← باس ← خواس

٤) بەڕێژەی ٢٠٪ بەم ڕێرەوە :

باس ← خواس ← باس ← خواس ← باس ← خواس

واتە دووبارە بوونەوەی ئاسایی دابەشبوونی زانیاری، کە بەگشتی لەگوتاری نموونەییدا بەدیدەکرێت.

٥) گۆڕان لە خواسەوە بۆ باس بەشێوەیەکی کەم دەبینرێت .

# ABSTRACT

*This dissertation is entitled "A Discourse Analysis of News Story". It has adopted an applied - pragmatic framework to the analysis of news story at the levels of syntax, communicative information and cohesion, using a corpus-based descriptive analytical approach.*

*The study consists of five chapters and a list of the references consulted.*

*Chapter one is a general review of news story, its elements, values, composition, and forms. It also deals with the objectives of discourse and its analysis.*

*Chapter two is entitled "The Linguistic Structure of News story". which touches upon the concept mentioned. It analyzes and exemplifies in detail such concepts as textual coherence, lexical cohesion, grammatical cohesion, textuality and the difference between cohesion, text, and textuality.*

*Chapter three is devoted to "The elements composition of news story in Kurdish journalism". It is concerned with the way complete and incomplete news story are structured as well as the presence and absence of its elements and how they are ordered. We have also specified in this chapter the linguistic materials through which the elements are encoded. Finally, we have offered some statistics about the linguistic forms, appearance, and ellipsis of the elements of news story.*

*Chapter four bears the title "the information structure of news story". Here, we have depended on the approaches of Prague Circle of Linguists and Halliday's Functional approach. Moreover, we have covered other essential topics such as information structure, sentence, beyond the sentence etc. The final topic, however, is intended to explain how information is structured and distributed into theme and rheme in new stories.*

*Chapter five is made up of the most outstanding conclusions drawn from the study followed by suggestions for further study.*

# ئه نجام

توێژینەوەکە دەمانگەیەنێتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- چیرۆکە هەواڵ وەڵامی ڕەگەزەکانی "کێ، کەی، لەکوێ، چی، چۆن، لەبەرچی" دەداتەوەو هەندێ زانیاری لەبارەیانەوە دەگەیەنێت، بەگشتیش چیرۆکە هەواڵی ڕۆژنامەی کوردی بەڕەگەزی "کەس" دەست پێدەکات، لەکاتی کورتکردنەوەی هەواڵدا، ڕەگەزی "چی" ناتوانرێت لابرێت، هەموو چیرۆکە هەواڵێکیش بەڕوداوێك لەدایك دەبێت، کە ڕەگەزی کات وەك بەهای هەنوکەیی لەدارشتنیدا گرنگی هەیە.

٢- کەرەستەی گەیاندنی ڕەگەزەکانی چیرۆکە هەواڵ بەگشتی ڕستەی هەوالگەیاندنەو ڕێژەی چیرۆکە هەواڵی کامڵ زۆر کەمە "٤٠٪"ە، بەپێچەوانەوە چیرۆکە هەواڵی ناکامڵ ڕێژەکەی "٦٠٪"ە، دیاردەیەکی تری ڕۆژنامەوانی کوردی، گۆڕینی کردارە بۆ ناوی ڕوداو، بەمەش ڕستەی بێ کردار بەرهەم دێت.

٣- چیرۆکە هەواڵ لەڕوی دارشتنی زانیارییانەوە بۆ بەشەکانی "باس ، ناوەند ، کلك" دابەش دەبێت، کەڕێگای باوی دارشتنی زانیارییانەش، بریتییە لە

((زانیاری کۆن "باس" ← زانیاری نوێ "خواس"))

بەڵام ئەم ڕێڕەوە مەرج نییە هەموو جارێك بەڕێکوپێکی بڕوات، بەڵکو زۆرجار شێوازی تر بەدیدەکرێت.

٤- لەدارشتنی زمانی چیرۆکە هەواڵدا، لکاندنی وشەیی بەکەمی بەشداری دارشتنی دەکات، بەپێچەوانەوە لکاندنی ڕێزمانی بەشێوەیەکی فراوان پێرەو دەکرێت، لەناو ڕێگاکانی لکاندنی ڕێزمانیشدا، بەستن لەوانی تر، چالاکترە، هەر لەم ڕێگایەدا، بریتیخستنی "بکەر، بەرکار، ئاوەڵکردار" زیاتر بەدیدەکرێتو بریتیخستنی کرداریش زۆر کەمە، دەقە ئاماژەی چاو لەدواش لەدارشتنی چیرۆکە هەواڵدا بەراورد بەجۆری تری دەق، جگە لەکەرەستەکانی ئاماژە، کەرەستەی تری هەیە.

# سەرچاوەکان

## یەکەم - بەزمانی کوردی


١. ئازاد ئەحمەد حسێن، ئەرکی ئەدڤێربڵ لەفراوانکردنی فرێزی کاریدا، لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە بەکەرەستەی دیالێکتی خواروو و هەورامی، نامەی ماجستێر"بڵاونەکراوە" کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠١.

٢. ئازاد ڕەمەزان عەلی، بنەما زمانییەکانی دارشتنی هەواڵ لەڕۆژنامە کوردییەکاندا، نامەی دکتۆرا"بڵاونەکراوە" کۆلێجی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٥.

٣. ئاواز حەمە صدیق بەگیخانی، ڕیزبوونی کەرەستە لەزمانی کوردی دا، نامەی ماجستێر"بڵاونەکراوە" کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٦.

٤. ئەبوبکر عومەر قادر، پرسیار لەزمانی کوردی دا، نامەی ماجستێر"بڵاونەکراوە" کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٣.

٥. ئەبوبەکر عومەر قادر، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لەزمانی کوردیو فارسی دا، نامەی دکتۆرا"بڵاونەکراوە" کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٣.

٦. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم. (وشەسازی) بەشی یەکەم (ناو)، بەغدا، ١٩٧٩.

٧. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم. (وشەسازی) بەشی دووەم (جێناو)، بەغدا، ١٩٨٧.

٨. ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، ئامراز لەزمانی کوردیدا، ناوەندی فەرهەنگو بڵاوکردنەوەی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، ١٩٨٨.

٩. بەکر عومەر عەلی، بەستنو کرتاندن لەکوردیدا، نامەی ماجستێر "بڵاونەکراوە" کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٢.

١٠. بەکر عومەر عەلی، میتافۆر لەڕوانگەی زمانەوانییەوە، نامەی دکتۆرا "بڵاونەکراوە" کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٠.

١١. بەکر عومەر عەلی، کاری لێکدراوو چەند سەرنجێك، گۆڤاری زانکۆ "زانستی مرۆڤایەتی" زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٩٢.

١٢. بەکر عومەر عەلی، ڕستەی شوێنکەوتوی ئەنجامو ڕستەی شوێتکەوتوی ئاگادارکردنەوە، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی B، ژمارە ١٢، کانونی یەکەم، ٢٠٠٣.

١٣. بێخاڵ عبدالله سعید، واتاسازی وشە، نامەی ماجستێر "بڵاونەکراوە" کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٨٩.

١٤. پەروین عثمان مصطفی عەللاف، واتاو وەرگێڕان، نامەی ماجستێر"بڵاونەکراوە" کۆلێجی زمان، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٨.

١٥. طالب حسێن عەلی، هەندێ لایەن لەپەیوەندی نێوان ڕستەو واتا لەکوردیدا، نامەی دکتۆرا"بڵاونەکراوە" کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٨.
١٦. حاتەم ولیا محەمەد، فرێزی ناوی‌و فرێزی کاری لەکرمانجی ژووروودا، نامەی ماجستێر"بڵاونەکراوە" کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٠.
١٧. دیار عەلی کمال کریم، ڕێزمانی کوردی ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان‌و گوێزانەوە، نامەی ماجستێر "بڵاونەکراوە" کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٢.
١٨. ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن کانەبی، پەیڕەوی فۆنیمە ناکەرتی یەکان لەکوردیدا، نامەی دکتۆرا"بڵاونەکراوە" کۆلێجی پەروەردەی ئیبن روشد، زانکۆی بەغدا، ١٩٩٨.
١٩. ڕەفیق محمد شوانی، ئامرازی بەستنەوە لەزمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا"بڵاونەکراوە" کۆلێجی پەروەردەی ئیبن روشد، زانکۆی بەغدا، ١٩٩٧.
٢٠.ساجدە عبدالله فەرهادی، ڕێزمانی بەندێتی‌و هەندێ لایەنی ڕستەی کوردی، نامەی ماجستێر"بڵاونەکراوە" کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٤.
٢١. ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی، ڕستەو پاش ڕستە تێڕوانینێکی ئەرکی، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٣.
٢٢.سازان رضا معین، واتاو دەوروبەر، نامەی ماجستێر "بڵاونەکراوە" کۆلێجی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٥.
٢٣.صباح ڕەشید قادر، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات‌و بەستنەوە "GB" لەزمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا "بڵاونەکراوە"، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٦.
٢٤.شلێر ڕەسوڵ محەمەد بەرزنجی، یاساکانی داڕشتنی لاڕستەی دیارخەری لەزمانی کوردیدا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٤.
٢٥.شێرکۆ حەمەئەمین قادر، مۆرفیمە بەندە لێکسیکی‌و ڕێزمانییەکان‌و ئەرکیان لەدیالێکتی گۆراندا، نامەی ماجستێر"بڵاونەکراوە" کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٢.
٢٦.شێرکۆ میرزا مەنگوڕی، ئاستەنگەکانی یەکەم لاپەڕە لەڕۆژنامەدا، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، چاپی یەکەم، کەرکوك، ٢٠٠٧.
٢٧.عەبدوڵا عەزیز محمد بابان، هایپۆنیم‌و هەندێ پەیوەندی واتایی لەزمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا "بڵاونەکراوە" کۆلێجی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٥.
٢٨.عەلی تاهیر حسێن، ڕەخنەی بونیادگەری لەتیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، ڕەخنەی شیعری کوردی بەنمونە، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٧.
٢٩.عیرفان مستەفا حمە ڕەحیم، ڕستەی ئاوێتە لەزاری سلێمانی‌و هەورامیدا، نامەی ماجستێر"بڵاونەکراوە" کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٣.
٣٠.عومەر سەید زادە، کورتەیەك دەربارەی هەواڵی ڕۆژنامە نوسین، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠١.

٣١. فەرەیدون عەبدول محەمەد، نادیاری لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردە لەنێوان دوو زاری کوردیدا، نامەی ماجستێر، "بڵاونەکراوە" کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٨.
٣٢.قەیس کاکل تۆفیق، جۆرەکانی ڕستەو تیۆری کردە قسەییەکان، نامەی ماجستێر، "بڵاونەکراوە" کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٥.
٣٣.قەیس کاکل تۆفیق، پەیوەندییەکانی نێو دەق، نامەی دکتۆرا "بڵاونەکراوە" کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٢.
٣٤. قەیس کاکل تۆفیق، ڕادە لەگرێی ناویدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی B، ژمارە ١١، ئەیلولی ٢٠٠٣.
٣٥.کازمی موعتەمەد نەژاد، ڕۆژنامەگەری، وەرگێرانی مەجید ساڵح، چاپی دووەم، ٢٠٠١.
٣٦.کۆرتیس ماکدۆگال، بنەماکانی هەواڵ نووسین، وەرگێرانی هەندرێن شێرزاد، بەشی چاپو بڵاوکردنەوەی ڕادیۆ نەوا، ٢٠٠٥.
٣٧.کوردستان موکریانی، سینتاکسی ڕستەی کوردی، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٠.
٣٨.محمود فتح الله احمد، کار تەواوکردن لەکوردی دا، نامەی ماجستێر "بڵاونەکراوە" کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٨٨.
٣٩.محەمەد عومەر عەول، دابەشبونی کرداری لێکدراو لەڕووی داڕشتنو ئەرکەوە، نامەی ماجستێر، "بڵاونەکراوە" کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠١.
٤٠.مەغدید سەپان، ژانرەکانی ڕۆژنامەوانیو مێژووی چاپخانە، ١٤٥٠ - ١٥٠٠، لەچاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٥.
٤١. محەمەد فەریق حەسەن، دەسەڵاتی چوارەمو زمانی تەلەفزیۆن دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٤٢.محەمەد فاروق عومەر صدیق، "دەستوری پێوەلکاندنی مرۆڤ ناو بەناوی باوکو باپیرو لەقەبەوە لەزمانی کوردیو چەند زمانێکی تردا" گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ؟، ژمارە ١١٨، بەغدا، ١٩٩٠.
٤٣. ملا عبدالکریم مدرسو فاتح عبدالکریم، دیوانی نالی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤.
٤٤. محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٠.
٤٥.محەمەد مەعروف فەتاح، "سەرەتا لەجۆرێك لەڕستەی کوردیدا" گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٢٨، بەغدا، ١٩٩٢.
٤٦.محەمەد مەعروف فەتاح، چیرۆکە هەواڵ لەنێوان بۆتەو زماندا، باس "بڵاونەکراوە".
٤٧.محەمەدی مەحویی: ڕستەسازی کوردی: زانکۆی سلێمانی: ٢٠٠١.
٤٨.نوری عەلی ئەمین، ئەرك و شوێنی ڕاناوە کەسی یەکان لەئاخاوتنی کوردیدا، بەغدا، ١٩٨٦.
٤٩.وریا عومەر ئەمین، بنچو سیماو یاساکانی گوێزانەوە، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٢١، ١٩٨٩.
٥٠.وریا عومەر ئەمین، ئامرازەکانی بەستن، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، ژمارە ٦٧، بەغدا، ١٩٨٤.

٥١. هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین، چەشنە ڕۆژنامە نووسییەکانو ڕەنگدانەوەیان لە "ژیانو ژین"دا، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٥٢.هەورامان وریا قانع، شۆڕشی فەڕەنسی ١٧٨٩ هۆیەکانی بەرپابوونو دەستکەوتەکانی، چاپخانەی ڕەنج، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦.
٥٣.هیدایەت عەبدوڵا محەمەد، پێشپرتك و پاشپرتك لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر "بڵاونەکراوە" کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٩
٥٤.هۆگر مەحمود فەرەج، پراگماتیكو واتای نیشانەکان، نامەی دکتۆرا، "بڵاونەکراوە" کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٠.
٥٥.یوسف شەریف سەعید، دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆڕو هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی، نامەی ماجستێر "بڵاونەکراوە" کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٠.
٥٦.یونس شوکرخاە، وەرگێڕانی ڕەحیم سورخی، هەواڵنووسینی مۆدێرن، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٧.
٥٧.یونس شوکرخاە، حسێن قەندی، نەعیم بەدیعی، وەرگێڕانی کارزان محەمەد، هەواڵو هەواڵنووسینی ڕۆژنامەوانی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.

**دووەم - بەزمانی عەرەبی:**

٥٨.أديب خضور، مدخل الى الصحافة نظرية وممارسة، الطبعة الثانية، دمشق، ٢٠٠٠.
٥٩.احمد مختار عمر، علم الدلالة، عالم الكتب، الطبعة الخامسة، ١٩٩٨.
٦٠.أحمد مداس، لسانيات النص نحو منهج لتحليل الخطاب الشعري، عالم الكتب الحديث، الطبعة الاولى، اربد، ٢٠٠٧.
٦١. أ. ف ، پالمر ، علم الدلالة، ترجمة، مجيد الماشطة، المكتبة الوطنية، بغداد، ١٩٨٥.
٦٢.جون لاينز، علم الدلالة، ترجمة مجيد عبدالحليم الماشطة، كلية الاداب، جامعة البصرة، ١٩٨٠.
٦٣. حبيب مال اللة ابراهيم، مفهوم الخطاب و سماته، بغداد، ٢٠٠٧.
٦٤. حسين نصر، سناء عبدالرحمن، التحرير الصحفي في عصر المعلومات، (الخبر الصحفي) الطبعة الثانية، دار الكتاب الجامعي، العين — الإمارات العربية المتحدة، ٢٠٠٤.
٦٥. حنان اسماعيل عمايرة ، التراكيب الاعلامية في اللغة العربية، الطبعة الاولى، دار وائل للنشر، ٢٠٠٦.
٦٦.دومينيك مانغونو، ترجمة: محمد يحياتن، المصطلحات المفاتيح للتحليل الخطاب، الطبعة الاولى، منشورات الاختلاف، الجزائر، ٢٠٠٨.
٦٧.شحدة فارع، جهاد حمدان، موسى عمايرة، محمد الغسان، مقدمة في اللغويات المعاصرة، الطبعة الثالثة، دار وائل للنشر، الاردن، ٢٠٠٦.
٦٨.صلاح فضل، نظرية البنائية في النقد الادبي، الطبعة الثالثة، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٧.

٦٩. عبدالستار جواد، صناعة الأخبار، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، بلا ، بلا ....
٧٠. عبدالستار جواد، فن كتابة الاخبار، عمان – الاردن، ٢٠٠٢.
٧١. عبداللطيف حمزة، المدخل في فن التحرير الصحفي، الطبعة الخامسة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ٢٠٠٢.
٧٢. عبداللطيف حمزة، المدخل في فن التحرير الصحفي، الطبعة الخامسة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ٢٠٠٢.
٧٣. عبدالنبي خزعل، فن تحرير الأخبار في الاذاعات الدولية بين التوظيف والموضوعية، الطبعة الاولى، الدار العلمية الدولية للنشر والتوزيع ودار الثقافة للنشر والتوزيع، الاردن، ٢٠٠٣.
٧٤. عبدالنعيم خليل، نظرية السياق بين القدماء والمحدثين دراسة لغوية نحوية دلالية، الطبعة الاولى، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الاسكندرية، ٢٠٠٧.
٧٥. فاروق أبو زيد، ليلى عبدالمجيد، فن التحرير الصحفي مركز جامعة القاهرة للتعلم المفتوح، ٢٠٠٠.
٧٦. فردينان دى سوسير، علم اللغة العام، ترجمة يوئيل يوسف عزيز، دار افاق العربية، بغداد، ١٩٨٥.
٧٧. كلاوس هيشن، ترجمة: الدكتور سعيد حسن خيري، القضايا الاساسية في علم اللغة، مؤسسة المختار للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٣.
٧٨. لورينو تود، (مدخل الى علم اللغة)، ترجمة: د.مصطفى التوني، مطابع الهيئة المصرية العامة، ١٩٩٤.
٧٩. محمد حسن عبدالعزيز، لغة الصحافة المعاصرة، المركز العربي للثقافة والعلوم، بيروت، ١٩٨٠.
٨٠. محمد علي الخولي، مُعجم عِلم اللغة النظري، انگليزى – عربي، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٨٢.
٨١. محمد محمد يونس علي، مقدمة في علمي الدلالة والتخاطب، الطبعة الاولى، دار الكتب الوطنية، بنغازى، ليبيا، ٢٠٠٤.
٨٢. محمد محمد يونس علي، مدخل الى اللسانيات، الطبعة الاولى، دار الكتاب الجديد المتحدة، بنغازي، ٢٠٠٤.
٨٣. مورى برين، ترجمة وتصدير، حمدي قنديل، احمد سعيد عبدالحليم، أخبار التليفزيون بين التحليل والتنفيذ، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٧٢.
٨٤. ميشيل ما كارثي، ترجمة: عبدالجواد توفيق محمود، قضايا في علم اللغة التطبيقي، الطبعة الاولى، القاهرة، ٢٠٠٥.
٨٥. ميلكا افيتش، اتجاهات البحث اللساني، ترجمة: د.سعيد عبدالعزيز مصلو، وفاء كامل، ١٩٩٦.

٨٦.نوم جومسكى، ترجمة د.بؤيل يوسف عزيز، البنى النحوية، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٧.

٨٧.يحيى عباينة، آمنة الزعبي، علم اللغة المعاصر مقدمات وتطبيقات، الطبعة الاولى، اربد، عمان، ٢٠٠٥.

## سێیەم - بەزمانی فارسی:

٨٨. كورش صفوى، "معنى شناسى كاربردى" تهران، انتشارات همشهرى، ١٣٨٢.

٨٩. لطف الله يار محمدى، گفتمان شناسى رايجو انتقادى، انتشارات هرمس، چاپ اول، طهران، ١٣٨٣.

## چوارەم - بەزمانی ئینگلیزی:

90. Aitchison, (1999). Teach Yourself Linguistics. (5th Ed.) London ; Hodder and Stoughton Educational.

91. Black, J., Bryant, Jand Thompson, S (1997). Introduction to Media Communication. (5th Ed) Boston; McGraw-Hill.

92. Böjars and Burridge (2001) Introducing English Grammar. Oxford University press : London.

93. Brown, Gillan and Yule, George (1983). Discourse Analysis. Cambridge: Cambridge university press.

94. Cook, Guy (1989) Discourse, Oxford University Press.

95. Cook, Guy (2003). Applied Linguistics. Oxford University Press.

96. Crystal, D. (2003). A Dictionary of Linguistics and Phonetics. (5th Ed) Oxford : Blackwell.

97. Fattah M.M. (1997). A Generative Grammar of Kurdish. An un-published Doctoral Dissertation, Holland; Amsterdam University.

98. Fattah, M.M. (1999) Clitcization vs inflection A re-analysis of some linguistic forms in kurdish, Zanco, No. (7), Salahaddin University - Arbil.

99. Fraser F. Bond (1973). An Introduction to Journalism. Macmillan.

100. Halliday, M (1967). “Notes on transitivity and theme in English” part 1 and 2. Journal of Linguistics vol. 3, No 2, pp 199-244.

101. Haliday, Michael and Ruqaiya Hassan (1976) Cohesion in English. 4th ed. London: Longman.

102. Jwad, Farooq, (2007), Themantic Meaning in English, an un-puplished, Doctoral Dissertation, Koya University.

103. Laurence R.Horn and Gregory Ward, (2007) The Handbook of Pragmatics: Black well.

104. Leech, Geoffery (1983) Principles of Pragmatics. London: Longman.

105. Levinson, S (1983) Pragmatics, Cambridge: Cambridge University Press .

106. Rasul, Kawa Abdulkareem The Syntax of Journalism with Reference to English and Kurdish, Unpublished MA Thesis College of Languages, University of Salahaddin – Erbil, 2006.
107. Rich, G. (2003) Writing and Reporting News, (4th Ed) London, Addison wesly Longman.
108. Richards.C.Jack , R.Schmidt. (2002) Longman Dictionary of Language Teaching and Applied Linguistics. 3rd ed. Longman pearson Education limited.
109. Roy, B.Cynthia (2000). Interpreting as a Discourse process, oxford university press: London.
110. Salkie, Rafael (1997) Text and Discourse Analysis, Routledge, London.
111. Spenader, Jennifer (1997). Refining Criteria for the potential to bear new and given. hand out. Html, accessed on, 24-9- 2005.
112. Slem Brouk, Stef (2006). What is meant by "discourse analysis"? Ghent university, Belgium, http// bank.agent.be/da/da htm.
113. Stovall, J.G. (2006) Writing for the Mass Media (6th Ed) Boston, Pearson Education.
114. Trask, R.L. (1999) Key concepts in language and Linguistics Routledge : London and New York.
115. Widdowson, H.Q. (1996) Linguistics: Oxford University Press.
116. Yule, G (2006) The study of language: New York : Cam bridge university press.

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| Refernce | ئاماژە |
| Theme | باس |
| Conjunction | بەستن |
| The News Values | بەهاکانی چیرۆکەهەواڵ |
| Substitution | بریتیخستن |
| Cohesion | پتەوی دەق |
| Competence | توانستی زمان |
| Anaphor | چاو لەپێش |
| Cataphora | چاو لەدوا |
| News story | چیرۆکە هەواڵ |
| Complete News Story | چیرۆکە هەواڵی کامڵ |
| In Complete News Story | چیرۆکە هەواڵی ناکامڵ |
| Rheme | خواس |
| Language Structure | دارشتنی زمانی |
| Information Structure | دارشتنی زانیارییانە |
| Elements Structure | دارشتنی ڕەگەزی |
| Text | دەق |
| Choerence | دەقایەتی |
| Endophora | دەقە ئاماژە |
| Exophora | دەرە ئاماژە |
| The Elements of news story | ڕەگەزەکانی چیرۆکە هەواڵ |

| | |
|---|---|
| Discourse Analysis | شیکارکردنی گوتار |
| Ellipsis | کرتاندن |
| Tail | کلك |
| Discourse | گوتار |
| presupposltion | گریمانەی پێشینە |
| Grammatical Cohesion | لکاندنی ڕێزمانی |
| Lexical Cohesion | لکاندنی وشەیی |
| Un text | نادەق |
| focus | ناوەند / تیشکۆ |